# ٧ رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.471 Tue 19/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 471 سێشەممە 19/ 5/ 2009


**ئەوکاتەی دیموکراسییانە تۆڵەدەکرێتەوە**

ل٧



**مومتاز حەیدەری: هەر دەسەڵاتێک بیەوێت میدیا لغاو بکات، شکستدەهێنێت**

ل٥

## بەپێی یاسا نابێت دوو هێزی ئاسایش هەبێت

# پەرلەمان نەیهێشت هێزەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی یەکبخرێنەوە

رۆژنامە

سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشنیازی چەند پەرلەمانتارێک فەرامۆشدەکات، کە داوایانکرد هێزەکانی ئاسایش بخرێتە چوارچێوەی پرۆژەیاسای کاری وەزارەتی ناوخۆوە، بەوهۆیەشەوە هێزەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی وەک دوو دەزگای سەر بەحیزب مانەوە، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر کەسێک گرفتی لەگەڵ ئاسایش هەبێت پەرلەمان نازانێت کێ بانگ بکات بۆئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بەوپێیەی تائێستا هیچ لایەنێکی حکومیی وەکو مەرجەعی هێزەکانی ئاسایش دیارینەکراوە.

لەدانیشتنی دوینێی پەرلەمانی کوردستاندا کە تایبەت بوو بەگفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، دۆسییەی هێزەکانی ئاسایش نەخرایە نێو گفتوگۆی پرۆژەیاساکەوە، ئەوەش دوای ئەوە هات، کە چەند پەرلەمانتارێک پێشنیازیانکرد هێزەکانی ئاسایش پێویستە سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بنو لەژێر کۆنترۆڵی حیزب دەربهێنرێن، بەڵام بەوتەی ئەو پەرلەمانتارانە سەرۆکی پەرلەمان رێگەی پێنەداون گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن.

کوێستان محەمەد، پەرلەمانتار لەسەر فراکسیۆنی سەوز، لەوبارەیەوە باسی لەوە کرد، کە زیاتر لەسێ ساڵونیوە حکومەت یەکیگرتووەتەوە، بەڵام تائێستا دوو دەزگای ئاسایشمان هەیە، کە کەس نازانێت ئەم هێزانە لەڕووی یاساییەوە سەر بەکێن، وتیشی: «بۆیە ئەو دۆسیەیە نەخرایە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی ناوخۆوە بۆئەوەی وەک دوو هێز بمێننەوەو یەکنەگرنەوەو کەسیش نەزانێت ئەم هێزانە بەکێوە پابەندن».

وردەکاریی لە ل٣دایە

## چاودێری دارایی دووپاتیدەکاتەوە:

# سەرۆکی پەرلەمان پێیوتین کار بە یاسا نوێیەکە نەکەین تا دیوانەکانی چاودێری یەکنەگرنەوە

رۆژنامە

دەزگای چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان (هەولێر)، دووپاتیدەکەنەوە کە سەرۆکی پەرلەمان پێیڕاگەیاندوون تاوەکو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی یەکنەگرنەوە کار بە یاسا نوێیەکە نەکەن، ئەویش دوای سەردانێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانو لیژنەی یاسایی هات کە رۆژی ٢٠٠٨/٧/١ بۆ دەزگای چاودێری دارایی (هەولێر) ئەنجامیاندابوو.

دەزگای چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان (هەولێر)، لە روونکردنەوەیەکیاندا کە کۆپیەکی بۆ رۆژنامە نێردراوەو دەقەکەی لەلاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن، «رۆژی ٢٠٠٨/٧/١ شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانو سکرتێرو سەرۆکی لیژنەی یاسایی سەردانیان کردینو لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەش دوای گفتوگۆکردن، سەرۆکی پەرلەمان پێیڕاگەیاندین، تاوەکو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی یەکنەگرنەوە کار بە یاسا نوێیەکە مەکەن».

ئەو روونکردنەوەیەی دەزگای چاودێری دارایی دوای ئەوە هات کە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە نووسراوێکیاندا نکۆڵییان لەوە کردبوو کە بە دەزگای چاودێری داراییان وتبێت کار بە یاسا نوێیەکە مەکەن.

لەکۆتایی روونکردنەوەکەیاندا دەزگای چاودێری دارایی نووسیویانە «ئێمە سەرسوڕمانی خۆمان رادەگەیەنین، کە ئایا چ کاتێکو بەچ نووسراوێک لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە چاودێری دارایی راگەیاندووە کە کار بە یاسا نوێیەکە بکەین».

**وردەکاریی کشانەوەی حەوت قەوارە لە هەڵبژاردنەکاندا**

ل٣

# «هەر کادیرێک کار بۆ لیستی گۆڕان بکات بە خائین لە قەڵەمی دەدەین»

بەرهەم خالید

بەبڕیاری جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندەکانی یەکێتی دەستیانکرد بەدەرکردنی ئەو کادیرانەی کە لایەنگری لیستی گۆڕان دەکەن، بەرپرسی مەڵبەندی یەکی یەکێتیش ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکێتی پەیڕەو و پرۆگرامی هەیەو ئەوەی دژی ئەو پەیڕەوە کاربکات لە دەرەوەی یەکێتیە، هاوکات بەرپرسو ١٠ کادیری کۆمیتەی (٧)ی رێکخستنی شێخ محێدین لەشاری سلێمانی پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە کرد.

شاهێن حەمەڕەزا لێپرسراوی کۆمیتەی (٧)ی رێکخستنی شێخ محێدین بە سبەی راگەیاند: «دوێنێ ئەنجومەنی کۆمیتەکەمان لەگەڵ لێپرسراوی مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی کۆبووەوەو لە کۆبوونەوەکەدا لێپرسراوی مەڵبەند پێیوتین، بەبڕیاری جەنابی مام جەلال ئەو کەسانەی لەناو یەکێتیدانو کار بۆ لیستی کوردستانی (پ.د.ک - ی.ن.ک) ناکەن، دەبێت یەکێتی بەجێبهێڵن».

وتیشی: «بەرپرسی مەڵبەند پێشی وتوین، هەر کەسێک لەناو یەکێتیو بەپلەو پایەو پارەی یەکێتی کار بۆ لیستی گۆڕان بکات، ئێمە بە خائینی لە قەڵەمدەدەین».

لێپرسراوی کۆمیتەی (٧)ی رێکخستنی شێخ محێدینی یەکێتی رایگەیاند، خۆیو (١٠) کادیری ئەو کۆمیتەیە رایانگەیاندووە: «ئێمە باوەڕمان بە بەرنامەو کارەکانی ئەو لیستە هەیە، بۆیە ناتوانین کار بۆ پرۆژەیەک نەکەین کە بە راستی بزانین، بۆیە بڕیارماندا کە لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە پێکەوە کاربکەین بۆ سەرخستنی لیستی گۆڕان».

لە بەرامبەردا بەرزان ئەحمەد کوردە، لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە ناوخۆی یەکێتیەوە هەیە، «ئێمە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆمان هەیە، ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا ئیش بکات سەرچاومان، ئەوەشی دژی پەیڕەو ئیش بکات لە دەرەوەی یەکێتیە».


گوندی ئەڵمانی دوو

nalia co.

ئێستا بە دڵی خۆت باشترین جێگەو باشترین روو هەڵبژێرە لە گوندی ئەڵمانی دوو

بۆ ئەوەی وەک گوندی ئەڵمانی یەک لە دەستی دووی نەکرێتەوە

شوقەی 145مەتر دووجا بەقیستی پێنج ساڵ و بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بچێتەسەر

بە نرخی 80,000دۆلار

هەروەها ڤێلامان هەیە بەم رووبەرانە: 360م² - 550م² - 750م² - 1410م²

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گەرەکی تووی مەلیک

07701574880 07501574880

# پەرلەمان نەیهێشت هێزەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی لەچوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ یەکبخرێنەوە

## بەپێی یاسا نابێت دوو هێزی ئاسایش هەبێت

**سامان بەشارەتی**

سەرۆکی پەرلەمان پێشنیازی چەند پەرلەمانتارێک فەرامۆشدەکات، کە داوایانکرد هێزەکانی ئاسایش بخرێتە چوارچێوەی پرۆژەیاسای کاری وەزارەتی ناوخۆوە، بەوهۆیەشەوە هێزەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی وەک دوو دەزگای سەربەخۆ مانەوە، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر کەسێک گرفتی لەگەڵ ئاسایش هەبێت پەرلەمان نازانێت کێ بانگ بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات، بەوپێیەی تائێستا هیچ لایەنێکی حکومیی وەکو مەرجەعی هێزەکانی ئاسایش دیارینەکراوە.

لەدانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا کە تایبەت بوو بەگفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بەڵام دۆسییەی هێزەکانی ئاسایش نەخرایە نێو گفتوگۆی پرۆژەیاساکەوە، ئەوەش دوای ئەوە هات، کە چەند پەرلەمانتارێک پێشنیازیانکرد هێزەکانی ئاسایش سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بنو لەژێر کۆنترۆڵی حیزب دەربهێنرێن، بەڵام بەوتەی ئەو پەرلەمانتارانە سەرۆکی پەرلەمان رێگەی پێنەداون گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن.

گێلاس محێدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز، ئاماژەی بەوەکرد، کە حەوت ئەندام پەرلەمان داوایان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد کە هێزەکانی ئاسایش بخرێتە سەر وەزارەتی ناوخۆ، «بەڵام بەداخەوە گوێمان لێنەگیراو هیچ گفتوگۆیەکیش لەسەر ئەو پێشنیازەی ئێمە نەکرا، کە دەبوایە هێزەکانی ئاسایش بخرایەتە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی ناخۆوە».

ئەو پەرلەمانتارە بەگومانەوە سەیری یەکنەگرتنەوەی هەردوو دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی دەکاتو دەڵێت: «تێناگەم بۆچی هەردوو دەزگای ئاسایشی سلێمانیو هەولێر یەکناگرنەوەو لەدانیشتنەکەی دوێنێشدا نەهێڵرا دۆسییەی ئاسایش بخرێتە نێو پرۆژەیاسای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، پێدەچێت کێشەیەکی گەورە لەنێوانیاندا هەبێت».

لەدانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەماندا بەزۆرینەی دەنگ، بڕیاردرا هێزەکانی ئاسایش نەخرێنە ناو پرۆژەیاسای وەزارەتی ناوخۆوە، بەو مانایەی لەڕووی مەرجەعیەتەوە سەربەخۆ دەمێننەوە، ئەوەش بەبڕوای هەندێک لەپەرلەمانتاران بۆ ئەو مەبەستە بووە، کە هێزەکانی ئاسایش وەک «دوو هێز بمێننەوەو یەکنەگرنەوەو کەسیش نەزانێت ئەو هێزانە بەکێوە پابەندن».

کوێستان محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز، لەوبارەیەوە باسی لەوە کرد، کە زیاتر لەسێ ساڵونیوە حکومەت یەکیگرتووەتەوە، بەڵام تائێستا دوو دەزگای ئاسایشمان هەیە، کە کەس نازانێت ئەم هێزانە لەڕووی یاساییەوە سەر بەکێن، وتیشی: «بۆیە ئەو دۆسیەیە نەخرایە چوارچێوەی کارەکانی وەزارەتی ناوخۆوە، بۆئەوەی وەک دوو هێز بمێننەوەو یەک نەگرنەوەو کەسیش نەزانێت ئەم هێزانە بەکێوە پابەندن».

هێشتنەوەی هێزەکانی ئاسایش بەسەربەخۆیی لەکاتێکدایە کە لەڕاپۆرتێکی رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵدا، کە لەناوەڕاستی مانگی نیساندا بڵاوکرایەوە، هەردوو دەزگای ئاسایشی پارتیو یەکێتی بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتبار کردبوو، هەروەکو بەوەش وەسفی کردبوون کە «خۆیان لەسەروو یاساوە دەبینن»، پەرلەمانتارێکیش پێیوایە، هەتاوەکو دوو دەزگای ئاسایش هەبێت، مانای وایە کەلێن هەیە لەپرۆسەی سیاسیی هەرێمدا.

پەخشان زەنگەنە، پەرلەمانتاری حیزبی شیوعی وتی: «ئەگەر دەزگاکانی ئاسایش لەچوارچێوەی یاسادا نەبن ناتوانین بڵێین هێزی ئاسایشی هەرێمان هەیە»، پێشیوابوو هەتاوەکو دوو دەزگای ئاسایش هەبێت مانای وایە کەلێن هەیە لەپرۆسەی سیاسیی هەرێمدا.

لەلایەن خۆشیەوە محەمەد فەرەج، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانو سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، ئاماژەی بەوەکرد، بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دەزگاکانی ئاسایش بەستراونەتەوە بەحیزبەوەو هەتاوەکو ئێستاش هەریەکیان نەگرتووەتەوەو نەهاتوونەتە سەر حکومەت، روونیشیکردەوە، ماوەیەک دەنگۆی ئەوە هەبوو یەکبگرنەوەو یاسایەکیشی بۆ دەرچوو لەپەرلەمان، بەڵام ئەو یاسایە سەرینەگرتو حکومەت یاساکەی کێشایەوە.

ئاماژەی بەوەکرد، هەر بۆ ئەم مەبەستە هەندێک لەپەرلەمانتارەکان پێیان باشبوو هێزەکانی ئاسایش بخرێنە سەر وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام گوێیان لێنەگیرا، ئەو دوو هێزەی ئاسایشی هەرێم وەک خۆیان مانەوەو کەسیش نازانێت کێ بەرپرسی یەکەمی ئەم دەزگایەیە»، وتیشی: «ئەگەر کەسێک گرفتی لەگەڵ ئاسایش هەبێت پەرلەمان نازانێت کێ بانگ بکات بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵ بکات»، هەروەک دووپاتیشی کردەوە، کە بەپێی یاسا نابێت دوو هێزی ئاسایشی سەربەخۆ هەبێت.



# وردەکاریی کشانەوەی (٧) قەوارە، لەهەڵبژاردنەکاندا

**ڕێبین فەتاح**

دوای ئاشکراکردنی ناوی لیستە تۆمارکراوەکانو راگەیاندنی هاوپەیمانی لەنێوان ژمارەیەک لەلیستەکان، (٧) لیستی تۆمارکراو خۆیان لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان دەکێشنەوەو پاڵپشتی لەلیستەکانی دیکە دەکەن.

هەندرێن محەمەد بەرپرسی لقی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەڕۆژنامەی راگەیاند: لەدوای تۆمارکردنی ناوەکانیانو وەرگرتنی مۆڵەتی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکە لەکۆمسیۆن، حەوت لیست کە هەر یەک لە(پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان، لیستی سپی سەربەخۆ، کۆمەڵەی برایانی مەسیحی، حیزبی بەیت نەهرەینی دیموکراتی، شانت موراد موورادیان (لیستی ئەرمەن)، لیستی دیموکراتی نیشتمانی، لیستی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ) پێکهاتوون، لیستەکانیان لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان کێشاوەتەوە.

عەلی قادر بەرپرسی دەستەی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە کشانەوەی لیستەکان شتێکی ئاساییەو پەیوەندی بەلیستەکان خۆیانەوە هەیە، کە زۆرجار لیستەکان دەکشێنەوەو دەنگەکانی خۆیان دەخەنە پاڵ قەوارەی دیکە.

حیزبی دیموکراتی بەیت نەهرەین، کە یەکێکە لەحیزبە ئاشوورییەکانو لەلایەن رۆمیۆ هەکاری ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەوە سەرۆکایەتی دەکرێتو یەکێکە لەحیزبە کشاوەکان، لەبەیاننامەیەکی تایبەتدا کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، هۆکاری بەشدارینەکردنی لەهەڵبژاردنەکە بۆ ئەو ململانێیەی نێوان لیستو قەوارە ئاشوورییەکان دەگێڕێتەوە.

جەرجیس یۆنان ئەندامی مەکتەبی سیاسییو بەرپرسی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی بەیت نەهرەینی ئاشووری بەڕۆژنامەی راگەیاند: ئەوان کشانەوەیان لەهەڵبژاردنەکە لەبەرژەوەندی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری زانیوە «گۆڕەپانی سیاسیی ئێمە وەک گەلی کلدانی سریانی ئاشووری هەستیارەو زەمینەی ئەوە لەبارنییە چوار لیستی ئاشووری کێبڕکێو ململانێ لەسەر پێنج کورسی پەرلەمان بکەن». جەرجیس جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە هەڵوەشاندنەوەی لیستەکەیان مانای ئەوە نییە بەشداریی لەهەڵبژاردنەکە ناکەن، بەڵکو ئەوان پاڵپشتی ئەو لیستە دەکەن کە لەڕووی سیاسەتو ئامانجەوە لەحیزبەکەیانەوە نزیکە، بەو هۆیەوە کە «نامانەوێت بچینە ناو ئەو ململانێیەوە کە خەریکە لەنێو گەلەکەماندا روودەداتو وەک کێشمەیەکی تائیفی دەردەکەوێت».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە هەردوو باڵەکەی حیزبی زەحمەتکێشان هەریەک بەدوو لیستی جیاواز ناوی خۆیان لەکۆمسیۆن تۆمارکردووەو بە هەردوو باڵەکە چوار لیستیان پێکهێناوە، ئەمەش بۆئەوەی ئەگەر کۆمسیۆن بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانیانەوە ناوی حیزبی زەحمەتکێشان بۆ هەر لایەنێکیان قبوڵ بکات، لایەنەکەی دیکە رەت دەکرێتەوەو لیستی نابێت، لەبەرئەوە باڵی قادر عەزیز دوو لیستی بەناوی لیستی ئایندەو لیستی زەحمەتکێشانی سەربەخۆو باڵی مەکتەبی سیاسی دوو لیستی بەناوی لیستی حیزبی زەحمەتکێشانو لیستی دیموکراتی نیشتمانی دروستکردووە، کە دوای پەسەندکردنی لیستی زەحمەتکێشان بۆ باڵی مەکتەبی سیاسیو پێنەدانی مۆڵەت بە قادر عەزیز، باڵی مەکتەبی سیاسی لیستی دیموکراتی نیشتمانیو باڵی قادر عەزیز لیستی زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کێشاوەتەوە.

هاوکات تاریق فاتح لەلیستی سپی سەربەخۆ، کە یەکێکە لەلیستە هەڵوەشێنراوەکان، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە دوای ئەوەی ناوی لیستەکان ئاشکراکرانو هاوپەیمانی لەنێوان ژمارەیەک لەلیستەکان راگەیەنرا، بۆیان دەرکەوتووە کە زەرورەتێک بۆ بەشداریکردنی ئەوان بەلیستێکی سەربەخۆ لەهەڵبژاردنەکە نەماوەتەوە، چونکە لیستی دیکە هەن لەگۆڕەپانە سیاسییەکەدا کێبڕکێ دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمی دیموکراسی.

ناوبراو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە وەک لیستی سپی سەربەخۆ موقاتەعەی هەڵبژاردنەکەیان نەکردووە، تەنیا وەک لیستێک بەشداریی ناکەن. سەبارەت بە پاڵپشتیکردنیان لەلیستەکانی دیکە، تاریق فاتح باسی لەوەکرد، کە لیستێکی دیاریکراو نییە پاڵپشتی لێبکەن، بەڵام پشتگیری لەلایەنی ئۆپۆزسیۆن دەکەن.

## چاودێری دارایی دووپاتیدەکاتەوە:

# سەرۆکی پەرلەمان پێیڕاگەیاندین تاوەکو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی یەکنەگرنەوە کار بەیاسا نوێیەکە نەکەین

سەبارەت بەوڕوونکردنەوەیەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە تیایدا نکوڵیان لەوەکردبوو بەچاودێری داراییان وتبێت کار بەیاسا نوێیەکەی چاودێری دارایی نەکەن. دیوانی چاودێری دارایی ئەم ڕوونکردنەوەیەیان دایە ڕۆژنامەو تیایدا دووپاتیدەکەنەوە کە پەرلەمان پێیڕاگەیاندوون کار بەیاسا نوێیەکەی چاودێری دارایی نەکەن. هەرچەندە خوازیارنین بکەوینە بەرپرسیارو وەڵامدانەوەی ڕوونکردنەوەکەی بەڕێز لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەسەر ئەم بابەتە، لەبەرئەوەی کاتی خۆی لیژنەی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی بەهاوکاری لیژنەی یاسایی پەرلەمان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەداڕشتنو گەڵاڵەکردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش جێگەی سوپاسو ڕێزە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییەو پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە کاتی خۆی بەنووسراومان (نهێنی) ژمارە ٧٢ لە ٢٠٠٨/٦/٢٥ ئاگاداری سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردەوە بەدەستبەکاربوونمان بەپێی یاسای نوێ لە ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨، کەچی تاوەکو ئێستا وەڵامی ئەم نووسراوەمان بەڕەسمیی نەدراوەتەوە.

بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١ شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانو سکرتێرو سەرۆکی لیژنەی یاسایی سەردانیان کردینو لەکۆبوونەوەیەکی هاوبەش دوای گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکی نووسراوی ئاماژە پێدراو لەسەرەوە گفتوگۆ کرا. دواتر سەرۆکی پەرلەمان پێیڕاگەیاندین تاوەکو هەردوو دیوانی چاودێری دارایی هەولێرو سلێمانی یەکنەگرنەوە کار بەیاساکە مەکەن، ئێمە سەرسوڕمانی خۆمان رادەگەیەنین، کە ئایا چی کاتێکو بەچی نووسراوێک لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بەچاودێری دارایی راگەیاندووە کەکار بەیاسا نوێیەکە بکەین.

**دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان هەولێر**
**٢٠٠٩/٥/١٨**

## سەرنووسەری هەفتەنامەی زاری کرمانجی غەرامەکرا

ئەحمەد باڵەکی




دادگای کەتنی سۆران سەرنووسەری هەفتەنامەی زاری کرمانجی بەملیۆنێک دینار غەرامە کرد، ئەوەش پاش ئەوەی لەلایەن دوو بەرپرسی کۆمەڵی ئیسلامیەوە داوای یاسایی لەسەر تۆمارکرابوو.

پاش ئەوەی لەژمارە (١٥٠)ی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٨/٦/٩ی هەفتەنامەی زاری کرمانجیدا هەواڵێک لەسەر دیارنەمانی بڕی (٥٠) ملیۆن دینار لەنۆژەنکردنەوەی مەڵبەندی سۆرانی کۆمەڵدا بڵاوکرایەوە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی کێشە لەنێوان مەروان گەڵاڵی بەرپرسی مەڵبەندی سۆرانی کۆمەڵو نەبەز ئەحمەد، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ. دواتر ئەو دوو بەرپرسەی کۆمەڵ لەدادگای کەتنی سۆران سکاڵایان لەسەر سەرنووسەری زاری کرمانجی تۆمارکردو پاش چەند دانیشتنێک ڕۆژی یەک شەممە ٢٠٠٩/٥/١٧ دادگای ناوبراو بڕیاریدا ئیسماعیل ئیبراهیم، سەرنووسەری هەفتەنامەی زاری کرمانجی بەملیۆنێک دینار غەرامە بکرێت.

## ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار دەگۆڕدرێت

سەیوان خورشید


کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار

وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بەنووسراوێک ڕەزامەندی لەسەر دانانی، د.صاحیب ڕەشید دەدات وەک ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لەکەلار، ئەوە لەکاتێکدایە ڕاگری کۆلێژەکە دەڵێت: تەنیا بەو نووسراوە ئاگادارکراوەتەوە، کە کەسێکی دیکە لەشوێنەکەی دانراوە.

وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی بەنووسراوی ژمارە ٢٣٩ کە لە ٢٠٠٩/٥/٦دا دەرچووە، ڕەزامەندی دەربڕیوە کە د.صاحیب ڕەشید، دکتۆرا لەزمانی عەرەبی بکرێتە ڕاگری کۆلیژی بنەڕەتی لەکەلار.

جەلال سەعدوڵڵا، ڕاگری کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی لەوبارەیەوە بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێنج مانگ پێش ئێستا دەستلەکارکێشانەوەم ئاراستەی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی کردووە، بەڵام تاکو ئێستا وەڵامیان نەداومەتەوە، وتیشی: «لابردنی من کار ناکاتە سەر ئەوەی کە من بێ ورەبم لەخزمەتکردن، هەرچەندە تائێستا روون نییە کێ لەپشت لابردنمەوەیە، تەنیا ئەوە نەبێت بەو نووسراوە ئاگادار کراومەتەوە کە کەسێکی دیکە کراوەتە ڕاگری کۆلێژەکە».

## «جەنگێکی ئاشکرا لەناو حیزبدا لەدژی ژنان هەیە»

# ژنان دەیانەوێت کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم هەبێت؟

ستارە عارف

ئەمڕۆ دەرگای خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکرێتەوە، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک کۆمسیۆن ئەو کەسانە ناونووس دەکات، کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە دەپاڵێونو مەرجە یاساییەکانیان تێدایە، ئەگەرچی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ڕێگە بەژنان دەدات خۆیان بۆ ئەو پۆستە بپاڵێون، بەڵام بەبڕوای چاودێران چانسی ژنان بۆ خۆکاندیدکردن لاوازە.

ئەمیرە حەسەن، جێگری داواکاری گشتیی سلێمانی پێیوایە: ژنان متمانەیان بەخۆیان نەداوە، کە بتوانن ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی هەرێم بکەنو لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان دەرفەتی بەژن نەداوە، دەستی بەناوەندی بڕیار بگات.

هەروەها یوسف محەمەد، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی، دەڵێت: ژن تائێستا نەگەیشتووەتە ئاستی دەستپێشخەری سیاسی، تاخۆی بۆ پۆستێکی باڵا بپاڵێوێت، دەبێت متمانەی بەخۆی هەبێتو لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بێت، ئەوەتا لەپەرلەمان کۆتا بۆ بەشداریی ژن دیاریکراوە، بەشێکی بۆ ژنان دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵی سیاسییان هێندە گەشەی نەکردوەو وتی: «پیاوانیش نەیانتوانیوە خۆیان کاندید بکەن، ئەوەش پەیوەندی بەڕەوشی سیاسی هەرێمەوە هەیە».

بەشێک لەژنان هۆکاری کەمیی ژن لەناوەندەکانی بڕیارو پۆستە باڵاکاندا بۆ سیستەمی سیاسیو دەسەڵاتی پیاوسالاریی دەگەڕێننەوە کە لەکوردستاندا بەدیدەکرێتو پێیانوایە، کە دەبێت ژنان خۆیان فشار دروست بکەن بۆئەوەی بگەنە ئەو پۆستانە.

پرۆفیسۆر د.شوکریە ڕەسوڵ، پەرلەمانتار لە پەرلەمانی کوردستان، بۆچوونی وایە کە دەبێت هێزێکی فشار لەناو ژناندا دروست ببێت، چونکە زۆر ژنی لێهاتوو سەربەحیزبەکانو لەبڕیاری سیاسیدا حسابیان بۆ نەکراوەو وتی: «جەنگێکی ئاشکرا لەناو حیزبدا لەدژی ژنان هەیە، ئەگەر وەک ئێستا کۆتایەک نەبێت کەس بیر لەژن ناکاتەوە».

بەڵام خەمان زرار، ئەندامی پەرلەمان، ڕای وایە کە پۆستی سەرۆکی هەرێم حیزبیو سیاسیەو پەیوەندی بەمتمانەی ژنانەوە نییە، بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێت ببێتە سەرۆکی هەرێم دەبێت لایەنێکی جەماوەریی گەورە پشتگیری لێ بکات، بەڵام تائێستا دەرفەتێکی لەوجۆرە بۆ ژنان نەڕەخساوە کە لەدەزگا حیزبیو سیاسیەکاندا بگاتە ناوەندی بڕیارو وتیشی: «بەبڕوای من بەربەستی یاسایی نییە، بەڵکو بەربەستی واقیعیو بابەتی هەیە».


دانیشتنی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هەرێم
فۆتۆ: ئەرشیف


## مومتاز حەیدەری:

# هەر دەسەڵاتێک بیەوێت میدیا لغاو بکات، شکستدەهێنێت

سازدانی: ئاوارە حەمید

**نووسەرو ڕووناکبیر مومتاز حەیدەری، ڕای وایە هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی ئەگەر دەستی وەردایە میدیا، یان ویستی میدیا لغاوو کەمۆ بکات، ئەو دەسەڵاتە شکستدەهێنێت، نەبوونی ئۆپۆزسیۆن‌و بیروباوەڕی جیاواز، دەورنەگێڕانی میدیای سەربەست بەنەخۆشی کۆمەڵگاو نەخۆشیی عەقڵە سیاسییەکەی دەزانێت.**

**سەبارەت بە توندوتیژیی لە میدیای ئەهلی یا حیزبیش دەڵێت: «هەردەم توندوتیژییەکان لە میدیای دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات، بەڵام هەندێکجار کاردانەوەکان لەلای میدیای ئەهلی بەهێز دەبێت‌و میدیای ئەهلیش دەخزێتە ناو توندوتیژییەکانەوە، لە هەموو زەمانێک تۆمەتی ئەوە خراوەتە پاڵ میدیای ئەهلی، کە لەژێر کاریگەری دەزگا هەواڵگرییەکان کاردەکات».**



**ڕۆژنامە: ڕۆڵی میدیای ئەهلی کوردی لە گۆڕانکارییە سیاسی‌و کۆمەڵاتییەکان‌و لە گەشەکردنی ئاستی میدیای کوردی چۆن دەبینیت؟**

* بەر لە هەموو شتێک ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، شارستانی بەسەدان ساڵ، بگرە هەزاران ساڵ بەشێوەیەکی سادە سەریهەڵداوەو ڕۆڵی تایبەتی خۆی گێڕاوە، واتە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵ، چونکە بووەتە ئامرازێکی شارستانی گەورە کە مرۆڤایەتی لە ڕێگای قەڵەم‌و بیرکردنەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو دیاردانەی دەبنە کۆسپ لەلای مێشکەوە، کە بتوانرێت ڕێکیانبخات‌و بەرەوپێشەوەیان ببات، بۆیە تەماشادەکەین مێژووی میدیا لە هەموو دنیا لە سەردەمی زووەوە تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی قەرزاری ئەو دیاردە شارستانییە گەورەیە، کە باسی میدیای ئەهلی دەکرێت لە هەموو کاتێک کاریگەری‌و تایبەتمەندی خۆی گرنگیان هەبووە کە عەقڵی شارستانی بە سروشتی خۆی نەڕوات، بۆیە دەبینین کە عەقڵی شارستانی میدیای کوردی لاوازە، ئەو میدیایە هەر لەسەرەتاوە لەناوجەرگەو شەقامی کوردی لەدایک نەبووە، بە ئاوارەیی لەدایکبووە، وەک جەوهەری پرسیارەکە ئەمڕۆی میدیای ئەهلی کوردی لەناو ئەو کەشوهەوا ئاڵۆزەو کێشمەکێشمی کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، سیاسی‌و کلتووری میدیایەک هەبووە، چونکە سانسۆرە بە دەستی خەڵکەوە بەرامبەر دەسەڵات بەکاردێت، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە نیشتمانپەروەرو دیموکراتیش بێت، دەبێت ئەم میدیایە لە دەرەوەی دەسەڵات بێت، سانسۆرێکی ڕاستەقینەی دەستی کۆمەڵانی خەڵک بێت، ئا لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین میدیای ئەهلی بنەماو نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایەو دەوری کاریگەری هەیە لە بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتی، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە، کۆمەڵگای کوردی لە چوارچێوەی مێژووەکەیدا کۆمەڵگایەکی دواکەوتووە، بنەمای عەقڵی دیموکراتی هێشتا بەتەواوی دروست نەبووە، سەرەڕای داگیرکردنی کوردستان چ لەڕووی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و ئایینی، ئەمانە کاریگەری لەدایکبووە کە بە سروشتی خۆی لەدایک نەبووە، بە ڕێگایەکی شارستانی لەدایک نەبووە، سەرەڕای دەستوەردانی عەقڵی سیاسی‌و ڕێزنەگرتن لە پیرۆزیی وشەو قەڵەم، لەهەمانکاتدا لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک گۆڤارو کەناڵی ڕاگەیاندن لە کوردستان هاتوونەتە سەرپێ‌و دەیانەوێت دەور بگێڕن، بەڵام عەقڵی سیاسی ناهێڵێت بە سروشتی خۆیان بەڕێوەبچن، پێویستە هەرهەموومان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی دوارۆژی پرسی نەتەویمان، وابکەین کە میدیای ئەهلی ڕۆڵی تایبەتی خۆی بگێڕێت‌و بەرەوپێشەوە بڕوات، چەندە ئەو بەرەوپێشەوە بڕوات، کۆمەڵ پێش دەکەوێت‌و میدیای حیزبیش بەرەوپێش دەکەوێت.

**هەردەم توندوتیژییەکان لە میدیای دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات، بەڵام هەندێکجار کاردانەوەکان لەلای میدیای ئەهلی بەهێزدەبێت‌و میدیای ئەهلیش دەخزێتە ناو توندوتیژییەکانەوە**

**ڕۆژنامە: ئێمە لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانداین، دەبێت ڕۆڵی میدیای حکومیی چۆن بێت لەم هەڵبژاردنە؟**

* هەموو کاتێک میدیا لە هەر بوارێکی ژیان دەوری خۆی گێڕاوە وەک سانسۆرێکی میللی پاک، ڕاستگۆو دیموکراتیخواز، ئێمەش ئەمڕۆ کە لە دووڕیانێکی زۆر ناسکداین، کۆمەڵێک کێشەمان لەبەردەمدایە چ لەڕووی دواکەوتوویی کۆمەڵ‌و سیاسی، چ لەڕووی پاشماوەی سیستمی فاشی بەعس، خۆئامادەنەکردن بە پرۆژەیەکی ستراتیژی سەرتاسەری پێش ڕووخانی سەدام‌و دوای ڕووخان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. تەماشادەکەین میدیای کوردی لەبەردەم دووڕیانێکی ئاڵۆزدایە کە بتوانێت ڕۆلی خۆی بگێڕێت، هەڵبژاردن قۆناغێک‌و قوتابخانەیەکی هەرە گرنگی هەر میللەتێکە بۆئەوەی بنەمای عەقڵی دیموکراتی، کۆمەڵایەتی‌و شارستانی دروستبکرێت، ئێمە بۆ جاری سێیەمە هەڵبژاردن ئەنجامدەدەین، بەڵام ئەمجارەیان زۆر جیاوازە لەگەڵ جارەکانی دیکە، زۆر گرنگە ئێمە لە ڕێگای میدیاکانەوە بتوانین بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ڕۆڵی میدیا بەڕێوەبەرین، دەبێت ڕاگەیاندنی حکومی لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیای حیزبایەتی‌و یەکلایی کردنەوەی حساباتی سیاسی عەشیرەتگەری‌و ناوچەگەری‌و شەڕی براکوژیی پێشتربێت، بۆیە بەرپرسیارێتی گەورە لەبەردەم میدیای کوردیدایە کە بتوانێت بەشێوەیەکی شارستانی‌و نشتیمانپەروەریی‌و بەعەقڵێکی کراوە لە ڕوانگەی پیرۆزی وشەو ڕاگەیاندن هاوبەشی گەورە بکات، کە زەمینە برەخسێنێت هەڵبژاردن بەسەرکەوتوویی‌و لە کەشوهەوایەکی دیموکراتی‌و ئازاد ئەنجامبدرێت، میدیای ئەهلی لەگەڵ میدیای حیزبی بەرەو قۆناغێکی نوێ پیادە دەنێت ئەویش ئەوەیە، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا، ئەوا کێشەی سیاسیمان بۆ دۆست‌و دوژمنان بە قۆناغێکی نوێ دەگەیەنێت، پێویستە هەرهەمووومان بە عەقڵێکی کراوە بۆ دۆست‌و دوژمنانمان بسەلمێنین کە میدیای کوردی خاوەن پەیامی خۆیەتی، وەک میدیاکانی دونیا پێشکەوتووەو گرەوی خۆی بباتەوە.

**ڕۆژنامە: بەبڕوای تۆ باشتر نەبوو سەرکردایەتی سیاسیی حیزبەکان عەقڵیەتی ڕاگەیاندنەکانیان لە شەڕی ناوخۆ بگۆڕن بۆ عەقڵی دیموکراتی‌و یەکتر قبوڵکردن؟**

* هەر دەسەڵاتێکی سیاسی ئەگەر دەستی وەردایە میدیا، یان ویستی میدیا لغاو یان کەمۆ بکات، بێگومان ئەو دەسەڵاتە شکستدەهێنێت، نەبوونی ئۆپۆزسیۆن‌و بیروباوەڕی جیاوازو دەور نەگێڕانی میدیای سەربەست، ئەوا کۆمەڵگا نەخۆشە، واتە عەقڵی سیاسییەکەی نەخۆشە، کەواتە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان پەندو عیبرەتی لە شەڕی براکوژیی وەرگرتبێت، کە میدیا نەمابوو، بووە زبڵخانەو ناشرینترین قسەو ناوزڕاندن کرا، بە هەموومان، بە حیزبەکان‌و دامودەزگا کلتووری‌و سیاسییەکانەوە کە بتوانین ئەم میدیایەی کە هەیە لە دەستوەردان بپارێزین، ببێتە بەشێکی ڕووگەش لە پرۆسەی هەڵبژاردن، چەندە میدیا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە بەرژەوەندی دۆزی کوردە، نەک تەنیا بۆ ئەم بەشەی کوردستان بۆ پارچەکانی دیکەش، نەتەوەیەک پاش هەزاران ساڵ لە داگیرکردنی (جەستەی، مێشک، خاک)، ئەوا لە بەشێکی دیکە هەڵدەستێتەوەو چرایەکی ڕۆشنی بەدەستەوەیە ئەویش، میدیا بەگشتی‌و میدیای ئەهلی ئازاد بەتایبەتی.

**پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان پەندو عیبرەت لەشەڕی براکوژی وەربگرێت، کە میدیا نەمابوو، بووە زبڵخانەو ناشرینترین قسەو ناوزڕاندن کرا**

**ڕۆژنامە: بەبڕوای تۆ توندوتیژیی لە ڕاگەیاندنی ئەهلی یا حیزبیدا سەرهەڵدەدات؟**

* ئەگەر تەماشابکەین دەسەڵات هەردەم کار بۆ ئەوە دەکات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، ئەو میدیایەی کە بەدەستیەوەیە دەیکاتە ئامرازێک بۆ پارێزگاری‌و جوانکردنی بەشێوەیەک کە زمانێکی ناشارستانی‌و توندوتیژیی لە میدیاکەی دەستپێدەکات، کە هەردەم توندوتیژییەکان لە میدیای دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات، بەڵام هەندێکجار کاردانەوەکان لەلای میدیای ئەهلی بەهێزدەبێت‌و میدیای ئەهلیش دەخزێتە ناو توندوتیژییەکانەوە، دەبێت میدیای ئەهلی هێمنترو سنگ فراوانتر بێت بە بەڵگەی شارستانی، بەشێوەیەک کە سوودبەخش بێت مامەڵە بکات، وایان لێبکات کە قەرزاریان بکاتەوە، میدیای ئەهلی وەک وتم سانسۆرێکە بەدەست خەڵکەوە، وابکات کە میدیای دەسەڵاتیش بێتە سەر سکەی خۆی، چەپڵەش بەدەستێک لێنادرێت، بەڵام هەموو کاتێک لەلای میدیای دەسەڵاتەوە سەرهەڵدەدات.

**ڕۆژنامە: زۆرجار بەرپرسان ئاماژە بەوە دەکەن کەزانیارییان هەیە، هەندێک میدیا لەژێر فلان دەزگای هەواڵگری کاردەکات. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا میدیای ئەهلی کەوتووەتە ژێر دەزگای هەواڵگری وڵاتان، یا دەنگی خەڵک بە دەسەڵات دەگەیەنێت؟**


* بەڕاستی پرسیارەکە زۆر قورسە، چونکە دەبێت بەڵگەت لەبەردەست بێت، بەڵام بێگومان هەر دەسەڵاتێک کە بیەوێت پارێزگاری لە خۆی بکات، ئەم تۆمەتانە دروستدەکات بۆ بەرامبەر، تەنانەت کەسیش لە حیزب دەردەچێت دەڵێن کۆنە بەعسییەو لەوانەیە واش نەبێت، ئەم دەستەواژانە خزمەت ناکەن‌و لە دەرەوەی چەمکی شارستانی‌و مەنتقی عەقڵییە، کۆمەڵێک لە میدیای ئەهلیمان هەیە، ئەگەر یەکێکیشیان وابێت خوانەخواستە خۆ هەموویان وانین، ئەگەر وایە با بە بەڵگە بیسەلمێنن‌و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئاشکرایان بکەن‌و ریسوایان بکەن بۆ خەڵک، نەک بە قسەی توندوتیژو ناشیرن، مەسەلەی میدیای ئەهلی لە هەموو زەمانێک ئەم تۆمەتانەی دەخرێنە پاڵ، لەگەڵ ئەوەش ئێمەی کورد لەوە بەدەرنین کە دەزگا هەواڵگرییەکان خۆیان بخزێنە ناو میدیا، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئاشکرایان بکەن‌و ریسوایان بکەن.

**میدیای ئەهلی بنەماو نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگایەو دەوری کاریگەری هەیە لە بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتی**

# چاكسازیی بە هێز دەكرێت یان بە بەرنامە؟



**هەڵكەوت عەبدوڵڵا: هەموو پرۆژەیەكی چاكسازیی لە بەرژەوەندیی چەندین كەس دەدات، لەوانەیە ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندین ئاستەنگ بوون لەپێش ئەو پرۆژانەی كە جێبەجێنەكراون.**



**فەرید ئەسەسەرد: چاكسازیی زادەی بیركردنەوەو بۆچوونی جیاوازە، بەڵام هەموو پرۆژەكان دەچنە بەردەستی دەسەڵات، سەركردایەتیی حیزب یان دەسەڵاتی سیاسیی حكومەت لە هەموو حاڵەتێكدا كاری ئەوانە جێبەجێی بكەن.**



**ئەبوبەكر عەلی: ئەگەر باس لە چاكسازیی راستەقینە بكەین، دەبێت دیدی راستەقینەمان بۆ چاكسازیی هەبێت، واتە هەڵگری ئایدیایەكی ریفۆرمخوازیی بین.**

ستارە عارف

كۆتایی ساڵی پارو سەرەتای ئەمساڵ وەك ساڵی بڵاوكردنەوەی چاكسازیی ناسرا، بەوپێیەی چەندین پرۆژەو بەرنامە بۆ چاكسازیی پێشكەشكران‌و چەندین لیژنە بۆ ئەو مەبەستە پێكهێنرا، چ لەلایەن حیزبەوە بۆ چاكسازیی لەناو خۆیدا، چ لەلایەن حكومەتەوە بۆ چاكسازیی‌و كەمكردنەوەی رۆتین‌و گەندەڵی لە دامەزراوەكانی حكومەتدا، بەڵام تائێستا دەرئەنجامێكی پۆزەتیڤی ئەو لیژنانەو چاكسازیی‌و گۆڕانكاریی دەرنەكەوتووە.

لەسەرەتای ئەمساڵدا چوار حیزبی كوردستانی (یەكگرتوو، كۆمەڵ، زەحمەتكێشان‌و سۆسیالست)، پرۆژەیەكی چاكسازییان ئاراستەی رای گشتیی‌و دەسەڵاتدارانی هەرێم كرد، لەناو حكومەتدا لیژنەیەكی باڵای وزاریی‌و دواتر چوار لیژنەی بچوككراوە بۆ چاكسازیی لە كارەكانی حكومەتدا پێكهێنرا، دواتر بۆ بەدواداچوونی راپۆرتەكانی دیوانی چاودێریی دارایی بە سەرۆكایەتیی وەزیری داد، لەسەر ئاستی یەكێتیش هەریەكە لە جەلال تاڵەبانی سكرتێری گشتیی‌و چوار ئەندامی مەكتەبی سیاسی (باڵی ریفۆرم)و هەردوو جێگری سكرتێری گشتی، بەجیا پرۆژەی چاكسازیی خۆیان پێشكەشكرد، لەوچوارچێوەیەدا (٧) لیژنە پێكهێنرا بۆ چەندین كاروباری ناوخۆ، پاش تەواوبوونی كاری ئەو لیژنانە جارێكی دیكە دوو لیژنەی دیكە پێكهێنرایەوە.

سەرەڕای بێئەنجامیی ئەو چەندین پرۆژەو لیژنانە، لەدوایین پێشهاتدا لە كۆبوونەوەیەكدا لەگەڵ ژمارەیەك كادیری یەكێتی، تاڵەبانی لە وتەیەكیدا سەبارەت بە كەموكوڕییەكان دەڵێت: «چاكسازیی تەنیا بە هێزە گەورەكانی وەك یەكێتی‌و پارتی دەكرێت‌و بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاویان ناوە».

ئەبوبەكر عەلی، ئەندامی مەكتەبی سیاسیی یەكگرتووی ئیسلامی پێیوایە، مام جەلال دەیەوێت بڵێت ئەو هێزانەی لەدەرەوەی یەكێتی‌و پارتین‌و دروشمی چاكسازیی بڵاودەكەنەوە، ناتوانن ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن، ئەگەر دەیانەوێت ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن، با بێن هاوكاریی یەكێتی‌و پارتی بكەن‌و ماڵی خۆیان جیانەكەنەوەو لەوێوە هەوڵی ریفۆرمخوازیی بدەن.

ئەندامێكی سەركردایەتیی یەكێتیش ئاماژە بەوەدەكات بوونی پرۆژە بۆ چاكسازیی‌و جێبەجێكردنیان، دوو شتی جیاوازن وەك ئاماژەیەك بە پرۆژە جێبەجێنەكراوەكان.

فەرید ئەسەسەرد، بەڕێوەبەری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی‌و ئەندامی سەركردایەتیی یەكێتی وتی: كۆمەڵێك پرۆژە هەبوون كە جێبەجێنەكراون، چونكە پرۆژەو جێبەجێكردن لەیەكتر جیاوازن، كۆمەڵێك پرۆژەو دیدی جیاواز هەبوون‌و ئێستاش چەند دیدێكی جیاواز بۆ چاكسازیی هەیە، بەڵام تائێستا هەمووی لە یەك بەرنامەدا كۆنەكراونەتەوە، وتیشی: «حەوت لیژنەكە لە چوارچێوەی چاكسازیدا بوو، ئێستا هەموویان راپۆرتی خۆیان پێشكەش بە مەكتەبی سیاسی كردووەو كۆمیتە بۆ جێبەجێكردنی راسپاردەكانیان دانراوە، نازانم دەستبەكارن یان نا».

ئەسەسەرد وتیشی: «كاتێك كە چەند پرۆژەیەكی چاكسازیی هەبێت، دەبێت رێككەوتنیان لەسەر بكرێت، مەرج نییە پرۆژەكان وەك خۆیان جێبەجێ بكرێن، چاكسازیی خۆی زادەی بیركردنەوەو بۆچوونی جیاوازە، بەڵام هەموو پرۆژەكان دەچێتە بەردەستی دەسەڵات، سەركردایەتیی حیزب یان دەسەڵاتی سیاسیی حكومەت لەهەموو حاڵەتێكدا كاری ئەوانە جێبەجێی بكەن».

بەبڕوای رۆشنبیران، هەڵەیە بوترێت چاكسازیی تەنیا بە هێز دەكرێت، بەڵكو چاكسازیی بە یەكانگیریی هێزەكان لە كوردستان جێبەجێدەكرێت، دەبێت دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن لەناو كایەكی دیموكراسیدا رۆڵیان لەو چاكسازییەدا هەبێت، چونكە چاكسازیی تەنیا بە هێزێكی گەورە ناكرێت.

هەڵكەوت عەبدوڵڵا، نووسەرو رۆشنبیر، پێیوایە بۆئەوەی هەر پرۆژەیەكی چاكسازیی جێبەجێ بكرێت، دەبێت لەڕووی واقیعییەوە شایەنی جێبەجێكردن بێت، «لەناو یەكێتیدا كۆمەڵێك پرۆژە بۆ چاكسازیی هەیەو جێبەجێنەكراون، كە پەیوەندی بە كاری رێكخراوەیی‌و بڕیاردانەوە هەیە، پرۆژەی گۆڕان‌و ئەوانی دەرەوەی یەكێتیش لە قۆناغی بانگەشە بۆكردندان، ئەم پرۆژانە بۆ داهاتووەو دەبێت بخرێتە زەمینەی واقیعییەوە، هەمیشە پرۆژەی نوێ شتە كۆنەكان ئاستەنگی گەورەن لەبەردەمیدا».

هەڵكەوت عەبدوڵڵا دەڵێت: «لەبەرئەوەی كۆمەڵێك پرۆژەی جیاواز پێشكەشكراوە، لەوانەیە ئاستەنگیش ئەوەبێت كە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەموو پرۆژەیەكی چاكسازیی لە بەرژەوەندیی چەندین كەس دەدات، لەوانەیە ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندین ئاستەنگ بووبن لەپێش ئەو پرۆژانەی كە جێبەجێنەكراون»، لەبەرئەوەی بەبڕوای ئەو هەڵەیە بوترێت چاكسازیی تەنیا بە هێز دەكرێت، بەڵكو بە یەكانگیریی هێزەكان لە كوردستاندا جێبەجێ دەكرێت.

هەروەك شارەزایان جەخت دەكەنەوە كە چاكسازیی راستەقینە دەبێت هەڵگری ئایدیای ریفۆرم بێت، نەك دروشمێك بێت بەرامبەر بە فشارەكان.

بەبڕوای ئەبوبەكر عەلی ئەگەر باس لە چاكسازیی راستەقینە بكەین، دەبێت دیدی راستەقینەمان بۆ چاكسازیی هەبێت، واتە هەڵگری ئایدیایەكی ریفۆرمخوازیی بین، چاكسازیی دروشمێك نەبێت بەرامبەر فشارێكی دیاریكراو، چونكە زۆرجار لە ناوەندە فیكرییەكەی ئێمەدا هەندێك شتی سیاسی بە مۆدێل وەرگیراوە، كە هەڵقوڵاوی خواستێكی راستەقینە نەبووە، یان خواستێكی راستەقینە هەبووە، بەڵام ئیرادەیەكی راستەقینەی سیاسی لەپشتەوە نەبووە، بۆئەوەی ئەو دروشمە لە ژیانی سیاسی‌و واقیعیدا جێبەجێ بكرێت.

بەڕێوەبەری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی سەبارەت بە كۆی پرۆژەكان كە بۆ چاكسازیی پێشكەشكراون، روونیكردەوە، «پرۆژەی چوار حیزبەكە بە مانای وشە پرۆژە نەبوو، كۆمەڵێك رەخنە بوو كە ئاراستەی حكومەت كرابوو، كە رەخنەی گشتی‌و كۆمەڵێك پێشنیاز بوون‌و شێوەی پرۆژەیەكی چاكسازیی وەرنەگرتبوو».

دەربارەی پرۆژەكانی ناوخۆی یەكێتیش وتی: «پرۆژەكەی كاك كۆسرەت‌و د.بەرهەمیش كۆمەڵێك دیدبوو بەشێوەیەك داڕێژرابوو كە گوزارشتی لە بۆچوونی خۆیان لەسەر پرۆسەی چاكسازیی دەكرد، شێوەی پرۆژەی وەرنەگرتبوو، مەرج نییە چاكسازیی هەر بە پرۆژە بێت، هەندێكجار دیدیش تاڕادەیەك دەتوانێت جێگای پرۆژە بگرێتەوە».

بەبڕوای ئەبوبەكر عەلی مەرج نییە هەموو پرۆژەكان ناوبنرێن ریفۆرم، هەندێكیان بۆچوون بوون لەسەر ریفۆرم‌و تائێستا پرۆژەیەكی ریفۆرمخوازیی‌و پێش مەرجەكانیشی لە كۆمەڵگای ئێمەدا دەرنەكەوتووە.

فەرید ئەسەسەرد وای دەبینێت كە وشەی هێز لای مام جەلال لە مانای بەكارهێنانی زەبرو زەنگدا نییە بۆ چاكسازیی، بەڵكو ئەو لایەنەی جێبەجێكەری چاكسازییە، دەبێت توانای جێبەجێكردن‌و جەماوەرو دەسەڵاتی جێبەجێكردنیشی هەبێت، وشەی هێز دیدی جیاواز هەڵدەگرێت، حیزب لە سیستمی دیموكراسیدا بە هێزی جەماوەر بەهێزە، نەك لە دەسەڵاتدا بێت، حكومەتی دەسەڵاتداریش مەرج نییە، چونكە هەر حیزبێك پێویستی بە ئامرازی هێز هەیە، ئامرازیش بریتییە لە دەزگاكانی دەوڵەت وەك سوپاو ئاسایش‌و دەزگای نواندنی دەسەڵات، ئەگەر لایەنێك توانای جێبەجێكردنی چاكسازیی نەبێت، ناتوانێت پرۆژەی چاكسازیشی هەبێت‌و جێبەجێی بكات، هەموو كەسێك دەتوانێت بانگەشە بۆ چاكسازیی بكات، بەڵام جێبەجێكردنی گرنگە كە كات‌و توانایەكی زۆری دەوێت.

كاتێك باسی پرۆژە دەكرێت، مەبەست ئەوەیە گشتگیر بێت‌و هەموو بوارەكان بگرێتەوەو كاتی دیاریكراوی بۆ دانرابێت، كرابێت بە چەند قۆناغێكەوەو ئامرازو میكانیزمی جێبەجێكردنی بۆ دیاری كرابێت، ئەوكاتە شێوەی پرۆژە وەردەگرێت.

بەوتەی هەڵكەوت دەسەڵات خۆی زەمینەیەكی وای دروستكردووە كە پێویستی بە چاكسازیی هەیەو گلەییەكانی خەڵك بۆ ئەوانە، ئەگەر یەكێتی‌و پارتی بەنیازن لەم هەڵبژاردنەدا چاكسازیی بكەن، دەبێت ریتمی قسەكانیان بگۆڕن‌و داوا لە هەموو رێكخراوو حیزبێك بكەن پێكەوە چاكسازیی‌و گۆڕانكاریی ئەنجامبدەن.

ئەبوبەكر عەلی پێیوایە، هەرێم لەبواری جۆربەجۆردا پێویستی بە ریفۆرم هەیە، ئەوكاتە پێویستمان بە هێز دەبێت بەمانا هاوچەرخەكەی، بۆئەوەی دیدەكانمان بكەین بە پرۆژەو پرۆژەكان لە رێگای یاساو دەزگاكانەوە جێبەجێ بكەین‌و هاوڵاتییان بتوانن لەنزیكەوە لە بەرهەمی ریفۆرمخوازیی سوودمەندبن.

www.metewe.com

## سیاسیی تێر

# ئەوکاتەی دیموکراسییانە تۆڵە دەکرێتەوە

**هەردی مەهدی**


کۆبوونەوەی سەرانی ڕێککەوتننامەی چوارقۆڵی

گفتوگۆو دانوستان جەنگێکە لەڕێی ئاشتییەوە، ئەگەر وابێت ڕەنگە سیاسەت‌و هەڵوێست‌و لێدوانە هەڵکشاوەکانی کوردستان‌و عێراق هەمان ئەو جەنگی تۆڵەکردنەوەیە بێت کە لێرەو لەوێ سیاسییەکان بەرامبەر یەکتری دەکەن.

لەم ڕۆژانەدا مالیکی لە بەغدا قسە لە باشتربوونی سیستمی سەرۆکایەتی لە پەرلەمانی دەکات، بارزانیش بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لەڕێی خەڵکەوە وردە وردە سیستمی پەرلەمانی هەرێمی بەرەو سەرۆکایەتی هەنگاو پێهەڵگرتووە، لیستی حەدبای موسڵیش وەک ئەوەی بە مافێکی دیموکراسی خۆی دەزانێت، کابینەی حکومەتێکی لۆکاڵی زۆرینەی بێ لیستی برایەتی کوردی پێکهێناوە، هەروەک ئەوەی ساڵانێکە هەمان لیستی برایەتی لە شاری کەرکوک لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی بەدەستهێنا، حکومەتە لۆکاڵییەکەی کەرکوکی پێکهێناو سەرۆکی ئەنجومەن‌و جێگرەکەی‌و پارێزگاری بۆ لیستەکەی دابینکرد، دەمێکیشە حیزبی ئیسلامیی وەک زۆرینەی سوننە، زۆرینەی پۆستە پەرلەمانی‌و حکومییەکانی سوننەکانی بۆ خۆی برد، دواجاریش بە تەوافوقێکی سیاسیانە تەنیا سەرۆکی پەرلەمان لە پشکی سوننە لەو حیزبە نەبوو، ئەو پۆستەشی قۆرخکرد، سامەڕایی دوای پشوودرێژییەکی سیاسیانە بووە سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی.

سەرجەمی ئەو لێدوان‌و کردە سیاسیانەی سەرەوە ڕەنگو ڕوخساری (سیاسیی تێر) نیشاندەدەن، ئەو سیاسیانەی کە بەهۆی دەنگی هاوڵاتییانەوە «بەوپێیەی دیموکراسیانە چوونەتە پێگەکانیان»، ئەمڕۆ باڵی بێباکی بادەدەن‌و لێدوان‌و ڕەفتارەکانیشیان لەو مرۆڤانە دەچن کە بێباکن لە نانی دراوسێ‌و تەوافوق، چونکە خەزێنەکەیان لەڕێی دیموکراسییەوە پڕبووە (وەک خۆیان لەسەری سوورن)، پڕە لە دەنگو پاڵپشتی هاوڵاتییان.

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ وڵاتێکی وەک عێراق (حوکمی زۆرینە)، لە هەر پارێزگایەک بەتایبەتی‌و لە عێراق بەگشتی کێ بەکوێ دەگەیەنێت؟

### لە دیموکراسیەتی تەوافوقەوە بۆ دیموکراسیەتی تۆڵە

لە خوێندنەوەی ئەو چەند پێدراوە سیاسییەی سەرەوەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئیتر خەریکە عێراق لە دیموکراسیەتێکی تەوافوقییەوە بەرەو (دیموکراسیەتی زۆرینە) یان ڕاستتر بەرەو (دیموکراسیەتی تۆڵەکردنەوە) هەنگاو دەنێت، تۆڵە بەومانایەی لە عێراقی نوێدا هەر توێژو لایەن‌و حیزب‌و تاکێک دوای ڕووخانی حکومەتەکەی بەعس، هەستێکی ستەملێکراوی گەورە بەسەریدا زاڵەو لەوپێناوەشدا هەر ڕێگایەک بێت، دەیگرێتەبەر تا ئەوەی تۆڵەی مێژووی لەدەستچووی بکاتەوە، لەناویشیدا ئامرازە دیموکراسییەکان وەک جەنگێکی مەدەنی هۆکارێکن.

ئەگەرچی سوننەکان پێشتر ئەوەندەی بیریان لە لەدەستدانی شکۆو هەیمەنەی خۆیان دەکردەوە، هێندە خۆیان بە ستەملێکراو نەدەزانی (چونکە نزیکەی (٨٠) ساڵی حوکمی عێراق، سوننەکان بەڕێوەیان برد)، بەڵام لەم (٦) ساڵەی ڕابردوودا ئەوانیش لە (ستەمکارەوە بوونە قوربانیی)، چونکە تەوافوقەکانی شیعەو کورد ئەوانیشی گەیاندە ئەو هەستەی کە ستەمیان لێکرابێت، بەتایبەت لە کەرکوک‌و موسڵ‌و بەغداو پۆستە سیادییەکاندا، بەوشێوەیە لە عێراقدا کوتلەو هێزێک نەمایەوە هەست بە ستەملێکراویی نەکات، بۆ ئەمەشە هەوڵی تۆڵەکردنەوە هەرلایەک ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێت، لەکیسی نادات، وەک ئەو تۆڵەیەی سیاسییەکانی پارتی‌و یەکێتی کورد لە پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمدا لە پارەو پۆست‌و حکومەتدا، لە هاوڵاتی‌و براو حیزبەکانی دیکەیان کردەوە، وەک ئەوەی برایەتی لە ساڵانی پێشتری کەرکوک‌و موسڵدا لە عەرەب‌و تورکمانی کرد، وەک حەدبا کە لیستی برایەتی کوردی پەراوێزخست، مالیکی ئەنجومەنی باڵای لە زۆرێک لە پارێزگاکان وەلاخست، حیزبی ئیسلامیی، سوننەکانی دیکەی لە سەرۆکی پەرلەمان خست، لەمدواییانەشدا زۆرینەی پەرلەمان، وەزیرە بێ پاڵپشتەکەی بارزگانییان هێنایە بەردەم لێپرسینەوە، بەڵام کێ وەزیرە پشتئەستوورەکانی شیعەو سوننەو کورد دەهێنێتە ئاستی لێپێچینەوە؟!

### داپۆشراوەکانی تەوافوق ئاشکرا دەبن

لێرەوە دەردەکەوێت ئەوەی لە تەوافوقدا بەدەستدێت، تەنیا داپۆشین‌و گوزەراندنی کێشەکانە، نەک چارەسەرکردن، بەڵکو بە ئاراستەی داپۆشیندایە، بەومانایەی لە تەوافوقدا هەر لایەو بەهۆی بەرژەوەندییەکی کورتخایەنەوە لە مافە گەورەکە خۆش دەبێت، ئیتر کێشە گەورەکە دوادەخەن نەک چارەسەری بکەن، وەک نموونەی بودجەی ١٧٪ی هەرێم‌و مادەی (١٤٠) بۆ کورد، کە بەتەوافوق بەدەستهاتن‌و ئەمڕۆ خەریکە بە هێزی زۆرینەی نەیار لەکاردەکەون‌و ساڵانە وەک کێشەیەک سەرهەڵدەدەنەوە، بەڵام کاتێک دەنگی سندوقەکانی هەڵبژاردن بە ئاراستەی لایەکدا زیاد دەکەن، ئەوسا هەموو ڕێسای تەوافوق هەڵدەوەشێتەوەو کێشە داپۆشراوەکان دەردەکەونەوە، سیاسییە براوەکانی هەڵبژاردنیش بە ڕەفتاری مرۆڤێکی تێرەوە ڕێککەوتنە تەوافوقییەکانیان دەخەنە ژێر پرسیارو داوای پێداچوونەوە دەکەن، وەک ئەوەی لەم ڕۆژانەدا کە مالیکی نایەوێت جارێکی یدکە بچێتەوە ناو ئیئتیلافی براکانی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی‌و هەندێک شیعەکان، چونکە وا هەستدەکات ئیتر ئەو پێویستی بەو تەوافوقات‌و ئیئتیلافەی پێشتر نەماوە. لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم‌و مام جەلالیش لەکاتی کۆبوونەوەی دواییان لەسەر لیستەکەیان، هەر ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کاتێک ئاماژەیان بەوەدا کە ئەوان دەیانەوێت لە لیستەکەیاندا هەر خۆیان بن‌و خۆیان تاقیدەکەنەوە بەرامبەر لیستەکانی دیکە، دڵنیاشبوون لەوەی «شیرینترن لای هاوڵاتی زیاتر لەوەی حیزبەکان بە تاڵیان دەزانن»، کە زۆرینە دەبەنەوە، بەڵام واپێدەچێت دوای هەڵبژاردنەکان‌و لە نزیکترین ئەگەردا، هەریەک لە تەوافوق‌و هاوپەیمانێتییەکەی یەکێتی نیشتمانی‌و پارتی دیموکراتیش هەر هەمان ئاستی هەماهەنگیی ئەنجومەنی باڵاو حیزبی دەعوەی هەبێت، دواتر ڕووداوو دەنگو پۆستەکان لایەکیان بێباک بکات‌و تەوافوقەکە هەڵوەشێتەوەو کێشە داپۆشراوەکانیش ئاشکرابن.

ئەمڕۆ نەک تەنیا کوردستان، بەڵکو کۆی عێراق بەو دۆخەدا تێدەپەڕێت کە سەردەمی ئاشکرابوونی کێشە هەڵواسراوە داپۆشراوەکانە، کە ساڵانێکە تەوافوق داییپۆشیون، چونکە تەوافوق تا ئەوکاتە بەرگە دەگرێت کە هەڵبژاردنێکی نوێ ئەنجامدەدرێت، تواناکەشی هەر ئەوەندەیە کە تەرازووی دەنگەکان دەیگۆڕن.


دوکان، ئەو کۆبوونەوەیەی کە مالیکی تووڕەکرد

# «وەزیری نەوت شکستەکانی پەردەپۆش دەکات»

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

وەزارەتــی نەوتی عێراق، حکومەتی هەرێم بە«بە تاڵانبردنی نەوتی عێراق» تۆمەتبار دەکات، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوەدەکات لێدوانەکانی وەزیــری نــەوت بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانی خۆیەتی.

وەزیــری نەوتی عـێـراق، حکومەتی هەرێم بە بەتاڵانبردنی سامانی نەوتی وڵات تۆمەتبار دەکات بەوەی کە «ڕێژەی پشکی زیاد لە پێویست دەدات بە کۆمپانیا بیانییەکانی بواری بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان».

د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نــەوتو گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لێدوانەکانی شەهرستانی پێچەوانەی قسەکانی خۆیەتی، چونکە ئەو لەلایەک دەڵێت کە گرێبەستەکانی هەرێمی نەبینیوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەگەر گرێبەستەکانی هەرێمی نەبینیبێت، چۆن ڕێــژەی قازانجو پشکی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان دەزانێت.

لە گرێبەستە هاوبەشەکاندا ڕێژەی ١٠٪ بۆ ١٢٪ی مافی موڵکدارێتییەو لە بەرامبەر ئەو زەوییەی بەکاردەهێنرێت، دەدرێتەوە بە حکومەت، ٤٠٪ بۆ ٥٠٪ش کە سەرمایەی کۆمپانیاکەیە، پێویستە بدرێتەوە بە کۆمپانیاکە خۆی.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە وەزارەتی نەوتی عێراق ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە حکومەتی هەرێم ١١٪ بۆ ٢٨٪ قازانج دەدات بە کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنانی نەوت، بەڵام ئەو ڕێژەیەی کە وەزارەتی نەوتی عێراق دیاریکردووەو بەلایەوە پەسەندە، لەنێوان ٣٪ بۆ ١٦٪یە.

د.بایەزید باسی لەوەکرد لەکاتێکدا ئەگەر ١٥٪ی قازانجیش بدرێت بە کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی نەوت، ئەوا جارێکی دیکە ئەو ١٥٪یە کەمدەکرێتەوە، چونکە حکومەت باج لەسەر ئەو قازانجەش دادەنێت.

وتیشی: «گرێبەستەکانی هەرێم لە چوارچێوەی یاسای نــەوتو گازی هەرێمدایە کە بەپێی دەستوور ڕێگای پـێـدراوە، ئـەوە جگە لــەوەی وەزارەتــی نەوتی عێراق دەتوانێت لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێم دابنیشێت بۆ پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمدا».

بەپێی وتــەی د.بـایـەزیـد حەسەن وەزارەتـــی نەوتی عێراق تائێستا هیچ گرێبەستێکی لەبواری نەوتدا ئەنجام نەداوە، ئـەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێم ژمارەیەک گرێبەستی گـەورەی لەگەڵ چەندین کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانیدا ئەنجامداوە.

ئەندامەکەی لیژنەی نـەوتو گاز حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت، بە (فاشل) ناودەبات، بۆئەوەش پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە «شەهرستانی لەوکاتەوەی بووەتە وەزیری نەوت، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بـەرەو کەمبوونەوە چـووە، ئەوە لەکاتێکدا کە بودجەی عێراق ٩٠٪ لەسەر داهاتی نەوتە، شەهرستانیش تازە بەنیازە سەردانی کۆمەڵێک وڵات بکاتو ژمارەیەک گرێبەست لە مانگی (٩)ی ئەمساڵدا لەبواری نەوتدا ئەنجام بدات».

دوو جۆر گرێبەست لەبواری نەوتدا هەیە، یەکێکیان بە گرێبەستی هاوبەش ناودەبرێتو ئەو کۆمپانیای نەوتەکە بەرهەم دەهێنێت، جگە لە پـارەی تێچوونەکەی ڕێژەیەک قازانجی بۆ دادەنرێت، گرێبەستی خزمەتگوزاریش ئەوەیە کە کۆمپانیاکە بۆ هەر بەرمیلێک نەوت ٣٠٪ی بڕی تێچوون لەگەڵ ڕێژەیەکی قازانج وەردەگرێت، کە تارادەیەک هەردوو جۆری گرێبەستەکە وەک یەکن، بەڵام جۆری پارەدانەکەی جیاوازیی هەیە، بەڵام حکومەتی عێراقی گرێبەستی خزمەتگوزاریی پێ باشترە.


حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق

دەربـــارەی لێدوانەکانی وەزیـــری نەوتی عێراق، د.بایەزید ئاماژەی بەوەکرد «لێدوانەکانی وەزیـــری نــەوت لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم ئەوەیە کە شەهرستانی دەیەوێت نوشستەکانی خۆی پێ پەردەپۆش بکات، چونکە ئەو سیاسەتەی شەهرستانی گرتوویەتیەبەر، سیاسەتێکی هەڵەیە»، وتیشی: «هەربۆیە ئێستا (١٤٠) ئیمزا لەلایەن پەرلەمانتارانەوە کۆکراوەتەوە بۆئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیری نەوتدا بکرێت».

دەربـــــارەی هـەڵـوێـسـتـی لیستی هاوپەیمانی ئاماژەی بەوەکرد لەکاتی بانگهێشتکردنەکەیدا بۆ پەرلەمان، لیستی هاوپەیمانیش هەڵوێستی لەسەر لێپێچینەوەکەی حسێن شەهرستانی دەبێت.

# کێن ئەوانەی دژی بە ئەندامبوونی تورکیان لە یەکێتی ئەوروپا؟

**جەمال ئیختیار**

لەگەڵ ئەوەدا کە تورکیا لە هەوڵەکانی بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا بەردەوامە، هەندێک لە ئەندامانی کارای ئەو یەکێتییە وەک ئەڵمانیاو فەرەنسا، لە دژی بەئەندامبوونی تورکیا لەو یەکێتییەدا وەسـتـانـەوەو بەرپرسانی تورکیاش دەڵێن (ئەو جۆرە هەڵوێستانە مەبەستی سیاسییان لەپشتەوەیە، بەتایبەتی بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا).

ڕێـــکـــخـــراوی (جـــەیـــمـــزتـــاون) بڵاویکردووەتەوە کە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکڵو سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلا سارکۆزی گفتوگۆی بەئەندامبوونی تورکیایان زیندوو کردووەتەوە بە خستنە ژێر پرسیارو گومانکردن لە عەقڵی تورکیا، لەکاتی بەشداریکردن لە کۆبونەوەیەکدا لە بەرلین، هەردوو سەرکردە دژایەتی خۆیان بۆ گەورەکردنەوەی یەکێتییەکەو هێنانە نـــاوەوەی تورکیا دووبـــارە کردووەتەوە، بە هێنانە پێشەوەی ئەوەی کە هەر جۆرە گەورە کردنەوەیەکی بێ سەرەوبەرە دەبێتە هۆی ناکارامەکردنی کارکردنی یەکێتییەکەو بەپێویستی دەزانن «بەڵێندانی بەتاڵ» بە تورکیا ڕابگیرێت، ئـەوان پشتیوانی خۆیان بۆ جۆرێکی تایبەت لە ئەندامێتی تورکیا دووبـارە کردەوە، وەک چوارچێوەیەکی جێنشین بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی تورکیاو یەکێتی ئەوروپا.

سارکۆزی بـەوە ناسراوە کە ناوە ناوە دژایەتی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکات، پێش هەڵبژاردنی لە ٢٠٠٧دا ئەو لەگەڵ دووبارەکردنەوەی نەیاری خۆی پێشنیازی کردبوو، کە تورکیا لە چوارچێوەی پرۆژەیەک بۆ دەریای سپی ناوەڕاست بەشداری پێ بکرێت، بەڵام بەهۆی نەیاری تورکیاو ئەندامانی دیکەی یەکێتییەکە بەتایبەتی بەریتانیا، سارکۆزی وازی لەو پرۆژەیە هێناو یەکێتی دەریای سپی ناوەڕاست وەک یەکەیەکی سەربەخۆ دروستکراو تورکیا تێیدا بوو بە ئەندام، ئەگەرچی لەکاتێکدا کە فەرەنسا سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپای دەکـرد، هەڵوێستی سـارکـۆزی نەرمتر بـبـوو، هاوکات گفتوگۆکانی ئەندامێتی تورکیاشی هەڵنەپەسارد، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا ئەو دیارترین نەیاری ئەندامێتی تورکیایە، بۆ نموونە لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئەورووپاو تورکیا ئۆباما ویستی کە گفتوگۆکانی ئەندامێتی تورکیا هان بدات، بـەڵام سارکۆزی بەپەلە ئەو قسانەی ئۆبامای وەک دەستتێوەردانێکی ڕێگا پێنەدراو لە کاروباری یەکێتی ئەوروپا ڕەتکردەوە، ئەو وڵاتانەی دیکەشی کە وەک فەرەنسا بیریان دەکردەوە، هاندا کە دژایەتی تورکیا بکەن.

بەهەمان شێوەی سارکۆزی، ئەنجێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، دژی چوونە نـاوەوەی تورکیایە بۆ یەکێتی ئەوروپا کە ئەو هەڵوێستەی بووەتە هۆی بێزاری هاوپەیمانە سۆسیال دیموکراتەکانی لـەنـاو ئیئتیلافی دەسـەڵاتـدار، کە هەڵوێستیان باشترە لەسەر مەسەلەکە، مێرکڵ تێبینیەکانی هەڵبژاردنو پێگەی کۆنسێرڤاتیڤی خۆی دەکات بە پاساوی دژایەتییەکانی بەرامبەر ئەندامبوونی تورکیا، بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا وتویەتی «ئەوە ڕاستە کە ئێمە لەگەڵ جۆرێکی تایبەتین لە ئەندامێتی تورکیا، نەک ئەندامێتی تـەواوی ئەو وڵاتە».

بەپێچەوانەی ئەڵمانیاو فەرەنسا، وڵاتانی دیکەی وەک (فینلەندو پورتوگال) پشتگیری ئەندامێتی تـەواوی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکـەن، لەمیانەی سەردانێکی بۆ تورکیا سەرۆکی پروتوگال وتویەتی کە ئەندامبوونی تورکیا سوودی باشی بۆ هەردوولا دەبێت. هاوشێوەی پورتوگال وەزیـری دەرەوەی فینلەندو حکومەتی پۆڵۆنیاش پشتگیریی ئەندامێتی تەواویان بۆ تورکیا کردووە.

سایتی ئەفریکئەیژە بڵاوی کردووەتەوە، سـەرۆکـی تورکیا، عـەبـدوڵـڵا گویل، ڕایگەیاندووە کە هەوڵی چەند وڵاتێکی ئەوروپی بۆ ڕاگرتنی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا جێگای قبوڵکردن نییە، بڕیاردراوە گفتوگۆی بەئەندامبوون لەگەڵ تورکیا دەستی پێبکرێتو هەر بڕیارێکی پێچەوانەی ئەو بڕیارە قبوڵ ناکرێت.

بەڕەسمی نەناسینی کۆماری قوبرس لەلایەن تورکیاوە بەشێکی دیکە لە ئاڵۆزی ئەندامێتی تورکیایە لە یەکێتییەکەدا، کە تورکیا لە ساڵی ١٩٧٤ باکووری ئەو ناوچەیەی داگیرکردووە.

تورکیا لە نیسانی ١٩٨٧وە داوای ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا کردووەو لە ساڵی ١٩٩٩وە بەڕەسمی کاندید کراوەو ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بە گفتوگۆی ئەندامێتی لەگەڵ یەکێتییەکە کردەوە.

لە چوارچێوەی پێش مەرجەکانی بەئەندامبوون، یەکێتی ئەوروپا داوای لە تورکیا کردووە کە چاکسازیی ئەنجامبدات، بەتایبەتی لە بواری فراوانکردنو ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەی کورد لەو وڵاتـە، کە تورکیا حسابی کەمە نەتەوەشیان بۆ ناکات، لەکاتێکدا ژمـارەیـان زیاتر لە (٢٥) ملیۆن کەسە، کە تا ئەم دواییەش قسەکردنیان بە زمانی زگماکی خۆیان لێ قەدەغە کرابوو.



# نیازی دەسەڵاتو هەڵەکانی کۆمسیاری باڵا:
# گومان لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسی

**دەرووی کورد**

ئـامـاژە زۆرن بـۆئـەوەی بترسین لـەوەی دەسـەڵاتـدارانـی هەرێمی کـوردسـتـان بیانەوێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا ئارام، ڕۆشن، پاکو بێ گزیو دیموکراسی بێت:

١- لە چوار ساڵ لەمەوبەرەوە دەسەڵاتدارانی کورد دەیانزانی دەبێت لە ٢٠٠٩/٥/١٩دا هەڵبژاردن بکرێتەوە، کەچی نوتقیان لە خۆیان بری تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩، پەرلەمانی هەردوو حیزب بە بیانووی بێ بناغە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی دواخست، کاتێک بەدەستکاریکراوی ڕەوانـەی سـەرۆکـی هـەرێـم کرا، ئەو بەدەستکارییەوە ناردییەوە بۆ پەرلەمان، پەرلەمان لەباتی ئەوەی بەزوویی دابنیشێتەوە، تاکتیکی دەستی دەستیو کات کوشتنی بەکارهێنا، تا لە ٢٠٠٩/٣/٢٥دا دەستکاری کردەوەو ناردیەوە بۆ سەرۆکی هەرێم.

٢- سەرۆکی هەرێمیش لەجیاتی ئەوەی زوو بە زوو وادەی هەڵبژاردن دیاری بکات، ئەویش هەمان تاکتیکی بەکارهێنا، تا لە ٢٠٠٩/٥/٥دا، ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٩/٧/٢٥ی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردن، سەمەرە لەوەدایە، ئەم یاسایە ٢٠٠٩/٥/١٢ بۆ جاری پێنجەم هەموارکرا!

٣- قسە لەسەر هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی هەرێم نەبوو تا ڕاگەیاندنی ئەهلی بڵاویکردەوە، (وادەی قانوونیی سەرۆکی هەرێم بەسەر دەچێت)، دوای ئەم هەواڵە یەکسەر وتیان (هەردووکیان پێکەوە دەکرێن)، ئەمە موفاجەئە بوو بۆ خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دوو حیزبەکە، کە هیچیان ئامادەکارییان نەکردبوو بۆ دیاریکردنی کاندید بۆ سەرۆکی هەرێم.

٤- کۆمسیاری بـاڵا بـەر لە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن، وادەی تۆمارکردنی ناوی لیستە بەشدارەکانی ڕاگەیاند، ئـەم تاکتیکە هەڵەبوو، خزمەتی هەڵبژاردنی ئازادو بێ گزیو ئارام ناکات، کەوتە خزمەتی هەردوو حیزبەکەو کەوتنە هەڕەشەکردنو هـەوڵـدان بۆ نـاوزڕانـدنـی چەند کەسایەتیو سەرۆکی چەند لیستێک، وەک سـەرۆکـی لیستی گـۆڕانو سـەرۆکـی لیستی بـزووتـنـەوەی چاکسازیی کوردستان، نەیانتوانی کار لە کاندیدە چاوەڕوانکراوەکانی لیستی گۆڕان بکەن، بەڵام ژمارەیەک کاندیدی لیستەکەی دیکەیان ترساندو پەشیمان کردەوە.

٥- هەڵەی دووەمی کۆمسیاری باڵا، دانانی ماوەیەکی درێژ بوو بۆ کەمپەینی هەڵبژاردن، دوو مانگ زۆر زۆرە بۆ هەلومەرجی هەرێمێک کە دوو هێزی نادیموکراتیی کەم چیکەڵانەی خاوەن تێکرای هێزەکانی پۆلیس، ئـاسـایـش، پێشمەرگەو سوپاو، خاوەن ماکینەیەکی ئیعلامی زەبـــەلاحو خـــاوەن ژمـــارەیـــەک کـادیـری بوختانچیو دەم پیسو قەڵەم پیس، کە ترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییەکانیان وەها هۆشی بردوون، سڵ لە بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆ ناکەنەوە، ئەگەرچی هەردوو حیزب لەوەتەی بۆیان مەعلوم بووە کاک نەوشیروان مستەفا بەلیستی سەربەخۆ دادەبـەزێـت، شـاڵاوی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیان دەست پێکردووەو گەیشتوونەتە ئەولای هیستریاش.

٦- هەڵەی سێیەمی کۆمسیاری باڵا، دیاریکردنی وادەی تۆمارکردنی چاودێرانی ناوخۆو بیانییە، بەگوێرەی بڕیارێکی کـۆمـسـیـار کـە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٢ بڵاوکرایەوە، چاودێران بۆیان هەیە تەنیا لەماوەی نێوان ١٢-٢٠٠٩/٥/٢٢دا ناوی خۆیان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن لەلای کۆمسیار تۆمار بکەن، ئەو ماوە کورتە لەنێوان دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنو وادەی خۆتۆمارکردنی چاودێراندا، گومان دروستدەکات لـەوەی کاربەدەستانی کوردستان بیانەوێت بـەم تاکتیکە کەمترین چاودێری بیانی فریا بکەون بێنە کوردستان.

٧- سێ هەڵەی یەک لەسەر یەکی کۆمسیاری باڵا، جۆرێک لە گومان دروستدەکات، بڵێی هەڵەکان ڕێکەوت بن یان ئەنقەست؟

٨- بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کۆمسیاری باڵا، ڕێگا نادرێت بەو حیزبو قەوارانەی خاوەنی میلیشیاو هێزی چەکدارن، بەشداری هەڵبژاردن بکەن، یەکێتیو پارتی خاوەنی دوو گەورەترین هێزی میلیشیایین، کەچی نەک هەر ڕێگایان پێدراوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەڵکو تەواوی هێزی حوکمەتو بەرپرسەکانی حوکمەتو هەرێمو تەواوی سەروەتو سامانی خەڵکی کوردستانیش بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ خۆیان بەکاردەهێنن، مـــاوەی (٢) هەفتەیە حوکمەت کەوتووەتە بەڵێندان بە دروستکردنی پـرۆژەی وەهمیی بێ بەرنامەو بێ پلان، لەو دوو هەفتەیەدا بەڵێنیانداوە سـەدان ملیۆن دۆلار بۆ پـرۆژەی وەهمیو سەرپێی تەرخان بکەن.

٩- ڕاستە هێزەکانی (پێشمەرگە، ئـاسـایـشو پـۆلـیـس) لـە ساڵانی ڕابـــردوودا ڕۆڵـیـان هـەبـووە لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمدا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هێزانە تێکرایان هی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارن، هیچ گەرەنتییەک نییە کە بتوانن بێلایەنانە چاودێریی هەڵبژاردن بکەن، بەتایبەت لەبەرئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، هەردوو حیزب هێزەکانی یەکترییان خستە ژێـر گـومـانـەوە، گـوایـە هەریەکەیان لە ناوچەی خۆی بە قازانجی حیزبەکەی، دەستی لە هەڵبژاردن وەرداوە.

١٠- بێجگە لەوانە، کۆمەڵێک ئاماژەی دیکە هەن گومان دەکەن بە یەقین کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەهەڵبژاردن دەترسن، ڕەنگە پەتی بەرگە گرتنیان بپسێتو هەڵبژاردن تێک بدەن یان لانیکەم نەهێڵن ئارام، ئـازادو بێ گـزیو فـزیو تەزویر تێپەڕێت، لەوانە (گوێخەواندنی کاربەدەستانی هەرێم لە دابینکردنی پارەی هەڵبژاردن، چ بە گوشاربێت بـۆ سـەر حوکمەتی نـاوەنـدی تا بەڵێنەکەی بەرێتەسەرو پارەی تەرخانکراو تەسلیمی کۆمسیاری باڵای هەڵبژاردنەکان بکات، چ خۆیان پارەکەی تەسلیم بکەن، قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی سرودی پشتیوانی لە لیستی گـۆڕان؛ هەڕەشەکردن لەو هاوڵاتییانەی خانووی کرێ دەدەن بە لیستەکانی دیکە بۆ پڕوپاگەندە، هەڕەشەی کوشتن لە سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان لـەلایـەن سـەرۆکـی هـەرێـمـەوە، تەخشانو پەخشانکردنی سەدان ملیار دینار لەلایەن بەرپرسانەوە بەناوی بەخشیشو دیارییەوە بەسەر خەڵکو کادیری حیزبیدا، بەمەبەستی کڕینی دەنگو کڕینیویژدان، بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی نانبڕینی ئەو کەسانەی دەنگ بە لیستی گۆڕانو لیستەکانی دیکە دەدەن بەمەبەستی ترساندنی خـەڵـکو کەمکردنەوەی شکستی لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی).

لەبەر هەموو ئەو هۆیانە، پێویست دەکات ژمارەیەکی زۆر چاودێری بیانی لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە کوردستان بن، بـەڵام بڕیارەکەی کۆمسیاری باڵا ڕێگرە لەبەردەم هاتنەدی ئەم تاکتیکەدا، بۆیە هەقە گوشار بخرێتە سەر کۆمسیار، تا وادەی تۆمارکردنی چاودێرانی بیانی، کەسایەتی بن یان ڕێکخراو، بگوێزێتەوە بۆ (دوو- سێ) هەفتەی پێش ڕۆژی هەڵبژاردن. شانبەشانی ئەمە، ئەرکی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی کۆمەڵی مەدەنییە (نەک ڕێکخراوەکانی سەر بە یەکێتیو پارتی) بەوردی چاودێریی هەڵبژاردن بـکـەن، چـاوسـوورکـردنـەوەی کاربەدەستانی هـەردوو حیزبو دەزگاکانیان نەیان ترسێنێت.

# با سوپای کوردستان بەشداریی هەڵبژاردن نەکات



**سەعدوڵڵا ئیبراهیم خان**

بـەداخـەوە ڕۆژ بـەدوای ڕۆژ دیـــاردەی نـامـەدەنـیو حاڵەتی ناتەندروست لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بەدیدەکرێت، ئـەوەی من دەمەوێت باسی لێوە بکەم، ئەدای سوپای کوردستانە کە دەست لە کاروباری سیاسی بەتایبەت پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان وەردەدات، وەک ئاگادارین فەرماندەکانی سوپای کوردستان بوونەتە لیژنە بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ لیستی کوردستانی، حاڵەتە کۆمیدیاکە لەوەدایە ئەم کارەیان بەنهێنی نییە، بەڵکو بەئاسایی کار بۆ لیستی کوردستانی (لیستی پارتیو یەکێتی) دەکـەن و شانبەشانی کادیرە سیاسییەکان سەردانی ماڵان دەکـەن، هـەروەهـا لەناو سوپاش کەوتوونەتە چاوسورکردنەوە لە سەربازەکانو ناچاری دەنگدانیان دەکـەن بـۆ لیستی کوردستانی، کارکردنی ئاشکرای فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە دەربـڕی درک نەکردنیانە بە دنیای هاوچەرخو ئیکمالیانە لە ئەکادیمیای سەربازیو تێنەگەیشتن لە پیشەکەیان، کەواتە لیستی کوردستانی لەسەرەتاوە گۆڵەکەی خۆی تۆماردەکات، بەوەی کە ڕۆژی پێش هەڵبژاردن لەناو یەکە سەربازییەکان پرۆسەی دەنگدان دەستپێدەکات، ئەوان واتە لیستی کوردستانی هەموو ئەم دەنگانە دەستەبەردەکەن، چونکە بەشێوەیەک کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکەن کە بەئاسانی دەنگەکان بەدەستبهێنن، چونکە یەکە سەربازییەکان بە گروپو بنکە بنکە دەنگەکان دەدەن، لە فەزایەکی وا کۆنترۆڵکراویشدا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە مەوداکانی بیرکردنەوە زۆر بەرتەسک دەبێتەوە، دەگـاتـە دواپـلـەی کۆیلایەتی کە دەنگدەر نەتوانێت بەسەر لایەنی فکری خۆیدا زاڵ بێتو تەجنید دەکرێت، بە بینینی بەرپرسەکانیان تووشی حاڵەتی ترسو دڵەڕاوکێ دەبن، لەبەر بارستایی ئەو هەژموونو ئینزیباتییەی کـە لەسەریەتی بەشێکی فراوانی کەسایەتی خۆی لەدەستدەدات، کەواتە لەم حاڵەتەدا فەرماندەکانی سوپای کوردستان کە سەربەخۆ نین، دەتوانن بەئاسانی سەرجەم دەنگەکان بۆ حیزبی حاکم دەستەبەر بکەن، لەکاتێکدا ئەم دەنگانە باڵانسی پرۆسەکە تێکدەدەنو ناهاوسەنگییەک دروستدەکەن، ئەگەر سوپای کوردستان (200) هەزار کەس بێت، ئەوە (200) هەزار دەنگ لەژێر فشارو چاوسورکردنەوەو هەڕەشەی جۆراوجۆردا دەچێتە سەر حسابی پارتیو یەکێتی، کە بەپێی ئەنجامە بەراییەکان زیاتر لە (10) کورسی مسۆگەر دەکات، بۆ ئەو دوولایەنەو هەڵبژاردنەکە هەڵبژاردنێکی موزەیەف دەبێت، کە دەڵێم ناشەرعی، مەبەستم لەوەنییە خـودی سـەربـاز کەسایەتییەکی ناشەرعی بێت، بەپێچەوانەوە سەرباز ئەرکێکی قورستری نیشتمانی لەئەستۆدایە کە پاراستنی شکۆی نیشتمانە، بەڵام لە بنەڕەتدا لەناو هێزە نادیموکرتییەکاندا سەرباز ئەو کەسایەتییەی لێ دەسەندرێتەوە لەو حاڵەتەی لەناو بنکە سەربازییەکەی دەنـگـدەدات، ڕەنگە ئەگەر لەناو ئـاپـۆڕای هاونیشتمانیانیدا وەک کەسێکی مەدەنی دەنگ بدات، ئازادی خـۆی دەسـتـەبـەر دەکـات، بـەڵام دەنگدان لەبەرامبەر ئەو فەرماندە سەربازیانەی کار بۆ ئەجێندایەکی سیاسی دەکـەنو بێلایەنی خۆیان ناپارێزن جـیـاوازی دەبـێـت، هەر بۆیەش لە هەندێک وڵاتـدا سوپا بـەشـداری پـرۆسـەی هەڵبژاردن ناکات، بۆ نموونە لە تورکیا، بۆیە من پێشنیاز دەکەم چاوێک بە دەنگدەراندا بخشێندرێتەوەو سوپای کوردستان وەک سوپایەکی بێلایەن بمێنیتەوە، ئەمەش کەمکردنەوە نییە لە ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەرچەندە ئێستا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر پرسیارێکی قوڵدایە، کە لـەدوای ڕاپەڕینی 1991 -ەوە ئینتیمای بۆ کێ هەبووە، بۆ نیشتمان؟ یا بۆ کەسایەتییە سیاسییەکان؟ ئایا لەکاتی تەنگانەدا ئەم هێزە پارێزەری کێ بـووە؟ لەکاتێکدا چەندینجار کوردستان لەلایەن دوژمنانەوە پەلامار دراوەو پێشمەرگە نەیتوانیوە بەرگری لە نیشتمان بکات، ڕۆژانە سنوورەکانمانو سەروەریمانو شکۆمان لـەلایـەن دوژمـنـانـەوە پێشێلدەکرێت، کوا ڕۆڵـی هێزی پیشمەرگەی کوردستان؟ هەموو ئەمانە دەربڕی ئەوەن کە ئەم هێزە لەلایەن هـەردوو حیزبی سەرەکی پـارتـیو یەکێتی کۆنترۆڵکراوە، ئێستا کاتی ئـەوە هاتووە ببن بە دەزگـــای نیشتمانیو دەســـت لە کاروباری سیاسی وەرنەدن، واباشە بۆئەم قۆناغە بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن نەکەن.

Soma_kyan@yahoo.com

# بیری توندڕەویی

**ئاکام کەمال - مالیزیا**

ئاشکرایە حیزب بە مانا نوێو مۆدێرنەکەی لەکۆتایی سـەدەی هـەژدەدا سەرەتا لە ئەوروپا سەریهەڵدا، دواتـر وەک سـەرجـەم پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی ژیـان، جیهانی گـرتـەوەو پاش نەمانی ئیمپراتۆریەتە گـەورەو دەسەڵاتە ئایینییەکان، بە درێژایی مێژوو لە هەموو جیهاندا سـەریـهـەڵـداوە، حیزب بـەهـۆی چەند ڕێساو ئامرازێکەوە خەڵک لەدەوری کۆبووەتەوە، هەڵبەت ئەم بەرنامەو ڕێبازە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیو فیکرو ئایینو کلتوور سەرچاوەی گرتووەو بەپێی ڕۆژگارەکانیش بەرنامەی حیزب گۆڕاوە، حیزب هەوێنی کۆبوونەوەی خەڵکانێک بووە تارادەیەک باوەڕیان بە یەک ڕێبازو ستانداردو پەیڕەوو پرۆگرام هەیە، حیزب لە زۆربەی جیهاندا لەلایەن خەڵکەوە پشتگیریی لێدەکرێتو بەشێکن لە خەڵکو ئەوان پێکیدەهێنن، بۆیە پێویستە بەپێی ویستو ئارەزووی کۆمەڵگا هەنگاوی گشتگیرانە بنێت، بەومانایەی کاتێک حیزب بەشێک دەبێت لە پێکهاتەی دەوڵەتو فەرمانڕەواییو پەرلەمانو دامودەزگا، ئیدی پێویستە حیزب ببێتە بابەتی گشتیو ئەو حیزبە پێویستە دەستبەرداری زۆرێک لە بنەما فیکرییو خواستە خۆییەکان ببێتو بەشێک بێت لە پێکهاتە گشتییەکە، بۆ نموونە ئەگەر حیزبێکی عەلمانی یان ئیسلامی ببێتە فەرمانڕەوا، پێویستە فەرمانڕەوایەتی گشتگیربن نەک بیری ئایدۆلۆژی خۆیان بسەپێنن بەسەر هاوڵاتییانداو دەسەڵاتدارێکی دادپەروەربن بۆ یەکەیەکەی کۆمەڵگا، جا ئەو تاکەش خاوەنی هەر بیروبۆچوونێک بێت.

هەڵبەتە داخوازیی حیزب بۆ خەڵکو خەڵک بۆ حیزب بەپێی سەردەمو شوێنەکان دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەگەر داخوازیی خەڵک لەپاش دروستبوونی حیزبەکانەوە واتە پاش چلەکانی سەدەی ڕابردوو، بریتی بووبێت لە پێدانی مافی کوردو دژایەتیکردنی دیکتاتۆریەتو بەهۆی فراوانیی دەسەڵاتی سۆڤیەتەوە بیری ئایدۆلۆژی شیوعیەتو کۆمۆنیست زاڵ بووبێت، قسە لەسەر ڕەنجدەرو ڕەنجبەر کرابێتو دواتر بیری سۆسیالیستو پاشان بیری ئیسلامی بووبێت بە بەشێک لە کارنامەی حیزبە کوردییەکان، هەر بەوهۆیەشەوە چەندین حیزبو گـروپو ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە کوردستاندا دەبینرێن، بەڵام پێویستە حیزبەکان بەپێی ڕۆژگارو داخوازیی کۆمەڵگاکەیان بڕیاربدەن، بەو مانایەی کۆمەڵگا پێویستی بە چی بێت، پێویستە حیزب بۆی فەراهەم بهێنێت، دەنا بەشێک نابێت لە کۆمەڵگاو حیزبی کۆمەڵگا نییە، بەتایبەتی کاتێک دێنە سەر قسەکردن لەسەر بردنەوەی زۆرینەی پەرلەمان، پێویستە تەنیاو تەنیا داخوازیی کۆمەڵگا بەشێک بێت لە بەرنامەی کاری حیزب، کۆمەڵگای کوردی لەئێستادا هێندەی پێویستی بە دامودەزگاکردنی دەوڵـەتو دروستبوونی چینێکی تەکنۆکراتو وەلانانی پیاوانی شاخو هێنانەوەی پیشەی پیاوانی شـارو پەرلەمانتارێکی کـارای پێویستە، یان هاوڵاتی هێندەی خزمەتگوزارییو ئاو و کارەبای پێویستە، تارادەیەکی زۆر کەمتریش لەوە داوای ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو ناکاتو تەبەنای هیچ بەرنامەیەک نییە، بۆیە پێویستە تێکرای حیزبەکان ئەمە لەبەرچاوبگرن نـەک سەپاندنی بیرێکی دیاریکراو.

هەڵبەت عەلمانیو ئیسلامییەکانی کوردستان هەندێکیان بەشێکی گەورەی توندڕەوییان تێدایە، کە ئامادەی سازشکردن نین لەسەر بنەما فیکریو ئایدۆلۆژییەکەیان، بۆ نموونە هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم کاتەدا بریتیبوو لە دابەزینی باڵی قادر عەزیز لەگەڵ ئیسلامییەکاندا، بەجۆرێک وەک خۆیان دەڵێن (ئێمە ئامادەی دانوستانین لەگەڵ کەسانێک لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە نزیک بین، نەک دوور)، هەرئەمەش وای لێکردن جیاببنەوەو لەگەڵ حیزبە دیموکراتخوازو چەپو لیبراڵەکاندا وەک خۆیان دەڵێن هاوپەیمانی پێک بهێنن، ئەمەش بیری تەسکی ئایدۆلۆژیو سازشنەکردن بۆ داواکاریی هاوڵاتییان تێیدا ڕەنگدەداتەوە، چونکە هێندەی شارەکانی کوردستان پێویستیان بە کارەبا هەیە، هێندە پێویستیان بە ئایدیای هیچکام لە حیزبە کوردییەکان نییە، بۆیە زۆرێک لە عەلمانییەتەکان لەژێر کاریگەریی ئایدیادا قسەدەکەنو کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پرۆگرامێکی تایبەتەوەو بابەتی گشتییان فـەرامـۆشـکـردووە، ئەویش خواستی هاوڵاتییانە لەسەر بەرنامەیەکی نیشتمانو خزمەتکردن بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە هەموو بیروبۆچوونێکی تایبەتەوە، تا نەچینەوە ژێر دەستی ئەو دەسەڵاتەی هێندەی بیری تاک تێیدا زاڵە، هێندە ئاواتو پێداویستی هاوڵاتی زاڵ نییە، یاخود لانیکەم پەرلەمانێکی چاوکراوەی لێهاتوو و زاڵ بەسەر کارەکانی حکومەتدا لەدایکبێت.

# پەرلەمان لە گەمەی بابە خولێوە... بۆچاوەڕوانی بودجە؟!

دیار بەکر

* هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان لە دەرئەنجامی کێبڕکێیەکی دیموکراتیانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە نەهاتووەتە کایەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەمان قبوڵ بێت کە لە گریمانەی پێناسەیەکی بەو جۆرەوە پەرلەمان مومارەسەی نوێنەرایەتی گەل دەکات، پێویستە ئەو دەسەڵاتەی لەو متمانەیەوە وەریگرتووە، لەو هەلومەرجەدا بیسەلمێنێت کە دیموکراسیەت پێویستی پێیەتی! بەڵام یەکێک لەو هۆکارانەی کە تواناکانی پەرلەمانی سەبارەت بەم مەسەلەیە خستووەتە ژێر پرسیارەوە، گەمەی بابەخولێکەیەتی بە زۆربەی ئەو یاساو بڕیارو ڕێنماییانەی کە پەیوەندییان بە هەڵوێستێکی یەکلایی کەرەوەی مەسەلە هەنوکەییو چارەنووسسازەکانەوە هەیە!

ئێستا ئەوەی زیاتر لە هەر شتێک پێویستی بە هەڵویستە لەسەرکردنە، مەسەلەی ئامادەکاریی پێداویستییەکانی هەڵبژاردنە، کە لەنێوان ئەگەری هاتنو نەهاتنی (بودجە)دا گیری خواردووە، پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمیش لە چاوەڕوانی هاتنیدا بێ هەڵوێست ماون!

یەکەمین هۆکارێک کاریگەری لەسەر نەبوونی ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەو نوێنەرایەتیو چالاک نەبوونەی پەرلەمان هەیە، نمایشکردنی دەوری پاشکۆیەتییەتی لە سیاسەتکردنی حیزبدا! بەداخەوە ئەمڕۆش حیزب لە غیابی دەستوورو ڕەوتی بایەخ پێنەدانانی یاسادا زیاتر لەهەر بەهایەکی دیکە، ئەوەندەی لە سوێو خەمی کۆنترۆڵکردنی ڕێککەوتنە ئابوورییەکانیەتی، هێندە گوێی بە هەڵبژاردن نییە! لەم حاڵەتەشدا ئەوە قەڵەمبازێکی گەورەیە کە بەسەر خواستی گشتیو زۆرترین متمانەی هاوڵاتییاندا دەدرێت!

ساڵی ١٩٩٢هەڵبژاردن کراو چ باسو خواسی بودجەش لە گۆڕێدا نەبوو، بەپێچەوانەی ئێستا هەلومەرجی ئەوکاتەش لەبار نەبوو، بەڵکو حکومەتی ئەوکاتەی بەعس ڕێگرو لەهەمانکاتیشدا تێکدەر بوو، بەڵام هەڵبژاردن ئیرادەیەک بوو هەر ئەنجامدرا!

ئێستا حکومەتی هەرێم ئەزموونێکو ئەو هەموو پارەیەشی هەیە، کەچی بە پلانێک پارە بۆ هەڵبژاردن تەرخان ناکات، بەهۆی بیانووی بودجە نەگەیشتنەوە! لەولاش وەک هاوکێشەیەکی ناسروشتی بۆ دواخستنی کایەی هەڵبژاردن دەڵێت (بودجەی هەڵبژاردن لە حکومەتی عێراقەوە نەهاتووە، ئەگەر بودجە نەگات هەڵبژاردن دوا دەخەین)، ئەوە وەک ئەوە وایە ئێمە لەبەرخاتری حکومەتی عێراق پرۆسەی دیموکراسی پیادە بکەین! ئەم بێخەمییە لە هەڵبژاردن، جۆرێک پەشیمانبوونەوەیە لە دیموکراسیبوون، ئەگەر نا دواخستنی هەڵبژاردن هیچ بیانوویەکی شەرعیو یاسایی نییە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی هەردوو دەسەڵاتی سەرۆکایەتیو پەرلەمان!

چەمکی ئاوەژووی ئەم بۆچوونەش ئەوەیە، ئەگەر بودجە نەبێت، هەڵبژاردن ناکەین، کە هەڵبژاردنیش نەبوو، دیموکراسی نابێت!

# لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددا
# دەبێت لەگەڵ گۆڕانی دەسەڵات بین لە هەرێمی کوردستان!



حاجی ئەنوەر

سویسرا

پێش ئەوەی هەر وشەیەک بڵێم، ڕووی دەمم دەکەمە ئەو تێکۆشەرو خاوەن هەڵوێستانەی ژێر دەسەڵاتی بەعسییەکانو کەسوکاری قوربانییانو شەهیدانو لە دواجاریشدا پێشمەرگ هۆشیارە خۆبەخشە دێرینەکانی کوردستان، کە مەنتیق وایە هیچ یەکێک لەو ئازیزانە دژ بەو ناونیشانەی سەرەوە نەبن، چونکە ئەوان زەرەرمەندو قوربانیی بوون لە ڕابردوواو بەردەبازیشن لە ئەمڕۆدا.

ئەم پێشنیازە لە کورتیدا دەبڕێنمەوە بەو هیوایەی ببێتە جێگای گفتوگۆو لە ئەنجامدا سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی ڕاستەقینەو دڵسۆز بە ئاواتو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد، تا لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا جڵەوی دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتە دەستو کۆتایی بە ترسو دڵەڕاوکێی هەموو ساتەکانی مرۆڤی کورد لە باشووردا بهێنێت.

ئاشکراشە پارتیو یەکێتی هەروا بەئاسانی دەستبەرداری دەسەڵاتو دەستکەوتەکانیان نابن، بەڵام بۆئەوەی لەوە زیاتر مێژوویان لەکەدارو ڕەشتر نەبێت، دەبێت باوەڕیان هەبێت، زانا ئەو کەسەیە وانە لە کەسانی دیکەوە وەردەگرێت، نەک وانەی لێوە وەربگیرێت.

مێژووی مرۆڤایەتی دووپاتیکردووەتەوە هیچ دەسەڵاتێکی نادیموکراتی هەرچەندە بەهێزیش بووبێت، نەیتوانیوە تاسەر درێژە بە تەمەنی بداتو وەک گاڵتەجاڕیش کۆتایی پێهاتووە،

بۆئەوەی کارەسات ڕوونەدات، چۆن خەڵکی کورد ڕەچاوی بارودۆخی کوردستانیان کرد (ئەگەرچی لە وەهمێک زیاتر شتێکی دیکە نەبوو!) چاویان نوقاند، گوێچکەیان داخست، زمانی خۆیانیان بەست، سکی برسێتی خۆیانیان هەڵگوشی، لە بەرامبەر هەزاران هەزار کارو کردەوەی ناشارستانیو دوور لە هەر ڕەوشتێکی ڕاستەقینەی مرۆڤانەو بەرگەی ئەو هەموو کارەساتانەیان گرت کە پارتیو یەکێتی خوڵقێنەری بوون، تەنیاو تەنیا لەبەرئەوەی دوژمنانی کورد زەفەری زیاترمان پێ نەبەن! دەبێت بەرپرسانو بڕیار بەدەستەکانی ناو پارتیو یەکێتیش تۆزقاڵێک بەرپرسیارێتی لەخۆیان بنوێننو پێشێلی ئەو مافە سروشتییەی خەڵکی نەکەن لە گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی، چونکە ئەزموونی (١٨) ساڵی ڕابردوو دووپاتیکردووەتەوە کە پارتیو یەکێتی نەک نەیانتوانیوە کێشە جۆراوجۆراکانی نەتەوەی کورد لە چارەسەر نزیک بکەنەوە، بەڵکو بۆ چەندین دەیە گێڕاویانەتە دواوە.

**دەبێت چی بکەین:**

١- ئەرکی نەتەوەییو ئەخلاقی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی پاکی کوردە کە هەریەکە بەپێی تواناو لە بواری پسپۆڕی خۆیدا شان بداتە بەر لاشەی شەلاڵو ماندوو چەقیوی دەزگای ئیدارەدانو بەڕێوەبردنی هەرێمو نەتەوەی کوردو لەم میحنەتە ڕزگاری بکات، ئەویش بە گەڕاندنەوەی کەرامەتو شەهامەتی مرۆڤانەو نەتەوەییان، کە تەنیا ڕێگاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسییە لەلایەن کەسانی دڵسۆزو پسپۆڕ لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەتەواوی ماناوە.

٢- هەڵبژاردنی پەرلەمان لە مانگی ئایار، هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازەو فرسەتێکی دیکەی وەک ئەو چەندین فرسەتەی بۆ نەتەوەی کورد لە باشووردا سەریهەڵداوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی پێویستو ئامادەنەبوونی ئەو ژمارە کەمە لە مرۆڤە دڵسۆزو خەمخۆرەکانەوە، فرسەتەکان لەبارچوون.

ئەمڕۆ پاش دەیان شکستو کارەساتی جەرگبڕ، نەتەوەی کورد هەم ئەزموونێکی باشی کۆکردووەتەوە، خاوەنی سەدان مرۆڤی ئەکادیمیو پسپۆڕە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، ئەرکی سەرشانی یەکە بەیەکەیانەو هیچ بەهانەیەک نییە بۆ شان خاڵیکردنەوەو لەئامێزنەگرتنی ئەو ئەرکە نەتەوەییو مرۆڤانەیە، ئەویش بە ناساندنی لیستێک لەو کەسایەتییە پاکو خاوەن هەڵوێستو تەکنۆکراتو ئەکادیمستەکان، کە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد لە باشووردا بکەنو هەوڵی کۆتایی بە کێشە کەڵەکەبووەکانی نەتەوەی کورد بەگشتیو باشووری کوردستان بەتایبەتی بهێنن.

٣- لەئەنجامی نەبوونی دادپەروەرییو پێشێلکاری بەردەوامی مافە سروشتییەکانی هاوڵاتییانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە، خەڵکی بەگشتیو خۆبەخۆ کەوتوونەتە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، بەڵام ئەم ئۆپۆزسیۆنە پەرشوبڵاوە، نارێکخراوە، خاوەنی ئەجەندەو ڕابەڕایەتییەکی یەکگرتوو و سەرانسەری نییە،

ئەرکی سەرشانی ئەو خەمخۆرانەی نەتەوەو ڕۆشنبیرانی بەرەی گەلە، کە تەواوی کێشە شەخسیەکانیان وەلاوەبنێنو جدیی بن لە کۆکردنەوەو پێشڕەویکردنو ئامادەکردنی جەماوەر، بە ئامانجو بەرنامەی گۆڕانەوە بەرەو سندوقەکانی هەڵبژاردن.

٤- سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو کەناڵانەی (ڕاگەیاندنو پەیوەندییە گشتیو مەدەنیو سیاسییەکان) کە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان نەیانتوانیوە قۆرخیان بکەن، بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی سەرکەوتنی ئەو لیستەی کە ئامانجی گۆڕانوگۆڕانکاری بەرفراوانو ڕیشەیییە لە سیستەمو بەڕێوەبەرایەتیو فەرهەنگی کۆمەڵگاداو هێشتا ناوی لەسەر دانەنراوە، من پێشنیازی ناوی لیستی گۆڕانی دیموکراتیو ڕزگاری نیشتمانی دەکەم بۆ لیستی ئاماژە بۆکراو.

٥- نابێت بەهیچ جۆرێک بوار بدرێتە پارتیو یەکێتی تا پەلاماری جەماوەرو لیستەکانی دیکە بداتو هەستێت بە کڕینو تەزویری دەنگەکانو کاری توندوتیژییو هەڕەشە بەرامبەر دەنگدەران ئەنجامبدات، دەبێت هەوڵی تەواو بدرێت بەتایبەتی لەلایەن کوردە نیشتەجێبووەکانی دەرەوەی وڵات، کە سەردانی زۆرترین زۆری دەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە سەربەخۆکان بکەنو داوابکەن چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بکەن.

٦- دەبێت داوابکرێت لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ کوردانی تەراوگە بتوانن بەشداریی لە دەنگدانو پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، چونکە لەناو کوردانی هەندەراندا ژمارەو ڕێژەیەکی بەرزی نارەزایەتی بەرامبەر سیستمی دەسەڵاتی ئێستای کورد لە باشووری کوردستان هەیە، کە ئامادەن دەنگبدەن بۆ لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئایندەدا.

٧- هەڵبژاردنی دەستەیەک لە کەسایەتییە پاکو ئازیزانەی سەرەوە کە پێشەنگی لیستی گۆڕان بن، ئەوانە دەبێت کەسانێک بن کە لەڕووی دڵسۆزییو بیروباوەڕو تواناو شارەزاییو جەربەزەییەوە، بتوانن نوێنەرایەتی جەماوەر بکەنو پرۆسەی گۆڕانکارییو دژوارییەکانی ڕابەڕایەتی بکەن.

٨- بەبڕوای بەندە، هەریەک لە کاک (جەوهەر نامیقو نەوشیروان مستەفا) وەک کەسایەتییەکی ناسراو و خاوەن نفوزو ناڕازی بە سیستەمو شێوەی بەڕێوەبردنی باشووری کوردستان، دەتوانن مەشخەڵ بەدەستانی ڕۆشنکەرەوەی ئەو تاریکستانە دەبن، بەڵام پێویستە لەناو ئەم جوڵانەوەیەدا زۆر کەسایەتی سیاسیو ڕۆشنبیرییو ئەکادیمیو کۆمەڵایەتی هەبن، کە مۆرکی سەرانسەرییو تازەگەرێتی ببەخشن بە هەڵمەتەکەو زەمانەتی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیو دیموکراتی لە کۆمەڵگای کوردستان بکەن، کە دووربێت لە ململانێو پێوەرە کلاسیکییەکانی یەکێتیو پارتی.

٩- پێویستە لەسەر برایان کاک (جەوهەر نامیقو نەوشیروان مستەفا) خەڵکی کوردستان دڵنیابکەنەوە، کە ئەم هەڵوێستەیان گەمەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو پێویستییەکی هەنوکەییە، ئەویش بە ئاشکراکردنی هەڵوێستی ڕوونو ئاشکرایان بەرامبەر جێگۆڕکێی دەسەڵاتو سیستمی حوکم لە داهاتووی کوردستانێکی بەپیتو بەرەکەتی کشتوکاڵیو چوار وەرزی دیاریکراوو جێگاو ڕێگایەکی ستراتیژیو خاوەن دوو بەربەستی گەورەو چەندین زێو ڕووبارو چەم، ئەمە بێجگە لە دەستە ڕەنگینەکانی کارکردنو بیرە تیژەکانی بیرکردنەوە، لە سەرووی ئەمانەشەوە بوونی سەدان بیر لە ئاڵتونی ڕەش، ئەگەر بیرێکی پاکو دڵسۆزانە لە ئارادا بوایە، چەند ساڵێک بوو کوردستان دەبووە دوبەی.

١٠- ئەوەی لەئێستادا پێویستە بە کاوەخۆ بیری لێبکرێتەوە، پیشاندانی ڕێگایەکی ڕوونو ڕاشکاوە بۆ ڕزگاربوون لە هەموو ئەو کێشەو قەیرانە سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیانەی ئەمڕۆ دووچاری کۆمەڵگاکەمان هاتوونو یەکێتیو پارتی لەچارەسەرکردنیدا بێ تواناو بێ دەربەستن، گێڕانەوەی متمانەو باوەڕبەخۆبوونە بۆ میللەتەکەمان کە دەبێت خۆی سەرپشکو بڕیاردەربێت لە ئایندەو دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگاو نەتەوەکەی. گرنگە هەموو دەنگە ناڕازییەکانی ئەمڕۆی کوردستان بە دژی هەلومەرجی سەپاو و نارەوای داگیرکەرانو سیستمی دەسەڵاتی هەرێم لەژێر چەترێکدا کۆبکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تۆڕێک لە کەناڵەکانی پەیوەندی لە دەرەوەو ناوەوە دروستبکرێتو سەرئەنجام بەرەیەکی خاوەن بەرنامەو لیستێکی ئاشکرا لە کەسایەتییە کاندیدکراوەکانی لێبکەوێتەوە، هەمووشی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن ئامادەو تەیار بکرێن.

١١- هەوڵبدرێت هەموو دەنگە نارەزاییو ڕەخنەگرەکانی ناو یەکێتیو پارتیو دامودەزگاکانی حیزبیو حکومەت، دژ بە بیرۆکراتیو گەندەڵی بێ هەڵوێستیو ناکارایی، بە بەرەی گۆڕان پەیوەستبکرێنو دڵنیابکرێنەوە، مەبەستو ئامانجەکانی گۆڕانکاریی بەدوورە لە دژایەتی کوێرانە یا لەبەرچاونەگرتنی دەستکەوتەکانی تائێستای گەلەکەمان کە لە ڕابردوودا لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە بەدیهێناون، لە ئایندەشدا سوود لە دڵسۆزییو پسپۆڕییو لێهاتوییان بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی گۆڕان وەربگیرێت.

١٢- گرنگە کاندیدەکانی لیستی بەرەی گۆڕان بژاردەیەک بن لەهەموو ئەوانەی کە لە هەموو بوارەکاندا دەتوانن نوێنەرایەتی خواستو داواکارییەکانی میللەتو گەنجانو خوێندکارانو ژنانو ئەو چینو توێژانە بکەن کە مافەکانیان پێشێلکراوە، دەتوانن بۆ پێشکەوتنی کوردستانو ئاوەدانکردنەوەی ڕۆڵی گرنگو بەرچاو بگێڕن.

١٣- بۆئەوەی ژیانی دیموکراسی بەرقەرار بێت، دەبێت جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ لە بەندی یەکەمەوە تا دوابەند جێبەجێ بکرێتو ببێتە وانەیەکی سەرەکی لە قوتابخانەکانی سەرەتاییو ناوەندیدا، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا گرنگی تەواوی پێبدرێت.

١٤- دەبێت گرنگی تەواو دڵسۆزانە بە کارەساتەکانی ئەنفالو کیمیاباران بدرێتو هەوڵبدرێت ئەم دۆسیە فەرامۆشکراوو پشتگوێخراوە لەسەر ئاستی دنیادا هەڵمەتێکی فراوانی بۆ ئەنجامبدرێت، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان ناچاربکرێن کە بە فەرمی دان بە جینۆسایدی گەلەکەماندا بنێن، کاری دەستبەجێش بۆ کەسوکاری قوربانییەکانو ناوچەکانیان بکرێتو ڕێزو سەروەرییو ئاسودەیی دەروونیو کۆمەڵایەتییان بۆ بگێڕێتەوەو لە پەرلەمانیشدا دەنگو نوێنەرایەتی تەواویان هەبێت.

١٥- لە تەواوی دەسەڵاتە دیموکراتیو تا نیمچە دیموکراتییەکانی دنیادا ئۆپۆزسیۆن وەک بەشێک لە کۆمەڵگا، مافی خۆیانە کە بەهرەمەند بن لە سەروەتو سامانی وڵات، بەڵام ئەوە تەنیا ڕژێمە دیکتاتۆرو کۆنەپەرستەکانن نەک دان بەم مافەدا نانێن، بەڵکو سیاسەتی برسیکردنو دەربەدەریو سڕینەوە بەرامبەر موخالفینی خۆیان پیادەدەکەن، پێشنیازدەکەم لەکاتی بوونی ئەم بەربەستەداو بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کۆسپەدا، هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی دارایی بەرپابکرێت کە سیستەمو ڕێوشوێنێکی یاساییو شەفافانە بەخۆوە بگرێتو بەدووربێت لەو نەریتو خراپەکارییانەی تائێستا لەم بوارەدا پیادەکراوە.*

ئەرکە پێویستەکان:

١- ڕۆژنامەنووسان دەبێت شەرەفی پیشەو پیشەگەرێتی خۆیان بپارێزن، بۆ هاوبەشیکردنی جدییو داکۆکیکردن لە ڕەوتی گۆڕانکارییو وەستانەوە بە ڕووی گەندەڵیو بێدادیو بەرتەسککردنەوەی ئازادییو دیموکراسی لە کوردستان.

٢- دەبێت ئەندامە دڵسۆزەکانو پێشمەرگە دێرینە خۆبەخشەکانی ناو یەکێتیو پارتی ڕۆڵی جوامێرانەی خۆیان ببینن، چیتر ڕێگانەدەن خەباتو قوربانییەکانیان، خوێنی گەشو پاکی هاوڕێکانیان، ببێتە بەردەبازی ژێرپێی گەندەڵکاران، دەبێت لە هەوڵی بێوچانداُبن بۆ گێڕانەوەی سەروەرییو مەزنییان، ئەوەش بە هێنانەدی ئەو ئاواتانەیە کە گیانی خۆیانیان لەپێناودا بەخشی کە سەروەریی وڵاتو ئازادیی گەلە، تەنیا ڕێگاش سیستمێکی دیموکراتییە.

٣- نوێنەرانی لیستی بەرەی گۆڕان پەنابەرن بۆ دادگا، لە دادگادا چەند دادوەرێک دیاریبکرێت لە دادوەرە سەربەخۆکان، لە گۆڕستانی قوربانیانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، لەبەردەم سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەردوو دەستیان بخەنە ناو تێکەڵەیەک لە خاکی هەر چوار پارچەی کوردستانو پەیمان بدەن:

سوێند دەخۆم بە گۆڕی هەموو شەهیدانو قوربانیانی شۆڕشەکانی کوردستان، بە قوربانیانی ئەنفالو کیمیاباران، بە زریکەو ئاهونزای ئەو منداڵو ژنو پیاوانەی کە بەبێ تاوان زیندەبەچاڵکران، بە ناوی پێشمەرگە، بە ویژدانو سەروەریی هەموو ئەوانەی تا ئەم ساتەوەختە خیانەتیان نەکردووە، گەندەڵییان نەکردووە، خیانەت لە کوردو کوردستان نەکەمو بەرژەوەندی گەلو نیشتمان بخەمە پێش بەرژەوەندی خۆمەوە.

Hajianwar54@yahoo.de

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا** R١ – ٥٩٢

پرۆژە: دروستکردنی بینای ناوەندی وەرزش و لاوانی بەکرەجۆ (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەست ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا** R١ – ٦٣٢

پرۆژە: راکێشانی کارەبا بۆ (پرۆژەی ئاوی راپەڕین + پارکی دایک + وێستگەی گەڕەکی سارا لە دوکان) دووبارە.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا** R١ – ٥٨٩

پرۆژە: دروستکردنی بینای ناوەندی وەرزش و لاوانی بابان لە سلێمانی (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٩ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٦٠٠٠٠٠٠) شەست ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة إستئناف منطقة كركوك في السليمانية

العدد: ١/س/٢٠٠٩
التأريخ: ١٤/٥/٢٠٠٩

**(اعلان)**

المستأنف/ بهجت كريم حمه خورشيد
إلى المستانف عليه/ نظام احمد على

المستأنف (بهجت كريم حمه خورشيد) قام بالطعن استئناف في القرار البدائي الصادر من محكمة بداءة ضم ضمال بالعدد ٤٢٠/ب/٢٠٠٨ في ٣١/١٢/٢٠٠٨ لدى محكمتنا هذه بالعدد ١/س/٢٠٠٩ طالبا فسخ القرار البدائي المتضمنا لزامك بدفع مبلغ ١٠٠,٠٠٠ مائة الف دينار من أصل المبلغ المدعى به مع المصاريف و أتعاب المحاماة ولكونك مجهول محل الاقامه حالياً عليه قررت هذه المحكمة تبليغك اعلانا بوسيطة صحيفتين يومتين محليتين بحضورك صباح يوم ٢٥/٦/٢٠٠٩ امام هذه المحكمة للمرافعه أو ارسال وكيل عنك بعكسه سوف تجرى المرافعة يحقك غياباً بموجب القانون.

الرئيس
اكرم فرج امين

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانيه/ ٣
ژمارە/ ١١٢٠/ب/٢٠٠٩
رێکەوت/ ٢٠٠٩/٥/١٧

**ئاگاداری**

بۆ داوا لەسەرکراو (جمال سعید عبدالله) شوێنی نیشتەجێی ئێستات نادیارە داواکار (خانم سعید رشید) داوای ژمارە (١١٢٠/ب/٢٠٠٩) لە بەرواری (٢٠٠٩/٥/٥) لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا هاتووە هاوبەشە لەگەڵ تۆدا لە موڵکی ژمارە ٤٤/١٤٣ کەرتی/ ٦ فەرەتۆغان لەبەر ئەوەی بە شێوەی هاوبەشی سودی لێ وەرناگرێت داوا دەکات لە دادگا بۆ بانگهێشت کردنت بۆ دادبینی و پاشان بڕیاردان بە نەهێشتنی ئەو کۆبەشیە بە دابەشکردنی ئەگەر شیاو بێت ئەگەرنا، بە فرۆشتن بەرێگای فرۆشتنی ئاشکراو پاشان دابەشکردنی نرخەکەی بە سەرتاندا هەر کەسە بەپێی پشکەکەی لەگەڵ گرتنە ئەستۆت بۆ تێچوونی دادگاییەکە.

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت لەم کاتەدا نادیارە وەک لە روونکردنەوەو ئاگادار کەرەوەی داهاتووە پشت راستکراوەی موختاری گەڕەک (سابون کەران) لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئامادە بونت لە سەر لەبەیانی رۆژی دادبینی رێکەوتی (٢٠٠٩/٦/٣) لە بەردەم ئەم دادگایەوە یان نارنی نوێنەری یاسا بە پێچەوانەوە دادبینی دەکرێت بە مافت بە نادیارو ئاشکرا بەپێی بنەماکان...

دادوەر
**هاشم عبدالحامد حمه سعيد**

---

وزارة العدل
مديرية التسجيل العقارى العامة
دائرة التسجيل العقاري فى ضمضمال
لجنة تثبيت الملكية في ضمضمال

العدد/ ٢٥٠٣
التاريخ/ ١٧/٥/٢٠٠٩

(أعلان)

(قرار تثبيت عادية عقار مجددا)

بناء على ثبوت عائديه تمام العقار التسلسل (٢٩٩) محلة (بێ کەس) الى طالب التسجيل (ورثه/ كريم صالح چاوش) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٠٠٩/٥/١٣ الصادر من هذة اللجنة علية نعلن هذا القرار و على من لدية اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما أعتبارا من اليوم التالى لنشر هذا الأعلان و عند انتهاء.

حاكم محكمة بداءة چمچمال
رئيس لجنة تثبيت الملكية في چمچمال

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ١

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
ژمارە/ لە خوارەوە
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٨

**ئاگاداری**

پشت بەستن بە بریارێک کە لەم دادگایە دەرچووە لە بەرواری (٢٠٠٩/٤/٢٢) سەبارەت بە نەهێشتنی بەشەکانی (ازالە شیوع) لەسەر موڵکی ئاماژە پێکراو کە لە خوارەوە هاتووە بە فرۆشتنی لەبەر ئەوە ناتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر هاوبەشەکانی دا لەبەر ئەوە موڵکەکە دانرا لە زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لەدوای بڵاو بوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەیەکی رەسمی دا لەبەر ئەوە هەرکەسێک ئارەزووی کرینی هەیە لە هاوبەشەکانی یان هەر کەسێکی تر بێجگە لە هاوبەشەکانی سەردانی ئەم دادگایە بکات بە مەرجێک ١٠٪ی بارمتەی بهێنێت لە نرخی خەملێنراو ئەگەر هاوبەش نەبوو، بەڵام ئەگەر لە هاوبەشەکانی بوو کێ ئەبوورێت بەپێی ئەو بەشەی کە هەیەتی لە موڵکەکەی لەکاتی تەواو بوونی ماوەی یاسایدا لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دواهەمین رۆژی زیاد کردنەکە دەست پێ دەکات و رەوانەکردنی بنبرەش بۆ ئارەزوومەندی کۆتایی بە پەیمانەکەیەوە ئاشکرا دەکرێت ئەگەر رۆژی زیادکردنەکە رێکەوتی پشوویەکی رەسمی بکات ئەوا ئەو رۆژەی دوای پشوو دێت بە رۆژی زیادکردن دادەنرێت، رەسمی تۆمارکردن و بانگەوازیش لەسەر کریارە.

* ژمارەی موڵکو روبەرو نرخەکاشیانەو ژمارەی داواکانیانە:

١ ـ ١٤٠/٦٤٦ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باشوری رۆژئاوایە نرخەکەی (١٨٩٠٠٠٠٠) هەژدە ملیۆنو نۆسەد هەزار دینارە ژمارەی داواکەی ٤٨٤/ب/٢٠٠٩.
٢ ـ ١٤٠/٥٤٥ م٢ قرگە روبەری ١٦٠ م٢ یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٦٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٨٢/ب/٢٠٠٩.
٣ ـ ١٤٠/٦٩٥ م٢ قرگە روبەرەکەی ١٦٠م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٦٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٨/ب/٢٠٠٩.
٤ ـ ١٤٠/٦٨٣ م٢ قرگە روبەری ١٦٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٦٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٧/ب/٢٠٠٩.
٥ ـ ١٤٠/٦٧٧ م٢ قرگە روبەری ١٦٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٦٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٤/ب/٢٠٠٩.
٦ ـ ١٤٠/٦٨٧ م٢ قرگە روبەری ١٦٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٦٠٠٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٨٣/ب/٢٠٠٩.
٧ـ ١٤٠/٦٦٤ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باشووری رۆژئاوایە نرخەکەی (١٨٩٠٠٠٠٠) هەژدە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٥/ب/٢٠٠٩.
٨ـ ١٤٠/٦٦٢ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باشوری رۆژئاوایە نرخەکەی (١٨٩٠٠٠٠٠) هەژدە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٣/ب/٢٠٠٩.
٩ـ ١٤٠/٦٤٢ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باشوری رۆژئاوایە نرخەکەی (١٨٩٠٠٠٠٠) هەژدە ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٩/ب/٢٠٠٩.
١٠ـ ١٤٠/٦٥٣ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٣٢٥٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٦/ب/٢٠٠٩.
١١ـ ١٤٠/٦٦٣ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٣٢٥٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٨١/ب/٢٠٠٩.
١٢ ـ ١٤٠/٦٦١ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٣٢٥٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٨٦/ب/٢٠٠٩.
١٣ ـ ١٤٠/٦٥٤ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٣٢٥٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٨٠/ب/٢٠٠٩.
١٤ ـ ١٤٠/٦٤١ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٣٢٥٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٧٢/ب/٢٠٠٩.
١٥ ـ ١٤٠/٦٤٥ م٢ قرگە روبەری ١٥٧/٥٠ م٢یە رووەو باکوری رۆژهەڵاتە نرخەکەی (١٧٣٢٥٠٠٠) حەڤدە ملیۆن و سێ سەدو بیستو پێنج هەزار دینار ژمارەی داواکەی ٤٨٥/ب/٢٠٠٩.

ئەم موڵکانە لە کۆمپانیای خانوەکانی نەوزادی کۆن بەرامبەر بە (٣٨) تەکانی هۆمرە کوێرە هیچی لەسەر نییە هەمووی زەوی نیشتەجێیە کارگوزاری تێدا نییە.


خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# کوشتنی دیموکراسی



**محەمەد حەمە حەسەن**

ر ێککە و تننا مە ستراتیژیەکەی نێوان هەردوو حیزب جگە لەوەی گەمەیەکی دیکەی هەردوو حیزبە بەناوی دیموکراسییەوە، سەرەتای ئاکارێکی سیاسیانەی ناتەندروستە بۆ ئەتککردنی خودی دیموکراسیەتو فێڵیکی دیکەی سیاسیانەی هەردوو پارتەکەیە لە میللەت بەناوی پاراستنی ئەزموونی هەرێمو باشترکردنی ژیانی خەڵک، ئایا ئەو ڕێککەوتنەی نێوان (پارتیو یەکێتی) لەبیری بیرکردنەوەی بەژەوەندییە باڵاکانی میللەتەوە سەریهەڵداوە؟ یان بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو کەموکوڕیو گەندەڵیانەیە کە چەندان ساڵە سەرتاپای هەردوو ئیدارەکەی داپۆشیوە!؟ چیدی میللەت لەوە زیاتر ئامادە نییە باجی بۆ بدات، یان بەشێوازێکی دیکە دەتانەوێت جەماوەر بەوە فریوبدەن بەناوی (پیلانو ئەگەرو خەتەرەکان) لەسەر ئەزموونی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، کە لەڕاستیدا هیچی وانییە جگە لە عەقلیەتی پاوانخوازییو یەکتر قبوڵنەکردنو باوەڕ نەبوون بە شکستو دەستاودەست نەکردنی دەسەڵات کە حوکمڕانی دوو دەیەی ڕابردووتان شاهیدی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستیانەن، یان دیسانەوە بەهەمان سیاسەتو پێوەری پێشووی حکومڕانیتان، دەتانەوێت پاوانی سەرجەم کایە سیاسیو ئیدارییەکانی کوردستان بکەنەوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی سەروەتو سامانی ئەم (گەلە) بۆ هەردوو حیزب بۆ چەندان ساڵی دیکە، ئەو سەردەمانە خەریکە بەسەردەچێتو جەماوەر زۆر لەوە چاو کراوەترەو بەو شێوازە حوکمەی ئێوە ڕازی نابێت، ئەو شێوازە حوکمڕانییەی ئەمڕۆ لە کوردستان پیادە دەکرێت، نەک لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، بگرە لەزۆربەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیشدا پیادە ناکرێتو کاری پێ ناکرێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسیدا نەبووەو نەبینراوە! کە سەرجەم پۆستە سیاسیو ئیدارییەکانی وڵات لەپێش هەڵبژاردنو دەنگدانەوە دابەش بکرێت، هەم دیسانەوە دەتانەوێت بەناو لیستی هاوبەشو ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوانتان بۆ سەرجەم هەڵبژاردنەکان بە لیستی هاوبەش بەشداریی بکەن، کە هەر خۆتان ئیمزاتان کردووەو ڕێککەوتوون بۆ چوار ساڵی یەکەمو دووەمی ئایندەی بەڕێوەبردن بکرێت، لە هەرێمی کوردستان نەبێت! لە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دیموکراسیدا تێیدا جەماوەر لە ڕێگای هەڵبژاردنو سندوقەکانی دەنگدانەوە چارەنووسی خۆیو شێوازی حوکمڕانیکردن لە وڵاتدا دیاریدەکات، تەماشای سیستمی دیموکراسی بکەن، لە دونیادا نەبووەو نەبینراوە دەسەڵاتی چوار ساڵی یەکەمو دووەم دیاریبکرێت کە هێشتا کاتی نەهاتووە، کە ئەوەش ئایندە بڕیاری لەسەر دەدات!!؟ ئەوەش دەلالەت لە سەندنەوەی دەسەڵاتە لە (گەل)و خۆڵکردنە چاوی خەڵکو پساندنی ئیرادەی (گەل)ە، لە دونیای دیموکراسیوکۆمەڵگای پێشکەوتوودا (گەل) دەسەڵات دیاریدەکات لە ڕێگای هەڵبژاردنو سندوقەکانی دەنگدانەوە! نەک دەسەڵات پێش ئیرادەی (گەل) بکەوێت، ئەم شێوازە حوکمڕانییەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، جۆرێکە لە خۆسەپاندن لەژێر سێبەری دیموکراسیەتدا.

# ئەگەر تورکمانەکان دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن



**نازم سائیغ**

**پرۆژەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژیی لەنێوان کوردو تورکمان، هەرچەندە پرۆژەیەکی تێروتەسەل نیە، بەڵام پرۆژەیەکی باشەو دەتوانرێت قبوڵبکرێتو دەوڵەمەندبکرێت**

تورکمانەکان لە عێراق بەگشتیو لە شاری هەولێریش بەتایبەتی، میللەتێکی ڕۆشنبیرو خاوەن زمانو کلتوورو فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندنو نفوزێکی زۆریشیان هەیە، بەڵام حکومەتو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، هەرهەموویان ئەم میللەتەیان پەراوێز کردووەو مافەکانیانان پشتگوێخستوون، بەپێچەوانەش میللەتی تورکمان بەردەوامبووە لە داکۆکیکردن لە خاکو نیشتمانەکەی، حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکانی کوردستان تەنیا بۆ ڕازاندەوەی وێنەی سیاسەتی خۆیان باسی تورکمانو مافەکانیان دەکەن، بەتایبەتی لە ساتو کاتی پێویستی وەک هەڵبژاردن، ڕۆژانە چەندین چاوپێکەوتنو وتاری سیاسیی لەلایەن لێپرسراوان دەخوێنینەوەو گوێبیستی دەبین لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانو شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەربارەی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری تورکمان، وای بە چاک دەزانن کاروباری تورکمان بۆ تورکمانەکان بێتو خۆیان چارەنووسی خۆیان دەستنیشان بکەن، بەڵام ئەم قسانە تەنیا بۆ میکیاژکردنی ڕووی سیاسەتەکەیانەو دەستتێوەردانیش بەرەو پەرەسەندن دەچێت، لە هەڵبژاردنی خولی پەرلەمانی ڕابردوو، واتە ئەو پەرلەمانەی ئێستا کە دوو مانگ لە تەمەنی ماوەو بەرەوکۆتایی دەچێت، چوار ئەندامیان بۆ تورکمان دامەزراند لەسەر بنەمای فیفتی فیفتیو ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حیزبە سەرەکییەکە (پارتیو یەکێتی)، بەڵام ئەمجارەیان قوڕەکە زیادیکردو مەسەلەکە زیاتر ڕووی لە ئاڵۆزبوون کرد، لیستی هەردوولا مایەوەو هەندێک لە کێشەکەیان لەسەر خۆیان لاداو خستیانە سەر ئەستۆی تورکمان، تا تورکمان گلەییان لێ نەکاتو بڵێن خۆتان ئەندامەکانتان دیاریکردووە، ئێستا پێشبڕکێیەکی بێسوودو بێ بنەماو بەبێ هیچ پێوەرێک ئەندام کاندید کراوە، بەڵکو تەنیا لەسەر بنەمای نەتۆرانی سەرکردەکانی کورد، کاندید نەکردنی ئەو جۆرە کەسانەی کە زگ سووتاوی میللەتەکەیانو بە توندڕەو ناویان دەبەن، جا لێرەدا ئێمە هیچمان نەکرد، بەڵکو تەنیا ناوی ئەندامەکانمان گۆڕیو هیچی دیکە، بەڵکو بە باشتری دەزانم هەروەک خۆی بەجێبهێڵین، دامەزراندنی ئەو پێنج ئەندامەی ئەمجارەشیان هەر لەلایەن ئەوان بێت، چونکە دەستنیشانکردنو کاندیدکردنی ئەو ئەندامانەی کە ئێستا هیچ جیاوازییەکیان نابێت لەگەڵ ئەندامانی پێشوو، واتە هیچمان بەهیچ نەکرد، بەڵام ئەمانە هەموویان ئەوە ناگەیەنێت کەوا تورکمان دەستەوئەژنۆ بوەستێتو تەسلیمی ئەمری واقیعی سەپێندراو بێت، بەڵکو گەڕان بەدوای چارەسەرێک بەرامبەر ئەم گەمەیە بوو بە ئەرکو خەباتی هەرە سەرەکی تورکمان، بەتایبەتی لەم ڕۆژو قۆناغە هەستیارە. گۆڕانو گۆڕانکاری سیاسی فاکتەرێکی زۆر گرنگە لە ژیانی گەلانو ئەم گۆڕانەش تایبەتمەندییەکی هەیە بۆ ژیانی تورکمانی سیاسیی، چونکە ئەوا نزیکەی (١٨) ساڵە یا زیاتر یا کەمتر، هیچ گۆڕانکارییەک نەهاتووەتە کایەوە لە ژیانی سیاسیی تورکمان، ئێمەش ئومێدەوارین گۆڕانێک ڕووبدات، لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی بەعەقلیەتێکی مۆدێرنو دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی تورکمان بکات، وەک برا بەبێ هیچ جیاوازییەک بە ئاواتو خواستەکانی خۆی دەگاتو دوا بزمار لە تابوتی ناکۆکیو پێشێلکارییو گەندەڵی دەچەقێنێتو بەرەو زبڵخانەی مێژووی دەبات، لیستی گۆڕان کەوا ئێستا بەهەموو قورسایی خۆی بەشداریی ئەم پێشبڕکێیە دەکات بەرامبەر ئەم لیستانەی کە خۆیان سازداوە بۆ هەمان مەبەست، تورکمانەکان لە هەولێر وجودێکی باشیان هەیەو دەتوانن بۆ خۆیان زۆر دەستکەوت بەدەست بهێنن لە بارودۆخێکی دیموکراسیانەو شەفاف بەبێ دەستتێوەردان، هەروەها ببن بە لای تەرازوو، هەروەک بەدیارکەوت لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، هەربۆیەش تورکمان ژمارەیەکی سەختە لە ڕێژەی سیاسیی، سەرۆکی لیستی گۆڕان خاوەنی بیرۆکەی ئەم لیستە، بەر لە چەند مانگێک پرۆژەیەکی باشی داڕشتبوو دەرهەق بە کێشەی تورکمان لە عێراق، بەگشتی لایەکی پرۆژەکەش دەرهەق بە تورکمانەکان بوو لە شاری هەولێر، ئەوەی جێگای سەرنجە لەلایەن تورکمانەکان، ئامانج لە داڕشتنی ئەم پرۆژەیە چییە، ئایا ڕیکلامێکی پێشوەختی هەڵبژاردن بوو؟ ئەگینا چەند ساڵە بۆ ئەم پرۆژەیەی دانەدەڕشت؟ ئایا تاچەند پابەند دەبێت بەرامبەر پرۆژەکەیو گەلی تورکمان لە هەولێر؟ ئەگەر تورکمانەکان دەنگیان بە لیستەکەی داو لیستەکەی بوو بە لیستی دەسەڵات؟ پرۆژەکە پرۆژەیەکی باشە، هەرچەندە تێرو تەسەل نییە دەرهەق بە گشت ئاواتەکانی تورکمان، بەڵام پرۆژەیەکی باشەو دەتواندرێت وەک پرەنسیپ قبوڵ بکرێتو شیاوی گفتوگۆکردنە، دەتوانرێت ئەم پرۆژەیە لەکاتی پراکتیککردنیو گفتوگۆکردن ببێت بە پرۆژەیەکی نایاب.

# گۆڕان دەستیپێکردووە

**کارمەند ڕەسوڵ باخەوان**

یەکێک لەو پێشکەوتنە سیاسیانەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت، دروستبوونی هێزی سێیەمە کە لەلایەن بەڕێز کاک نەوشیروانەوە ئاراستە دەکرێت، بە دروشمی چاکسازیی سیاسیو ئابووریو سەروەریی یاساو کاراکردنی پەرلەمانو کارکردن بۆ لەناوبردنی گەندەڵیو شەفافیەت لە داهاتیو بەموئەسەساتکردنی حکومەتو نەهێشتنی هەیمەنەی حیزب... هتد، حەقە ئێمە ڕێز لەو کەسایەتیەو ئەو دروشمانە بگرینو سووربین لەسەر گۆڕانکاریی لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتداو پشتگیریی بکەین، چونکە لەوپەڕی ئەو دەسەڵاتە نایاساییو تایبەتیو مادیانەی کە حیزبی کوردی بۆ سەرکردەی دابینکردووە لە بەرامبەر بێدەنگبوون، بەڵام هەموو ئەمانە ڕەتدەکاتەوەو داوای گۆڕان لە بەڕێوەبردنی حکومەتو چاککردنی ژیانی خەڵکی کوردستان دەکات بەشێوەیەکی یەکسان کە بێدەنگبوون لێیان، وڵات بەرەو دواوە دەبات. یەکێکی دیکە لەو دەستکەوتە سەردەمیانەی کە پێشکەشی کردووە، جیاواز لەو سەرکردانەی کە مەرجی سەرەکیان بۆ پێگەی سیاسییانو سەرکەوتنیان دروستکردنی کۆمەڵێک هێزی چەکدارە، کە بەدوای خۆیانداو بەشێوەیەکی نایاسایی جیاواز لەم بۆچوونە، لە یەکەم هەنگاودا دروستکردنی کۆمپانیای وشەیە کە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئازادەو کەمترین جار خۆی تێدا دەبینینەوە، بەپێچەوانەوە کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆشنبیرو پرۆفیشناڵ بەڕێوەی دەبەن، کە لە ئەمڕۆدا گەورەترین خزمەت بە کۆمەڵگای کوردی دەکات، بە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانەوە لە ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییان بەدەستبردن بۆ ئەو چەقبەستووە سیاسیو ئەو پرسیارە گرنگانەی کە تا ئەمڕۆ بێوەڵامن، کە حیزبی کوردی بەسەر ئەم هەرێمەدا دایهێناوە، بەڵام بە پێشکەشکردنیو هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بە بەرنامەو ڕاپۆرتی بەهێز بەشێوەی بینراوو نووسراوو نیشاندانی دیاردەکان، کە هەر خودی هاوڵاتی خۆی قسەی لەسەر دەکات، لە هەمانکاتدا تەکانێکی بە حکومەت داوە بۆ بەخۆداچوونەوە هەتا بەدواداچوون دەکات بۆ کەموکوڕییەکان بەشێوەیەکی سنووردارو بریقەدار، وتنی ڕاستییەکان بە بەڵگەوە نابێتە تێکدانی ئەزموونەکە ئەگەر قورسترین قسەش بێت، بەپێچەوانەوە نیشانەدانو شاردنەوەی لە خەڵکی کوردستان، ئەزموونەکە بەرەو دواوە دەبات، ئەگەرچی تائێستا کاک نەوشیروان بەرنامەکەی ڕانەگەیاندووە، بەپێی ئەو بەرنامە ئیلتیزامە یاساییەی کە لەسەریەتی، بەڵام دەرگای کراوەیە بۆ زۆرترین پشتگیرییو پێشنیاز کە لەلایەن خەمخۆرانو ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسە ئازادەکانەوە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە ئاراستە دەکرێت، ڕێزیش لەم بۆچوونانە گیراوەو ئیشی لەسەر دەکرێت، چونکە گۆڕان خواستی هەموومانە.

بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان گۆڕان بە بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی خۆیان بزانن و داکۆکی لێبکەن، نەک بێدەنگبنو گوێ بگرن لەو قسە بەسەرچوو و تۆمەت بەخشینەوەو شاردنەوەی کەموکوڕییەکان گۆڕان لەناخیدا هەڵتەکێنێت.

**بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان گۆڕان بە بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی خۆیان بزانن و داکۆکی لێبکەن، نەک بێدەنگبنو گوێبگرن لەو قسە بەسەرچوو و تۆمەت بەخشینەوەو شاردنەوەی کەموکوڕییەکان گۆڕان لەناخیدا هەڵتەکێنێت**

ئەوەی لەم نووسینەمدا باسمکرد، بەشێوەیەکی کردارییی ئیشی لەسەر کراوەو ڕەنگدانەوەی هەیە بە سوودی خەڵکی کوردستان، لە ئێستادا کاروانەکە دەستیپێکردووەو بە پشتگیریی هەموومان وڵات بەرەو گۆڕانە ئیتر بۆ نادیارە.

## گروپی کۆمپانیاکانی یعقوب

بازرگانی گشتی
هاوردە و ناردنی موادی بیناسازی
( شیش و چیمەنتۆ)

YAAQUB GROUP COMPANY

Contact
07701525900
07701520338
07701558582
0533285807
0533285808
fax:
00964 533285807
www.yaaqubgroup.com
E.mail:
info@yaaqubgroup.com
yaaqub.company@yahoo.com

Iraq - Zaxo
07501145391
07507141167
07507141168

سلیمانی - شەقامی مەلیک محمود (60) مەتری نزیک کۆلێژی بنەڕەتی
زاخۆ - ڕێگەی ابراهیم خلیل - موعق تجاری توسینکەی ژمارە (80)



NEW Sirwan
Mineral Spring Water

زیاد لە 25 ساڵ ئەزمون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا

## ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان




From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ





nalia CO.

## گوندی ئەڵمانی دوو

پاکترین ژینگە لەبەرزترین جێگا
قەشەنگترین شوێنی نیشتەجێ بوون

پاش ئەنجامدانی پرۆژەی گوندی ئەڵمانی‌و پرۆژەی کوردسیتی، کۆمپانیای نالیا مژدە دەدات کە پرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوو دەستی پێکرد.

ئێستا بەدڵی خۆت باشترین جێگەو ڕوو لەپرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوو هەڵبژێرە تا دوارۆژ وەک گوندی ئەڵمانی یەک لەدەستی دووی نەگریتەوە.

شوقەی 145م² بەقیستی پێنج ساڵ‌و بە $80000
شوقەی 220م² بەقیستی پێنج ساڵ‌و بە $120000

بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەکیان بچێتە سەر

ئەم پرۆژەیە لە 320 شوقەو 104 ڤێلا پێکهاتووە.

لەڤێلاکانی پرۆژەی گوندی ئەڵمانی دوودا مەلەوانگەو ساوناو شوێنی بلیاردو شوێنی وەرزش‌و باخچەی گەورەی تێدایە.

ڤێلاکان لە سێ نهۆم پێک دێن، بەم ڕووبەرانە:

1410م² 750م² 550م² 360م²

ناونیشان:
تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گمرەکی توی مەلیک

بۆ پەیوەندی:
لەنۆرماڵەوە: 5700 لەموبایلەوە: 0535700
07701574880 - 07501574880

www.naliagroup.com


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

# کۆمەڵایەتی
ڕۆژنامە
٨ لاپەڕە

komalayati.rozhnama@gmail.com
سێشەممە 2009/5/19
ژمـارە (471)




**د. محەمەد ئەمین:**
**ڕاوێژکارە تەندروستییەکان بەرپرسیارن لە تێکچوونی باری تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا** ل٦



## گوێگرتن لە موزیک مەترسییەکانی توشبوون بە جەڵتە کەمدەکاتەوە
ل٣

## ژیان لە پایزی تەمەندا
ل٤،٥



# قوربانیانی شەڕی ناوخۆ داوادەکەن قەرەبوو بکرێنەوە

**باوکی سێ قوربانیی:**

# منداڵەکانم لەبەردەمی دەرگا یارییان دەکرد کاتێک تۆپبارانکراین

**بەرهەم عومەر**

لەنووسراوێکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو سەرۆکایەتی پەرلەمانو وەزارەتــی شەهیدان کراوەووێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، کەسوکاری (١١) قوربانی شەڕی ناوخۆ داوا دەکەن مافیان لەوە زیاتر نەخورێتو قەرەبووی خوێنی ئەو منداڵانە بکەنەوە، کە لە تۆپبارانێکدا بۆ هەردوو کۆمەڵگای (شاوەیسو قەسرێ) شەهیدو کەمئەندام بوون.

لیستی ئەو قوربانییانەی لەنووسراوەکەدا ئاماژەیان پێکراوە لەنێوان (١٩٩٤/١٢/٢٤ بۆ ١٩٩٦/٨/١٧) شەهیدو برینداربوونو تەمەنیشیان لەنێوان (٣-١٢) سالیدایەو سەرجەمیان لەناو ماڵەکانی خۆیاندا لەکاتی تۆپبارانکردنی کوێرانەی یەکێک لەهێزە شەڕکەرەکاندا بەرکەوتوون، تائێستاش قەرەبووی ئەو خێزانانە نەکراوەتەوە، تەنیا مووچەیەکی شەهیدانەیان بۆ دیاریکراوە.

فەیسەڵ حەسەن، باوکی (سەفین)ی تەمەن ٩ساڵ، کە لەکۆمەڵگای شاوەیس لە(١٩٩٥/٧/١١) لەکاتی تۆپبارانکردندا گیانی لەدەستداوە، داوایکرد، هێزە شەڕکەرەکان بەتایبەتی ئەو لایەنەی تۆپبارانەکەی ئەنجامداوە قەرەبووی ئەو تاوانە بکاتەوە، کە بەرامبەر بەمنداڵانو ژنو خەڵکی سیڤیل ئەنجامیانداوە لەکاتی ئەو شەڕەدا.

فەیسەڵ لەگەڵ بەشێکی دیکە لەکەسوکاری قوربانییانی ئەو شەڕەدا، چەند جارێک هەوڵیداوە لەڕووی یاساییەوە قەرەبووی ئەو زیانەیان بۆ بکرێتەوە کە پێیان گەشتووە لەکاتی ئەو شەڕەدا، بەڵام بێسوود بووەو بەدووریشی نەزانی، ئەگەر ئەمجارەیان بێئەنجامبێتو ئەو لایەنە باڵایانە بەدەنگ داخوازییەکانیانەوە نەچن سکاڵا تۆمار بکات لەدادگای باڵای نێودەوڵەتی.

ماڵی فەیسەڵ دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆمەڵگای شاوەیسو بارەگای سکرتاریەتی یەکێتی (٣٠٠) مەتر دوور بووە لەماڵیانەوەو خەڵکی ناوچەکەش هیچ بەشدارییەکیان لەو شەڕەدا نەبووە، کاتێک تۆپبارانکراونو منداڵەکانیان بوونەتە قوربانیی.

لەبەشێکی دیکەی نووسراوەکەدا داواکراوە ئەو منداڵانەی لەوڕۆژانەدا کەمئەندام بوونو بەشێک لەجەستەیان لـەدەسـتـداوە، وەکو کەمئەندامان ئەژمار بکرێنو لەمافە یاساییەکانی خۆیان بێبەش نەکرێن.

جەلال عەبدوڵڵا، باوکی نیشتمانی تەمەن (١٠ساڵ)، کاوە (٧ساڵ) کە لەڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٤ لەکۆمەڵگای شکارتە گیانیان لەدەستداوەو یەکێک لەکچەکانیشی بەناوی کوێستان (١٣سـاڵ) لەهەمان تۆپباراندا کەمئەندام بووە، بەڕۆژنامەی راگـەیـانـد: لەکاتێکدا برینی لـەدەسـتـدانو کەمئەندامبوونی منداڵەکانم هێشتا ساڕێژ نەبووە لەنێو خێزانەکەمدا، بەڵام پشتگوێخستنو قەرەبوونەکردنەوەیان هێندەی تر ئازار بەخشە بۆ ژیانیان.

جەلال کە لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی ئەوقافە لەڕاپەڕین، وتی: «نامانەوێت لەوە زیاتر بێدەنگبین لەوزیانە گیانییەی ئێمە لەو جەنگەدا بەرمانکەوت، لەکاتێکدا ئێمە بێدیفاع بووینو منداڵەکانم لەبەردەمی ماڵەکەمدا یارییان دەکرد کاتێک تۆپێک لەبەردەمی ماڵەکەماندا تەقییەوە».

ئـەو بـاوکـە داواشـیـکـرد، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ ئەو تاوانە بکرێتو بەرپرسی ئەو هێزانەی بڕیاری تۆپبارانکردنەکەی دابوو، بدرێت بەدادگاو بەپێی یاسا سزا بدرێت.

www.netewe.com

# پسپۆڕێکی دەروونی:

# گوێگرتن لە موزیک مەترسییەکانی توشبوون بە جەڵتە کەمدەکاتەوە

نیان مەجید

**موزیک لـەلای هەندێک لە پسپۆڕە دەروونـیـیـەکـان وەکـو چـارەسـەرێـک بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو کەسانەی باری دەروونییان ناجێگیرە، ئەوەش رەنگیداوەتەوە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی رۆژانەیاندا لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیاندا، یان زۆرجار بۆ ئارامکردنەوەی هەڵچوونە دەروونییەکان، گوێگرتن لە موزیک بەشێک بووە لە میکانیزمی کۆنترۆڵکردنی باری دەروونیی مرۆڤ.**

**د.نەشمیل رەسوڵ حەمەئەمین، پزیشک و چارەسازی بواری دەروونـی، لەم دیـدارەدا ئاماژە دەدات بە کاریگەرییە زانستییەکانی موزیک لەسەر لایەنی دەروونـی مرۆڤ و هێورکردنەوەی دەروونیی.**



**رۆژنامە: هونەری موزیک دەکرێت وەکو چارەسەرێک تێی بڕوانرێت؟**

* هونەر بەتایبەت موزیک لە هەموو زەمەن و کلتوورێکدا، هێورکەرو ئارامبەخش بووە. مرۆڤ گوێ لە موزیک دەگرێت بۆ بەدەستهێنانی پشووی دەروونی و تەرکیزکردن، خاوبوونەوەی جەستە، بەئاگابوون و گەڕان بەناو خوددا.

گوێ لە موزیک گرتن، دەکرێت ئارامبەخش بێت یان مێشک هیلاک بکات بەپێی ئەو موزیکەی کە گوێی لێدەگرین، هەڵبژاردنی موزیکی تایبەت بە تاک، کارێکی گرانە و زۆربەی خەڵک گوێ لە موزیکێک دەگرن کە پێیان خۆشە نەک کە پێی سوودمەندبن، بەڵام گوێگرتن لە موزیکە فۆلکلۆری و میللییەکان بەشێوەیەکی گشتی گوێگر هێمن دەکەنەوە.

سروودو گۆرانییە رۆحانی و سۆفیگەرییەکان لەهەموو ئایینە جیاوازەکان و راهێنانە رۆحییەکان و یۆگادا بەکاردێن بەمەبەستی ئارامکردنی دەروون، تەرکیز کۆکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆحانیەت، لە سەردەمانی زووشەوە، پزیشک و زانا دەروونناسەکان هەستیان بە گرنگیی موزیک کردووە بۆ چارەسەرکردنی دەروونی و جەستەیی، زانای ئیسلام (فارابی) لە یەکێک لە نووسینەکانیدا باسی موزیکی کردووە وەک چارەسەرێکی رۆحی، لە سەدەی حەڤدەدا (رۆبێرت بێرتن) باسی لە کاریگەریی موزیک کردووە وەک چارەسەر بۆ هەندێک نەخۆشیی دەروونی، وەکو (میلانکۆلیا) کە جۆرێکی توندی نەخۆشیی خەمۆکییە.

لە جەنگەکانی یەکەم و دووەمـی جیهانیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بەریتانیا، بۆ یەکەمجار موزیک وەک چارەسەر بەکارهات و دەرکەوت کە کاریگەریی باشی هەبوو لەسەر خێرا چاکبوونەوەی سەربازە بریندارەکان و یارمەتیدەر بوو بۆ هێوربوونەوەو باشتربوونی باری دەروونیی سەربازەکان.

لەساڵانی چلەکانی سـەدەی رابـردوودا لە وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، موزیک بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بەکاردێت بۆ چارەسەری هەندێک نەخۆشیی دەروونی و جەستەیی، ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کەسانێک کە خوێندنی تایبەت بە چارەسەر بە موزیک دەخوێنن، بەم کارە هەڵدەستن.

ئەم چـارەسـەرە پێکهاتووە لە گوێگرتن لە موزیک و خاوبوونەوەی جەستەیی، یان بەشدارییکردن بە گۆرانی وتن یان ئاواز ژەنین، نووسینی لیریکی گۆرانی یان لێکدانەوەی موزیک و گۆرانی، ئاواز ژەنین یەکێکە لەو رێگایانەی کە بەکاردێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو دەرکردنی فشارە دەروونی و جەستەییەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان دەروون و جەستەدا، باشتروایە کە ئەم چارەسەرە لەگەڵ چارەسەری دەروونی یان چارەسەر بە دەرماندا بەکاربهێنرێت.

**رۆژنامە: موزیک چۆن کاریگەریی لەسەر جەستەو دەروونی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت؟**

* لێکۆڵینەوەکان کاریگەریی موزیکیان لەسەر شەپۆلەکانی مێشک پیشانداوە، ئەو موزیکانەی کە تۆنی بەهێزیان هەیە، شەپۆلەکانی مێشک بەهەمان ریتمی تۆنی موزیکەکە دەجوڵێنن، موزیکی خێرا دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی تەرکیز و وریایی، موزیکی خاویش مێشک هێمن دەکات و دەیباتە باری تێڕامانەوە، ئەم کاریگەرییە باشانە پاش وەستانی موزیکەکەش بەردەوام دەبێت.

گوێگرتن لە موزیک، بارێکی پۆزەتیڤ دەبەخشێت بـە دەروون و یارمەتیدەرە بـۆ کـەمـکـردنـەوەی دڵتەنگی و دڵـەڕاوکـێ، یارمەتیی تاک دەدات بۆ بەهێزکردنی توانای رووبەڕووبوونەوەی فشارە دەروونییەکان و زۆربوونی ئومێد بە ژیان و کارابوون.

هەروەها گوێگرتن لە موزیک و کاریگەرییەکانی لەسەر جەستە، وەک هەناسەدان و لێدانی دڵ خاو دەبێتەوە، فشاری خوێن کەمدەکات، هەروەها مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی وەک جەڵتەی دڵ و دەمـاخ کەمدەکاتەوە، کرژیی ماسولکەکان کەمدەکات و ئاستی بەرگریی لەش بەرزدەبێتەوە. ئێستا موزیک بە یەکێک لەو هۆکارانە دادەنرێت کە یارمەتی بە تەندروست مانەوە دەدات.

**رۆژنامە: کەواتە چۆن سوودەکانی موزیک دەستنیشان دەکەیت؟**

* چارەسەرکردن بە موزیک ئەم کاریگەرییانەی دەبێت لەسەر مرۆڤ: بەتوانابوونی کۆمەڵایەتی و باشتر دەربڕینی هەستەکان، زیادبوونی توانای تەرکیزکردن، کەمبوونەوەی فشارە دەروونی و جەستەییەکان، باشبوونی یادەوەریی، کەمبوونەوەی ئـازار، کەمبوونەوەی گرفتە خووڕەوشتییەکان، باشتربوونی ئاستی زانستی و کۆمەڵایەتی لەکاتی کارکردندا، بەرەوپێشچوونی رۆحانیی و بەهێزبوونی جەستەیی.

**رۆژنامە: بەشداریکردن لە کۆنسێرتی موزیک و گۆرانی، چ جیاوازییەکی هەیە لە گوێگرتن لە موزیکێکی تۆمارکراو؟**

* وەک باسمانکرد گوێگرتن لە موزیک، ئارامیی دەبەخشێت، لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا دەرکەوتووە کە گوێگرتنی راستەوخۆ لە موزیک و گۆرانی لە کۆنسێرت و ئۆپێراکاندا، کاریگەرتر و سوودمەندترە.

ئەو کەسانەی کە دەچنە کۆنسێرتەکان یان زۆر گوێ لە موزیکی هێمن دەگـرن، لەڕووی دەروونییەوە ئارامترن، لەکاتی تووشبوون بە هەندێک باری دەروونیی نادروستدا، زیاتر سوودمەند دەبن بە چارەسەری موزیکی.

**رۆژنامە: رێنماییە زانستییەکان چین بۆ شێوازی گوێگرتن لە موزیک؟**

* چەند رێنماییەک هەیە بۆ گوێگرتن لە موزیک، بۆئەوەی مرۆڤەکە سوودی لێوەرگرێت لە کەمکردنەوەی ماندووبوونی رۆژانە و لە بارێکی هێمندا دابنیشێت یان پاڵبکەوەو بۆ ماوەی (٢٠) خولەک گوێ لە موزیکێکی هێمن بگرێت، بە گشتی رێنماییەکانم لەم چەند خاڵەدا کورتدەکەمەوە:

- موزیکێکی هێمن و خاو هەڵبژێرە، ئەو موزیکانەی کە یان ریتمێکی دووبارە یان بازنەییان هەیە، بۆ زۆربەی خەڵک گونجاون.
- کاتێک کە گوێت لە موزیکەکە گرتووە، رێگابدە داگیرت بکات و هیلاکیی رۆژەکەت بشواتەوە، تەرکیزبکەرە سەر هەناسەت، تا هەناسەدانت خاوو قوڵ و رێک دەبێتەوە. تەرکیزبکەرە سەر بێدەنگیی نێوان نۆتەکانی موزیکەکە، بەمەش باشتر خاودەبیتەوەو پشوو دەدەیت و دووردەبیت لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی موزیکەکە.
- ئەگەر پێویستت بە جوڵە و وزە بوو، باشتروایە کە موزیکێکی خێرا بەکاربهێنیت.
- ئەگەر لە بارێکی دەروونیی هیلاکدابوویت، گـوێ لە موزیکێک بگرە کە پێی ئاشنایت، وەک موزیکێک کە لە منداڵیدا گوێت لێگرتووە، هەندێکجار ئاشناییەکە هێمنت دەکاتەوە.
- لەکاتی پیاسەکردندا، گوێ لەو موزیکانە بگرە کە حەزت لێیانە، لەگەڵ تۆنی موزیکەکەدا هەناسە وەربگرەو هەناسە بدەرەوەو رێگابدە موزیکەکە لەگەڵ خۆی بتبات. وەرزشی رۆشتن و گوێ لە موزیک گرتن و خەیاڵبردنەوە، باشترین هێمنکەرەوەو فشار لابەرە.
- گوێگرتن لە دەنگە سروشتییەکان وەک دەنگی شەپۆلەکانی دەریا، یان بێدەنگیی دارستانێکی کپ، (١٥- ٢٠) خولەک پیاسەکردن لەمجۆرە شوێنانەدا، هیلاکی و فشارە دەروونییەکان کەمدەکاتەوە، دەشتوانرێت بە کاسێت گوێ لەم دەنگانە بگیرێت ئەگەر دووربوو لە شوێنی کارو حەوانەوەوە.



لە رۆژی جیهانی موزیکدا لە گرتووخانەی محەتە موزیسیانێک ئاوازێک پێشکەش دەکات

# منداڵانی عێراق لەبەردەم بازرگانیپێکردن‌و مردنداندا

ئارام شێخ وەسانی
هەولێر

## توندوتیژییەکان‌و مەترسییە دەروونییەکان بەسەر منداڵان

لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەمساڵدا، وەزیری مافی مرۆڤی عێراق، وجدان سالم بە رۆژنامەی ئەلزەمانی راگەیاند: بارودۆخی منداڵانی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣-ەوە بەرەو خراپی رۆیشتووەو بەهۆی کردەوە تیرۆریستییەکانەوە رۆژانە منداڵان دەبنە قوربانیی. هەروەها هــەزاران منداڵ لە بارودۆخێکی نائاساییدا دەژین، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانیش ئاماژە بە دیاردەی بازرگانیکردن بە منداڵانی عێراقەوە دەکەن.

جگە لەوەی کردە توندوتیژییەکان کە لە عێراق روودەدەن، کاریگەریی خراپی دروستکردووە لەسەر دەروونی منداڵان، هەروەها بە هەزاران منداڵ بێ دایک‌و باوک ماونەتەوە.

بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی کە لەلایەن پزیشکێکی لێکۆڵەرەوە ئەنجامدراوە بەناوی حەسەن علوان لە بەغدا، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش لەو وۆرکشۆپێکدا لە پارێزگای بابل ئاشکراکرا، ئەو لێکۆڵەرە کە پسپۆڕی نێودەوڵەتییە لە چاودێریکردنی منداڵاندا، رایگەیاند: بەهۆی ئەو کـردەوە توندوتیژییانەی رۆژانــە لە عێراق روودەدەن، منداڵان تووشی گرفتی دەروونــی بوون، شەوانە خەوی ناخۆش دەبینین، هەروەها تووشی هەڵچوون‌و ناجێگیریی باری دەروونی هاتوون.

لە بەشێکی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەکراوە بە دوارۆژی ئــەو منداڵانە، بەوپێیەی «لە داهاتوودا ژیانیان لەگەڵ ئاسەوارە خـراپـەکـانـی جـەنـگ بـەسـەردەبـەن‌و کەسایەتییەکی ناجێگیریان دەبێت»، هەروەها وەزیــری مافی مرۆڤی عێراق ئەوەشی خستووەتەڕوو بۆ رۆژنامەی ئەلزەمان کە هەست بەو مەترسیانە کراوەو پێویستە رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆئەوەی مـنـداڵان لە گـرژیـی‌و توندوتیژییەکان بپارێزرێن.



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

## بازرگانیکردن بە منداڵان

لەم مانگەدا رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی راپۆرتێکی بڵاوکردەوەلەسەر رەوشی منداڵانی عێراق، لە راپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە بازرگانیی کڕین‌و فرۆشتن بە منداڵان دەکرێت، «لەگەڵ ئەوەی وڵاتان سەرگەرمی باسکردنی مافەکانی مرۆڤ‌و منداڵانن، بەڵام ساڵانە لە عێراق (١٥٠) منداڵ دەفرۆشرێن».

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەی گاردیاندا هاتووە، کە چەندین باندی تایبەت بەو کارە لە عێراق دروستبوون بۆ بازرگانیکردن بە منداڵان، هەروەها ئەو منداڵانە بەشێکیان بۆ گرتنەخۆو بەخێوکردن‌و بەشێکی دیکەیان بۆ کاری لەشفرۆشی بەکاردەهێنرێن، هەروەها بەشێک لەو منداڵانە دەنێردرێنە دەرەوە بەتایبەت بۆ وڵاتەکانی سوریاو ئوردون‌و تورکیاو چەند وڵاتێکی دیکە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتە لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانیدا، حکومەتی عێراق کەوتە لێکۆڵینەوەو وتوویژ سەبارەت بەم دیاردەیە، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوابەدوای راپۆرتەکە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان سەبارەت بەم باسە ئەنجامدا.

عومەر عەلی، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و بەشداربوویەکی وۆرکشۆپەکە، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لە پەرلەمان وەک لیژنەی مافی مرۆڤ ئەو بابەتە بەهەند وەردەگرین، بە مەترسییەکی گەورەش سەیری دەکەین، لـە کـۆبـوونـەوەی لیژنەکەشمدا ئـەوە دووپاتکرایەوە کە پێویستە بە هەموو جۆرێک رێگا بگیرێت لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنی دیاردەی کڕین‌و فرۆشتنی منداڵان.

عەلی بەپێویستی زانــی حکومەت تەواوی هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆئەوەی دەستەبەری ژیانی خێزانە هەژارەکان بکات‌و هەروەها دەستەبەری کۆمەڵاتی بۆ خەڵک دابین بکات، ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوابوو، ئەگەر رێگریی لەو بابەتە نەکرێت، ئەوا وەک مەترسی ئەو دیاردەیە کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگا، بۆیە پێویستە بە هەموو لایەکەوە بەرەنگاربببینەوە لەگەڵ بازرگانیکردن بە منداڵانەوە.

# دوای کۆکردنەوەی (١٥٠٠) واژۆ، سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان دادەمەزرێت

# بەرپرسی راگەیاندنی سەندیکاکە: مامۆستایانی زانکۆ چاوەڕوانی وەڵامی وەزارەتی ناوخۆ دەکەن بۆ پێدانی مۆڵەتی سەندیکاکەیان

ئاوارە حەمید
مەریوان مەلا حەسەن

**مامۆستاکانی زانکۆو پەیمانگاکان هەوڵدەدەن سەندیکایەکی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، ئەگەرچی ئێستا یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رێکخەرە بۆ کارو چالاکیەکانی ئەو مامۆستایانە.**

**لەنێو زانکۆو پەیمانگاکاندا نزیکەی (١٥٠٠) مامۆستا واژۆیان لەسەر ئەو داوایە کردووە، کە بڕیارە لەئایندەیەکی نزیکدا حکومەتی هەرێم وەڵامی ئەو داوایە بداتەوە، کە لەمانگی رابردووەوە پێشکەشکراوەو لەم دیدارەشدا ئەحمەد حەمەدەمین، بەرپرسی راگەیاندنی دەستەی دروستکردنی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان، چۆنێتی دروستبوونی بیرۆکەکەو پێویستی سەندیکایەکی لەو چەشنە بۆ رۆژنامە دەخاتەڕوو.**

**رۆژنامە: بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم سەندیکایە بۆکەی دەگەڕێتەوە؟**

• لەمانگی تەموزی ٢٠٠٨ دەستمانکرد بەواژۆ کۆکردنەوە لەنێو مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان بۆدروستکردنی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان، هەرلەو چوارچێوەیەدا توانیمان لەسەرجەم زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێر، سلێمانی، کۆیە، دهـۆک‌و کەرکوک واژۆی زیاتر لـە(١٥٠٠) مامۆستا کۆبکەینەوە، دواتر لەکۆبوونەوەیەک پرۆژەیاسایەکمان گەڵاڵەکرد دوای وەرگرتنی راو سەرنجی مامۆستاکان بۆ تۆکمەکردنی پرۆژەکە بەپاڵپشتی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە٢٠٠٩/٤/٢١ پێشکەش بـەوەزارەتـی ناوخۆمان کـرد چاوەڕوانی وەڵامی وەزارەتی ناوخۆین.

**رۆژنامە: وەک ئاماژەت پێدا توانراوە واژۆی (١٥٠٠) مامۆستا کۆبکەنەوە، ئەو مامۆستایانەی واژۆیـان نەکردووە بەشدارنابن؟**

• مامۆستایانی زانکۆ واژۆی ئەو داوایەیان کردبێت‌و نەیانکردبێت رێکخراوەکە بۆ سەرجەم مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان دەبێت لەئایندەدا بەبێ جیاوازی، کە (٩٠٪)ی مامۆستایان لەگەڵماندان.

**رۆژنامە: ئامانجتان لەدروستکردنی ئەم سەندیکایە چی بوو؟**

• دیارە مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان وایـان پێباشبوو کە سەندیکایەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ بەشداریکردنی ئەم توێژە لەپرسە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکانی هەرێم‌و چارەسەرکردنیان، ئومێدەوارم کە ئەم سەندیکایە جێپەنجەی دیاریشی لەزانکۆو پەیمانگاکاندا هەبێت.

**رۆژنامە: گرەنتی چییە، کە حیزبەکان دەستنەخەنە ناو سەندیکاکە؟**

•ئێمە توانیومانە بێلایەنی خۆمان بپارێزین، هەوڵی ئەوەشمانداوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ نەهێڵین دەستوەردانی حیزب هەبێت، ئەوەش ناکرێت رێگە لەبیرکردنەوەی تاک بگیرێت.

**رۆژنامە: دروستبوونی ئەم سەندیکایە لــەدەرەوەی یەکێتی مامۆستایان چی دەگەیەنێت؟**

• ئێمە نابێت نکوڵی لــەوە بکەین، کە یەکێتی مامۆستایان مێژوویەکی پڕخەبات‌و تێکۆشانیان هەبووەو، توانیویانە لەماوەی دروستبوونیان خزمەتێکی بەرچاو بەکوردو کوردستان بکەن، بەڵام مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان رێژەیان کەمەو نەماندەتوانی بەتەواویی خزمەت بکەین بەگەڵ‌و مافەکانی خۆمان داوابکەین، بۆیە وامان پێباشتربوو کەسەندیکایەکی تایبەت بەخۆمان هەبێت بیرمان لەدروستکردنی سەندیکای مامۆستایانی زانکۆو پەیمانگاکان کردەوە.



www.nefel.com

# ـــزی تـەمـەنـدا



دیناریان پێدەدرێتو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بکرێت بە (٤٥) هەزار دیناروخانەکە بگوازرێتەوە بۆ بینایەکی فراوانو گەورەتر لە ناوچەی بەکرەجۆ.

نەسرین قادر سلێمان، کارمەند لە خانەی بەساڵاچووان، باسی لەوەکرد، کارگوزارەکان لەچاو پێویستیی شوێنەکەدا زۆر کەمنو وتی: «کێشەمان زۆرە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ بەساڵاچوواندا جیاوازەو زۆرجار وەکو منداڵ بیانوو دەگرنو گۆشەگیردەبنو توانای تێگەیشتنیان کەمیکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە خۆشحاڵین بەوەی کە خزمەتیان دەکەینو ماندوو دەبین لەگەڵیاندا».

ئەو باسی لەوەشکرد، ڕۆژانـە بەنزیکی (٤ بۆ ٥) لەو ئافرەتە بەساڵاچووانە دەشوات کە لەوێن، وتیشی: «دەیانگۆڕینو بەردەوام پاکیان دەکەینەوە»

بەپێی یاسای چاودێریی کۆمەڵایەتی لەساڵی ١٩٨٥، پیاوانی تەمەن (٦٠) ساڵو ژنانی تەمەن (٥٥) ساڵ بە بەساڵاچوو ئەژمار دەکرێن، بەڵام بەپێی سەرچاوە زانستییەکان تەمەنی (٦٥) ساڵی دەستنیشانکراوە وەکو نزمترین ئاست بۆ بەساڵاچوونی مرۆڤەکان.

د.محەمەد عەبدولڕەحمان شێخانی، پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی هەناوو شارەزا لەبواری بەساڵاچوواندا، وتی: «مرۆڤ کاتێک لە تەمەنی (٦٥) ساڵی تێدەپەڕێت، پیریی لە کۆئەندامەکانی لەشیدادەردەکەوێتو تواناکانیان بەرەو لاوازیی دەڕواتو لەگەڵ تێپەڕینی زیاتری تەمەندا کێشەکانی جەستەو دەروونو تێگەیشتنەکان زیاد دەکات»، ئاماژەی بەوەشکرد، ئەوانەی تەمەنیان لە (٨٥) ساڵ زیاتربێت، پێیاندەڵێن پیری پیران.

ئەو دکتۆرە بەپێویستی دەزانێت گرنگیی بە تەندروستیی بەساڵاچووان بدرێتو پزیشککاریەتی تایبەتمەند بە بەساڵاچووان دابمەزرێت، وتیشی: «بۆ ئەوەش پێویستمان بە پزیشکی پسپۆڕو کارمەندی تەندروستی پسپۆڕ هەیە لەبواری خزمەتکردنی بەساڵاچوواندا، هەروەها کارمەندی کۆمەڵایەتیو پسپۆڕی دەروونیی تایبەت بە بەساڵاچووان».

هەروەها د.محەمەد ئاماژەی بەوەشکرد، دەبێت بایەخ بە گیروگرفتەکانیان بدرێت، کە ئەوانیش: گیروگرفتی بینینو بیستنو توانای بیرکردنەوەو گیروگرفتەکانی دڵو سنگو بۆرییەکانی خوێنی ناو مێشکو جومگەو ماسولکەکانو کۆنترۆڵکردنی میزو پیساییە.

ئـەو پـسـپـۆڕەی بــواری بـەسـاڵاچـووان هۆشیارکردنەوەی کەسوکاری بەساڵاچووانی بە گرنگ زانی، بۆئەوەی بەساڵاچووان پشتگوێ نەخرێنو پێداویستییە تایبەتەکانیان بۆ دابین بکرێت.



فۆتۆ: سەرکەوت



فۆتۆ: جەماڵ پێنجوێنی





فۆتۆ: سەرکەوت

# ژیان لــــەپایـــ





**سەرکەوت ئەحمەد**

کەریم عەبدوڵڵا (٧٧ ساڵ)، رۆژانە لەنزیک مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، گوێزانی ریشتاشین دەفرۆشێت، بەڵام بەشێکی زۆری تواناکانی تەرخاندەکات بۆ خۆشاردنەوە لە چاودێرەکانی شارەوانی، کە رێگانادەن «دەستگێڕەکان سەرشۆستەو شەقامە قەرەباڵغەکە داگیربکەن».

کەریم رۆژانــە چەند هــەزار دینارێکی دەستدەکەوێت، وەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات بژێویی خێزانێکی (٣) کەسیی پێ دابیندەکات، کە کچێکی نابیناو هاوسەرێکی بەتەمەنی هەیە، هەروەها وتی: «بەم تەمەنەوە کاردەکەم، شارەوانی ناهێڵێت ئیسراحەت بکەین، لەملاوە دەمانخەنە سەر شەقامو لەولاوە دەمانخەنەوە سەر شۆستەکە، پێماندەڵێن بگەڕێن وەکو ئاشەمەکینە هەر بسووڕێنەوە».

ئەو کاسبکارە بەتەمەنە باسی لەوەکرد، لەماوەی رابردوودا ئەو کارتۆنو گوێزانانەی دەیانفرۆشێت، دەستی بەسەرداگیراوە لەلایەن چاودێرەکانەوە، دواتر (٢٥) هەزار دینار غەرامە دەکرێتو ئاگاداردەکرێتەوە کە نابێت جارێکی دیکە لەوشوێنە ببینرێتەوە، بەڵام کەریم وتی: «لە ناچاریدا هەر کــاردەکــەمو خێزانەکەم چاوەڕوانی دەستی من دەکات».

لە بازاڕو شوێنە گشتییەکاندا رۆژانە چەندین کەمئەندامو پیاوی بەتەمەنو خاوەن پێداویستی تایبەت کاردەکەن، بەوپێیەی ئاستی مووچەو داهاتی تاک لەئاستی دابینکردنی پێداویستیو کەلوپەلەکانی رۆژانەدا نییە، بەشێکی زۆر لەو کەسانە ئاستی خوێندەوارییان نزمەو ناتوانن لە دامــودەزگـا رەسمییو ناڕەسمییەکاندا کاربکەنو هەندێکیشیان خانەنشینن.

سدیق فەرەج (٧٥ ساڵ)، لە شەش ساڵی رابردوودا لە شەقامی مەلیک مەحمود (یەکێکە لەو شەقامانەی لە بازاڕی گشتیی سلێمانیدا زۆرترین دەستگێڕ کاری تێدا دەکات)، گوێزانو شقارتە دەفرۆشێت، وتی: «ئەگەر گوزەرانم باش بێت، ئیشم بەمە چییە؟ هیچ کەسێک حەز بە ماندووبوون ناکات ئەگەر ناچارنەبێت».

سدیق بەباشی زانی شارەوانیو چاودێرانی بــازاڕو قایمقامیەتی سلێمانی، رێسایەکی تایبەت دەربکەن بۆ هاوڵاتییە بەتەمەنو خــاوەن پێداویستییە تایبەتەکانو لە چەند شوێنێکی تایبەتدا رێگایان پێدەن کاربکەنو بێکار دانەنیشن، چونکە گرانییو خراپیی ئاستی بژێویی، چەندین ژنو پیاوی بەتەمەنی کــردووە بە دەرۆزەکــەرو «دەست لە خەڵک پاندەکەنەوە».

ســدیــق وتــــی: «خــەڵــک رێـــز لــە ریشە سپییەکەمان دەگرێت، بەڵام حکومەت ناتوانێت لەئاستی رێزو ئیرادەی کاسپیکردنی ئێمەدا نرخاندنێک بکاتو ئەوەندە لەبەرچاوی خەڵک نەمانشکێنن‌و راوڕاوێنمان پێنەکەن».

هەرچەندە کارکردن بۆ هەندێک لەو پیاوە بەتەمەنانە وەکو خولیایەک وایەو بۆ کات بەسەربردنە، بەوپێیەی حەزناکەن لە ماڵەوە بێکار دابنیشنو کوڕو کچەکانیان پارەیان بدەنێ، هەربۆیە ئەوانیش هاوشێوەی هاوتەمەنەکانی خۆیان راودەنرێنو دەستدەگیرێت بەسەر کەلوپەلەکانیاندا.

حاجی حسێن حەمە رەحیم (٧٥ ساڵ)، یەکێکی دیکەیە لەو دەستگێڕانەی کە باری گوزەرانی خێزانەکەی مامناوەندە، بەڵام بۆ بەسەربردنی کاتو بۆ دوورکەوتنەوە لە بێکاریی، لە ناوبازاڕی شاری سلێمانیدا کاردەکات، وتی: «گوزەرانمان باشە، بەڵام خۆم حەزدەکەم خۆم بە کارێکەوە سەرقاڵ بکەم»، باسی لەوەشکرد، بینینی هاوتەمەنو هاوڕێکانی لە ناوبازاڕدا چێژی پێدەبەخشێتو بە باشتریزانی لە چوارچێوەی ماڵەوەدا دابنیشێتو تێکەڵی هیچ کەسێک نەبێت.

هــەنــدێــکــی دیــکــە لــە بــەســاڵاچــوان توانای کارکردنیان نییە، بەهۆی ئەوەی کەسوکارەکانیان وازیــان لێهێناون یان لە ژیاندا نەماون، پەنایان بــردووە بۆ خانەی بەساڵاچووان (خەڵوەتگەی پیریی)، ژیانی رۆژانەیان لەوێ بەسەردەبەن، هیوایان خواست وەزارەتــە پەیوەندیدارەکان کاریان لەسەر ئەوە بکردایە کارێکی رۆژانەی شایستەیان بۆ بەساڵاچووانی ئەو خانەیە دابین بکردایە، بۆئەوەی زۆر بیر لەو کارەساتو بێکەسییە نەکەنەوە کە رووی تێکردوون.

مەلا عەلی عەبدولقادر، خەڵکی هەڵەبجەی شــەهــیــدەو ئێستا ژیــانــی لــەنــاو خانەی بەساڵاچووانی سلێمانیدا بەسەردەبات، ئاماژەی بــەوەکــرد، مــاوەی (٣) ساڵە لەو خانەیەدا دەژی، لەبەرئەوەی هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووەو کەس نەبووە بیگرێتە خۆیو خزمەتی بکات، جەڵتە لێیداوەو لای راستو هەردوو چاوی کوێر بووە، هەربۆیە روویکردووەتە خانەی بەساڵاچووان.

مەلا عەبدولقادر پێیوایە هەرچەندە لە خانەکەیان رێزێکی زۆریــان لێدەگیرێتو خزمەتی باش دەکرێنو خواردنو جلوبەرگیان بۆ دابیندەکرێت، بەڵام لەڕووی دەروونییەوە ئازار دەچێژنو ناڕەحەتی ئەوەن کە لەناو کەسوکاریاندا ناژینو وتی: «من زوو گوزەرانم باش بووە، زۆریش بۆ کەسوکارم باش بووم، بەڵام ئێستا کە لێم قەوماوە تەنانەت کوڕی خۆشم نایەت بۆ لام».

خانەی بەساڵاچووانی سلێمانی کە لەساڵی ١٩٩٦–ەوە لەشاری سلێمانی دامــەزراوەو دەکەوێتە نزیک باخی گشتیی سلێمانییەوە، ئێستا (٣٧) بەساڵاچووی تێدا دەژی کە لەلایەن کارمەندەکانی ئەو خانەیەوە خزمەتێکی باش دەکرێن، مانگانە هەریەکەیان (٣٠) هەزار



ژماره (471) سێشەممە 2009/5/19
komalayati.rozhnama@gmail.com

# ...ستمی بەرگریی کۆمەڵگا (ئایدزی کۆمەڵایەتی)

١- دابینکردنی مووچە بە ڕێژەی جیاجیاو بە ناونیشانی سەیرو بە دۆزینەوەی بواری سەیر بۆ مووچەپێدانی خەڵک، بەبێ ئەوەی تاکی مووچەخۆر دارێک لەسەر بەردێک دابنێت لە بەرامبەر ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرێت.

٢- بە چەکدارو پۆلیس‌و سەربازکردنی زۆربەی گەنجانی کوردستان لەپێناو وابەستەکردنی ئەو گەنجانەو خێزانەکانیان بە حیزبەوە، پێدانی پلەوپایەی سەربازیی جیاجیا بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی ئەکادیمی‌و توانای سەربازیی‌و پلەی خوێندەواریی.

٣-بە شەهیدکردنی زۆربەی‌و تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ شەهیدی ڕاستەقینە، ئەو وشە پیرۆزەی کە هەموومان لە بەرامبەریدا بە ڕێزو سەرسامییەوە سەرمان بۆی دادەنەواند، ئەویش وشەی (شەهید)ە. بەهۆی ئەو پرۆسەیەی حیزب، ئەو پیرۆزییەی جارانی نەماوەو کاڵبووەتەوە، چونکە هەموو کەس بووە بە شەهید، جگە لەوەی کە ناوی شەهید بە نازناوی جیاجیا وەک (شەهیدی سەنگەرو شەهیدی هاوڵاتی)و چەندین نازناوی دیکە پەیدابوون، تەنیا لەپێناو ئەوەی بازنەی مووچەپێدان‌و کۆنترۆڵکردن فراوانتربێت.

٤- دابینکردنی پارچە زەوی بەبێ ڕەچاوکردنی پێداویستی‌و پلانێکی ڕێکوپێک بۆ فراوانبوونی شارو شارۆچکەکان.

٥- دامەزراندنی خەڵکی نەخوێندەوارو بێ بڕوانامە بە پشتگیریی حیزب‌و پڕکردنی هەموو فەرمانگە حکومییەکان بە لایەنگران‌و ئەندامانی حیزب، لەکاتێکدا زۆربەی ئەوانەی دامەزرێنراون ئەکادیمی نین‌و پێشتر جوتیار یان کرێکار یان دوکاندار یان بازرگان بوون‌و ڕۆڵی خۆیان لە پێشخستنی ئابووریی کوردستاندا گێڕاوە.

من پێموایە ئەم دیاردەیە لە ساڵانی داهاتوودا گەورەترین پشێویی بۆ حکومەتی هەرێم دروستدەکات بەدەستی ئەو کەسانەی لە زانکۆو پەیمانگاکان دەردەچن‌و دانامەزرێن.

لەوکاتەوەی حیزبە سیاسییەکان بەمشێوەیە بەرەوڕووی خەڵک بوونەوە، تێڕوانینی تاکی کوردیش بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەوکاتەوە تاکی کورد دەنگدان‌و هەڵوێستی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی وەک کرێکاریی سەیردەکەن، هەرکاتێک داواکارییەکانی جێبەجێنەکران زویر دەبێت‌و شەق لە سندوقی دەنگدان‌و خاکو نەتەوە هەڵدەدات. لەوکاتەوە کۆمەڵگا هیچ بەرگرییەکی لەبەردەم بەرژەوەندی تاکەکانیدا نەماوەو کۆمەڵگا بووەتە سنوورێکی کراوە لەبەردەم بەرژەوەندیی تاکەکانی، ئەو کۆمەڵگایەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بنیاتی نا، کۆمەڵگای مەزادکردنی ئیرادەو ئازادیی‌و بیرکردنەوەی تاکە، دەسەڵات فێریکردین کێ پارە زیاتر بدات، دەنگو بیرکردنەوەمان دەخەینە ژێر پێی ئەو.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە قوڵایی ناخیانەوە لەو بارودۆخە بێزارن‌و هیواخوازی گۆڕانێکن، بەڵام هیچ یەکێکیان دەستی تێناچێت بەشداریی لەو گۆڕانکارییەدا بکات بەهۆی ئەو بەرژەوەندییەی بۆی دابینکراوە، ئەوەش مانای وایە کە تاکی کورد لە بەرامبەر بەرژەوەندیی تایبەتیدا لاوازو بێدەسەڵاتەو تاکی کوردی بەپێی بەرژەوەندی بەڕێوەدەچێت‌و بڕیاردەدات، نەک بەپێی عەقڵو بیرکردنەوە، دەرئەنجام کۆمەڵگا وەک جەستەیەکی لە سیستمی بەرگریی لاواز، بەرامبەر بەرژەوەندیی تاکەکانی ماوەتەوەو توانای خۆڕاگرتنی نییە لەبەردەم تاکەکانیدا. دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان هەموو بەها تاکییە جوانەکانی وەک ئازادیی بیرکردنەوەو خۆشەویستی خاکو گەل‌و نیشتمان‌و جورئەت‌و ئیرادەو بەها جوانەکانی دیکە، کە کۆی ئەو بەهایانە لە کۆمەڵگادا سیستمی بەرگریی پێکدەهێنن، دژی هەر دەستەو نەتەوەیەک کە مافی نەتەوەییان پێشێل بکات، خستە ژێر پێی بەرژەوەندیی تاکو تەفروتونای کرد، ئەوەیە مانای نەخۆشیی نەمانی سیستمی بەرگریی کۆمەڵایەتی یان (ئایدزی کۆمەڵایەتی)، کە کۆمەڵگای کوردی ئێستا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، کە هۆکاری سەرەکی ئەو نەخۆشییە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانە، ئێستاکە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەیەوێت ئەنجومەنی ئیسناد یان جاشایەتی لە کوردستاندا لەژێر هەر ناونیشانێکدا بێت، بنیات بنێتەوە، جێگای سەرسوڕمان‌و مەترسی نییە، چونکە ژینگەی کوردستان‌و دەوروبەری لەوەتەی مێژووی سیاسیی کورد هەیە، هەمیشە پڕبووە لە بەکتریاو میکرۆب‌و دەستەو تاقمی موئامەرەچی دژ بە مەسەلەی کورد.

ئەوەی جێگای مەترسییە ئەو بارودۆخەیە کە دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە کوردستاندا دروستیکردووە، دەسەڵاتی کوردستان لەوە تێدەگات کە تاکەکان لە بەرامبەر هەر بەرژەوەندییەکدا کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ یان هەر حکومەتێکی دیکە دابینی بکات، لاوازو بێئیرادەن، دەسەڵاتی کوردی هەوڵدەدات بە هەڕەشەکردن‌و چاودێریی‌و ڕێگانەدان، جاشایەتی سەرهەڵبداتەوە، لەکاتێکدا هەر خۆی کۆمەڵگای کوردی کردە کۆمەڵگایەکی لاوازو مۆڵگەیەکی لەبار بۆ پەروەردەبوونی هەرجۆرە خیانەتێک کە ڕوویدات.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بەڕاستی لە خەمی داهاتووی نەتەوەو خاکو کۆمەڵگادا بوایە، نەدەبوو خەڵکی فێری ئەوە بکردایە کە ئازادیی دەنگو ئیرادەو بیرکردنەوەی خۆی بفرۆشێت، دەبوایە داهاتووی گەلەکەی لە کورسیی دەسەڵات بە گەورەتر بزانیایە. ئێستا کە فێری کردووین خۆمان‌و ئازادیی‌و مافی دەنگدانمان بفرۆشین، دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکات کە ڕۆژێک دێت خاکو نەتەوەمان بفرۆشین.

لەبەرئەوە داوا لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان دەکەم کە تا زووە ئەو ڤایرۆسە لەناخی کۆمەڵگای کوردی دەربکێشێت‌و کۆتایی بە بەرژەوەندیی تاکەکەسی‌و مشەخۆریی بهێنێت، چونکە تا ڕۆژێک ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت، زیاتر هەستی بەرژەوەندیخوازی بێ سنوور بەناخی تاکی کورددا ڕۆدەچێت‌و دەبێتە عورفێکی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆحی تاک گەندەڵ‌و گەندەڵتر دەبێت.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان لە سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا دەبێت بەلایەنی کەمەوە چاوەڕوانی ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە بێت:

١- مەسەلەی کوردو فیدراڵی‌و کەرکوکو خاکە نەگەڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، تەنیا دەبنە مەسەلەی کات‌و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەستی دەستییان پێدەکات تا ئەو ڕۆژەی کەمێک خۆی دەگرێت‌و کێشەی ئاسایشی نامێنێت، ئەوسا بە هەڵڕشتنی پارەو بەرژەوەندیی‌و ماڵو سامان هەموو ئەو مەسەلانە دەبنە بلقی سەرئاوو لەماوەیەکی زۆر کورتدا کۆتاییان دێت.

٢- هەر هەرەسهێنانێک لە مەسەلەی کورد لەئێستاداو لەناوچوونی هەر بەرژەوەندییەکی نەتەوایەتی لە داهاتوودا، لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو بەشێک لە تاوانەکەی بەر دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێت.

٣- ئەو بارودۆخە زەبرێکی کوشندە لە کورسی‌و دەسەڵاتیان دەدات، چونکە خۆ ناتوانن هەموو خەڵکی کوردستان بکەنە مووچەخۆر، بۆئەوەی زەمینە سازنەبێت کە خیانەتکارو جاش دووبارە لەناو جەستەی کوردیدا زیندووببێتەوە.



وەرگیراوە بە دەستکارییەوە

# لەبری راوێژکارە تەندروستییەکان دەدوێم

د.محەمەد ئەمین



پێشەکی دەمەوێت لە چەند زنجیرە نووسینێکدا باس لە خزمەتگوزاریی تەندروستی بکەم بەشێوەیەکی راستگۆو شەفاف وەک هاوڵاتییەک، پێش بیرکردنەوەم وەک پزیشکێک، هەوڵدەدەم کێشەکان بخەمەروو بە شێوازێک هەموو لایەنە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەخۆبگرێت، بێئەوەی ئاراستەی لایەنێکی دیاریکراوبێت، هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم پسپۆڕییە بە سنگ فراوانەییەوە ئەم رێبازە بگرنەبەرو ئەنجامی پۆزەتیڤانەی لێبکەوێتەوەو ببێتە هۆیەک بۆ بەرەوپێشبردنی بواری تەندروستی.

## هۆی نووسینی ئەم بابەتە دەگەڕێنمەوە:

١- بۆ نەوەکانمان بسەلمێنم خاوەنی کەسایەتی شارەزای بواری پزیشکیو تەندروستی زۆرین، بەڵام هۆکاری سیاسی لەپشت سستیی سێکتەری تەندروستییەوەیە (وەک سێکتەرەکانی دیکە)، واتە دواکەوتنی سێکتەری تەندروستی لە نەزانینەوە نەبووە، بەڵکو ئێمە خاوەنی گەلێک پسپۆڕی پیشەیی شارەزای بەڕێزین لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم کە دەکرا سوودیان لێوەربگیردرێت.

٢- بۆ هاوڵاتی بسەلمێنم کە نەخۆش لە کۆمەڵگای ئێمە گوناهە، بەڵام پزیشکو دەستە پزیشکییەکە لەو گوناهترە.

٣- لەڕێی ئەم بابەتانەوەو وەڵامدانەوەیان لەلایەن کەسانی شارەزاو دڵسۆز (لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم)، بینای تازەی دامەزراوە تەندروستییەکانمان بکەینەوە بە شێوازێکی شەفافو نوێ، بتوانین بارودۆخێکو کەشێک بخوڵقێنین کە هەستی تەندروستی هاوڵاتی بەرزبکەینەوە.

٤- بۆ جارێکی دیکە متمانەی پزیشکەکانمان لەلای خەڵک تازەبکەینەوەو کۆمەڵگایەکی تەندروست بهێنینە کایەوە.

٥- بتوانین لەڕێی ئەمجۆرە بابەتانەوە دەستبەرداری ئەو سیستمە لاوازە بۆگەنە گرانبەهایە بینو حکومەت هانبدەین بەرەو گۆڕانی سیستمی تەندروستی.

٦- پسپۆڕی تەندروستیو پزیشکانو هاوڵاتی هانبدەین بە کردنەوەی سەنتەرێکی تەندروستی ئیستراتیژی سەربەخۆ، بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی تەندروستیو گرفتەکانو چارەسەرکردنیانو کۆکردنەوەی داتای تەندروستی بۆ دوارۆژ سوودی لێوەربگیردرێت.

٧- بۆ دوارۆژ وەک دۆکیومێنتێک بمێنێتەوە.

## راوێژکارە تەندروستییەکان

سیستمی تەندروستی یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی هەر کۆمەڵگایەک، گۆڕانکارییو نوێکردنەوەو پیادەکردنی کارە خزمەتگوزارییەکان رۆڵی کاریگەری خۆیان هەیە لە وەگەڕخستنی تواناکان، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروستو پێشکەوتوو، هەموو گۆڕانێکیش پێویستی بە پێشەکیو ئامادەباشی هەیە، پێویستی بە پرۆژەیەکی شەفافو دیاریکراوی جیاجیا هەیە، چونکە پێشکەوتنو نوێبوونەوە بە بازو چاولێکەریی، ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە.

تێکچوونی باری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەرشانی هەموومان، بەڵام بە رێژە، بارە گرانەکە دەکەوێتە سەرشانی راویژکارە تەندروستییەکان، وابزانم لە هەموو دنیادا راوێژکاری تەندروستی لە (وەزارەت، ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتییەکان) نزیکن لە شوێنی بڕیار، پەیوەندییەکی باشیان هەیە بەیەکەوە، لەژێر رێنمایی وەزیری تەندروستیدا کاردەکەنو کاریگەرییەکی زۆر باشیان هەیە لە رەوشی تەندروستیی ئەو وڵاتەدا، بە یارمەتیی لیژنەی پزیشکی پەرلەمان کاردانەوەی پێچەوانەیی باشیان دەبێت (feed back mechanism) بۆ بەدواداچوونی گرفتو کێشەکانو چارەسەرکردنیان لە رێگای وەزیری تەندروستییەوە.

ئێمەش وەک وڵاتانی جیهان ئەگەر رێژەی راوێژکارە تەندروستییەکانمان زیاترنەبن، کەمترنین، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی باشیان نەبووە لە رەوشی تەندروستیی کۆمەڵگاکەماندا، لەبەرئەوەی کاریگەرنەکراون (تفعیل نەکراون)، تەنانەت ناشزانین ئەو راوێژکارانە کێن، هەریەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنێت، بەمانای ئەوەی پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، هەریەکە لە رێگای (مرجع) سەرچاوەی خۆیەوە کاردەکات یان نایکات، تائێستا قەڵەمیان نەخستووەتە سەر کاغەز، ئەوەی ئێمە ئاگاداربین لێی هیچ پرۆژەیەکی بەرچاوو گرنگیان پێشکەش بەسەروو خۆیان نەکردووە لە رێگای وەزارەتی تەندروستییەوە، دەبوایە لەئاستی ئەو بەرپرسییە مێژووییەدا بوونایە، دەبوایە سەردانی مەیدانییان هەبوایە بۆ هەموو دامەزراوە تەندروستییەکان بەبێ جیاوازیی، کێشەکانیان دەستنیشانو پۆلێن بکردایە بەپێی کاریگەرییو گرنگیی، چارەی شیاویان بخستایەتە بەردەستی جەنابی وەزیرو دەسەڵات، هیچ نەبوایە مانگانە یەک راپۆرتی پیشەییان لە رێگای وەزیری تەندروستییەوە پێشکەش بە دەسەڵات بکردایە. ئەگەر ئەمجۆرە راوێژکارانەمان هەبوایە، جەنابی وەزیر هیچ لارییەکی نەدەبوو بۆ هاریکاریکردنیانو زۆر لە کارەکانی لەسەرشانی وەزیریان کەمترو سوکتر دەکردەوە.

ئایا ئەگەر لەو راوێژکارە تەندروستیانە بپرسین باری خزمەتگوزاریی پزیشکیو تەندروستیی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ دەبێت وەڵامەکانیان چۆن بێت! بڵێی وەڵامەکانیان لە وەڵامی هاوڵاتییانو دەستەی پزیشکی بچێت (پزیشکو کارمەندی پزیشکیو تەندروستی)! یان ئەوان جۆرە بۆچوونێکی دیکەیان دەبێت، ئایا بۆ وەڵامەکانیان پشت دەبەستن بە چ جۆرە ئامارێک (بەو ئامارانەی کە بە هیچ شێوەیەک بەراوردی خزمەتگوزارە تەندروستییەکان ناکرێت لەگەڵ ئەو برە پارەیەی کە سەرف دەکرێت لەوکارە خزمەتگوزاریانەدا). بەهەرحاڵ ئێمە دەمانەوێت راوێژکارە تەندروستییەکانمان بەڕاستی راوێژکاری تەندروستی بنو کارەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن، ببنە هۆیەک بۆ بەرەوپێشچوونی سێکتەری تەندروستی لە هەرێمەکەمان، لە کۆتاییدا داواکارم لە راوێژکارە تەندروستییەکان ئەگەر بۆچوونەکانم هەڵەن، بۆم راستبکەنەوە.

# نەمانی سی

عەلی قەڵادزەیی

زۆر لە شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی ئەوەیان سەلماندووە کە جەستەی کۆمەڵگا وەک جەستەی مرۆڤێک کە لە چەندین خانەو شانەی بەیەکەوە بەستراوە لەڕووی کارو فرمانەوە پێکهاتووە، بەکۆی کارو فرمانەکانی هەموو خانەو شانەکانی ناو جەستەی کۆمەڵگا، ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچێت، کۆی تێڕوانینەکانی تاک لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا بەشێکە لە پێکهاتەی خانەو شانەکانی ناو کۆمەڵگا، هەر ناتەواوییەک لە تێڕوانینی کۆی تاکەکانی کۆمەڵگا لە یەکێک لە کایە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان، پشێوییەک لەناو ژیانی کۆمەڵگادا دروستدەکاتو کاریگەریشی دەبێت لەسەر ئایندەی تەندروستی کۆمەڵگا، لەبەرئەوە تەبانەبوونی کۆمەڵگاو جەستەی مرۆڤ مەترسیدارترین نەخۆشیی کۆمەڵایەتییەو نەمانی سیستمی بەرگریی کۆمەڵگا بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە من ناویدەنێم (ئایدزی کۆمەڵایەتی).

ئایدز وەک زاراوەیەکی نەخۆشیی زانی (پاسۆلۆجی)، واتە نەمانو لەناوچوونی سیستمی بەرگریی جەستەی مرۆڤێک، بەهۆی هێرشی جۆرە ڤایرۆسێک کە پزیشکانو زانایان پێیانوایە کە خودی ئایدز نەخۆشیی نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ تووشبوونی مرۆڤەکە بە هەموو نەخۆشییەک، خڕۆکە سپییەکانی خوێن رۆڵی بەرگریی دەبینن لە جەستەی مرۆڤێکی زیندوودا، هەر کاتێک بوونەوەرێکی زیندووی وەک بەکتریا یان ڤایرۆس یان هەر زیندەوەرێکی دیکە رێی بکەوێتە ناو جەستەی مرۆڤ، ئەوان دژایەتی دەکەنو لەناوی دەبەن، کەواتە مانەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەندروست، راستەوخۆ پەیوەستە بەو سیستمی بەرگرییەوە، ئەگینا ژینگەو دەوروبەری مرۆڤ هەمیشە پڕن لە نەخۆشیی جۆراوجۆر.

هەرکاتێک خڕۆکە سپییەکانو سیستمی بەرگریی ناو جەستە لەلایەن ڤایرۆسی ئایدزەوە لەناوبرا، ئیتر ئەوکاتە جەستەیەکی بێ پاسەوان دەکەوێتە بەردەستی دەردو نەخۆشییو دەیکەنە وڵاتێکی سەلامەت بۆ گەشەکردنو زۆربوونی زیندەوەرە نەخۆشیی هێنەکان.

لە کوردستانیشدا لەئاستە سیاسییەکەدا، توانرا سیستمی بەرگریی کۆمەڵگای کوردی دەستنیشان بکرێت لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٨دا بۆ خۆنوێکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی ئەو تەنگژە سیاسیانەی دەهاتە پێشەوە، بەوپێیەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە گشتیو یەکێتیو پارتی بەتایبەتی هەستیان بەوەکرد کە چیتر ناتوانن بە پشتبەستن بە شەڕەپەڕۆو هەڵپەپێکردنی خەڵک، بەردەوامیی بدەن بە حوکمو دەسەڵاتی خۆیان، یەکێتیو پارتی بەتەواوی متمانەی جەماوەریان لەدەستدابوو، لەبەرئەوەش کە کوردستان کەوتبووە سەر عێراقو لەلایەن چاودێرانی ناوخۆیو بیانییەوە چاودێریی دەکرا، نەدەکرا بە هەڕەشەکردنو چاوسوورکردنەوە خەڵک بهێننە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، هەربۆیە میکانیزمی نوێیان گرتەبەر بۆ هاندانی خەڵک کە لە هەڵبژاردنەکاندا متمانەیان پێ ببەخشن:



ژمـــارە (471) سێشەممە 2009/5/19
komalayati.rozhnama@gmail.com

# چوار یەکی باخچەی خوێندنگاکان باخەوانیان نییە



کارکردنی قوتابیو مامۆستایان لە باخچەی قوتابخانەکەیان فۆتۆ: سارا

**سارا محەمەد**

بـەهـۆی نـەبـوونـی بـاخـەوان لەقوتابخانەکاندا، بەڕێوەبەرێتی پـەروەردە بڕیاریداوە پـارەی (١٠) ڕۆژ بدات لەساڵێکدا بەو بەڕێوەبەری قوتابخانانەی کرێکار دەگـرن بۆ خزمەتکردنی باخەکانیان، چونکە بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی باخچەی خوێندنگاو قوتابخانەکان، لەشاری سلێمانیدا نزیکەی (چـوار یـەک)ی خوێندنگەو قوتابخانەکانی باخەوانیان نییەو مامۆستاو قوتابییەکان بەکاری باخەوانی هەڵدەستن.

ئەو باخەوانانەی لەقوتابخانەکاندا ڕۆژانە کاردەکەن، ئاماژە بەوە دەکەن، کە کارەکەیان زۆر قورسەو بەتەنیا فریای سەوزکردنی باخو نەمامەکان ناکەون، ئەگەر قوتابیو مامۆستاکانی قوتابخانەکان هاوکارییان نەکەن.

حەکیم محەمەد (٤٠ ساڵ)، باخەوان لەخوێندنگای بـەمـۆی بنەڕەتی، ئاماژەی بەوەکرد، ڕووبەرێکی گەورە لەقوتابخانەکەیان کـراوە بەباخو قوتابخانەکەش تەنیا یەک باخەوانی هەیەو فریای کێڵانو خزمەتکردنی باخچەکە ناکەوێتو وتـی: «بـاری تەندروستیم باش نییە، هەربۆیە ڕۆژانە مامۆستاو کارگوزارو قوتابییەکان هاوکاریم دەکـەن، هەرچەندە کاری ئەوان نییە».

بـاخـەوانو ڕابـەرانـی کشتوکاڵی لەنێو قوتابخانەکاندا سکاڵای ئەوەیان هـەیـە، کـە مـووچـەکـەیـان کەمەو دەرمـاڵـەی مەترسیو ئیمتیازاتی پێویست نایانگرێتەوە، ساڵانە تەنیا ڕێزو سوپاسێکیان ئاراستە دەکرێت کە زۆرجار ئەوەندە دوادەکەوێت هیچ سودێکی نامێنێت.

هـاژە قـادر حـەسـەن، ڕابـەری کشتوکاڵی لەقوتابخانەی بەمۆی بنەڕەتی، وتـی: «مـنو بخەوانێک بـەردەوام سـەرقاڵی خزمەتکردنی باخچەکەمانین، هـەرچـەنـدە ڕۆژانـە پەیینی کیمیاییو دەرمـانـی قڕکەر بەکاردەهێنین، بەڵام مافمان خوراوەو دەرماڵەی مەترسی نامانگرێتەوە».

هــاژە ئــامــاژەی بــەوەکــرد، کە بەڕێوەبەرێتی شەتڵگەو باخچەکان هاوکاریی کەمیان دەکەنو زۆرجار شەتڵو تۆو نەمام لەکاتێکی درەنگدا بەدەستیان دەگـات، یان ژمارەیەکی کەمیان بۆ دابیندەکەن، ئەگەرچی هـاتـوچـۆو مـانـدوبـوونـێـکـی زۆر بەخەرجدەدەین لەوەرگرتنو هێنانیان بۆ قوتابخانە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی بەمۆ، هاوڕابوو لەگەڵ هاژە قادر، لەوەی بەڕێوەبەری باخچەکان هاوکارییان ناکەنو کەمتر بەدەمیانەوە دەچنو لەدەرخستە ساڵانەکاندا بڕێکی کەم بۆ قوتابخانەکەیان دیاریدەکەن، لەکاتێکدا (٣) دۆنم زەوی لەو قوتابخانەیەدا کراوە بەباخچەو ساڵانە پلەی نایاب بەدەست دەهێنێت، لەکاتی هەڵسەنگاندندا.

کەمال مەعروف خدر، بەڕێوبەری قوتابخانەی بەمۆی بنەڕەتی، وتی: «بـەهـۆی ئـەوەی فەرمانبەرەکانم فریای خزمەتی باخچەکە ناکەون، ساڵانە پارەیەکی زۆر لە میزانییەی قوتابخانەکە دەدەم بە کرێکار بۆ خزمەتکردنی باخچەکە، جگە لەوەی کڕینی نەمامو تـۆوی گوڵ یەکێکی دیکەیە لەو خەرجیانەی ساڵانە زۆر لەسەر قوتابخانەکەمان دەکەوێت».

کەمال ئـامـاژەی بەوەشکرد، کە باشتروایە لەکاتی نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی قوتابخانەکاندا گرنگی بەباخچەکان بدرێتو بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو زەوییەکەی خۆڵی بەسوودی تێبکرێتو سیاجو لێواربەندی باشی بۆبکرێت، چونکە کاتێک قوتابخانە لـەوڕووەوە فەرامۆشبکرێت، دواتر قوتابخانەکە ناتوانێت بەو پارە کەمەی هەیەتی باخچەکە ڕێکبخاتەوەو هەروەها وتـی: «داواکـاریـن لەبەڕێوەبەرێتی پەروەردە باخەوانی زیاتر بۆ باخچەی قوتابخانەکان دابمەزرێنێت، یان لەڕێگەی کۆمپانیای تایبەتەوە ئەوکارە ئەنجامبدات».

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی باخچەی قوتابخانەو خوێندنگاکان، لەشاری سلێمانیدا نزیکەی (٢١٤) قـوتـابـخـانـەو بـاخـچـەیـان هـەیـە، بــەڵام تائێستا (٧٠) قوتابخانە باخچەکانیان باخەوانی نییەو زۆرێک لەقوتابخانانەکان کارمەندی باخەوانو سەرپەرشتیارە کشتوکاڵییەکانیان فریای کارەکانیان ناکەون.

عەلی حسێن سەعید، بەڕێوەبەری بـەشـی بـاخـچـەی قـوتـابـخـانـەو خوێندنگاکان، لەبەڕێوەبەرێتی پــەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد، کە لەبەر نەبوونی بـودجـەی پـێـویـسـت، نـاتـوانـرێـت بەگرێبەست کرێکار بگیرێت بۆ قوتابخانەکانو خزمەتی باخچەکانیان بکەن، بـەڵام تەنیا دەتـوانـن کرێی کارکردنی (١٠) ڕۆژی کرێکار بدەن بەو خوێندنگایانەی کرێکار دەگرن بۆ خزمەتکردنی باخچەکەیان.

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەشی خستەڕوو: کە ئەوان ساڵانە تەنیا دەتوانن لەڕێگەی سەرپەشتیارە کشتوکاڵییەکانەوە سەردانی قوتابخانەکان بکەن، ئەگەر باخچەکە خزمەتی باشیکرابوو، سوپاسنامە بۆ بەڕێوەبەرو باخەوانی قوتابخانەکە دەنێرنەوە.



کۆمەڵایەتی
سەرپەرشتیار: بەرهەم عومەر
بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٠٦٥٦٠